# سابات

## گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری وەرزییە

ژمارە (٢و٣)

نیسانی ٢٠٠٦زاییینی، ٢٧٠٦ی کوردی


خاوەن ئیمتیاز

**د. پەخشان سابیر**

سەرنووسەر

**هێمن عومەر خۆشناو**

**ستافی نووسین**

**جەمال نەجاری**

**دەوران محەمەد**

**هۆگر حسین**

نەخشەسازی

**شێرزاد محەمەد**

بەرگ

**ئاسۆ مام زادە**

* ئەو نووسینانەی بە ناوی خاوەنەکانیان بڵاو دەکرێنەوە سابات لێیان بەرپرس نییە.

* ڕیزکردنی بابەتەکان پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە



ئیمێلی سابات sabatgov@yahoo.com

# لەم ژمارەیەدا


– دیمانەیەك لەگەل عەبدول خالق یعقوبی ......................ئا/ جەمال نەجاری ........................ ٣
– ئاڤێســــــتامیراتی کوولتووری و ........................ فەرهاد عزیز خۆشناو ........................ ١١
– ناسینی بابا تاهیری هەمەدانی........................تالب عبدالصمد سەرانی........................١٩
– پاشگری (ستان) لە شیعرە ........................ شێروان حوسێن ........................ ٢٠
– یاخی بوون لە باوك لە دیوانی ........................ هێمن عمر خۆشناو ........................ ٢٦
– زمان لە پەندی کوردیدا ........................هۆشیار نوری لەك ........................ ٣١


## شیعر


– ئێمە دەگەڵ "نا" باریوین ........................ رەسول سوڵتانی ........................ ٣٤
– شەوگاروجەنگەڵ ........................ دەوران محمد ........................ ٣٨
– بـــــــــــا ........................عیماد رسول ........................٤٥
– شـــــــــــار ........................ کریم حیکمەت ........................ ٤٧
– خەونە پەمەییەکان ........................هۆگر حسین قادر ........................ ٤٨
– (................) ........................ عەتا جەمالی ........................ ٥١


## فایلی چیرۆك


– دەستو ئاسمان ........................ دلشاد هیوا ........................ ٥٣
– شکانی سەر خەوێك ........................ ماردین هەڵەبجەیی ........................ ٦٣
– کۆماری حەسحەسە سوورو........................ دلشاد کاوانی ........................ ٦٨
– حولیاکانی شاعیرێکی ........................ جەمال نەجاڕی ........................ ٧٨
– دار ........................ خەبات رەسوڵی ........................ ٨٤
– جیابوونەوە ........................ تحسین خالید ........................٨٧
– مەراق ........................ هیوا أ.عصاف ........................٨٨
–خەم ........................ ئەڤین ئاسۆس........................ ٨٩
– ژوان، چاوەروانی ........................ نوخشە محمد ........................٩٠
– سادقی هیدایەت و دوو گوڵە چیرۆك لە گوڵزارەکانی........................٩١
– جیهانی ئەو دیو تەلبەندەکان ........................و. ئیدریس عەبدوڵڵا ........................١١٣


---


– یەکەمین جار عیراق ناکۆکی ........................ ئامانج نازم ........................ ١٢٢
– ئاریاکان کین ........................ دیار زرار ........................ ١٢٨
– راپەرینی خوێدکارانی ١٩٦٨ ........................و. فرهاد پیربالْ........................ ١٣١


## دەلاقەکانی سابات


– ئایا شکسپیر عەرەب بوو ........................ هاژە نورالدین ........................ ١٣٥
– کلتورو پێشخستنی ........................ زیاد عبدالله ........................ ١٣٨
– شانۆ، تێکستێتی ئەدەبیو.هونەرییە........................ احمد محمد ........................ ١٤١
– کوردستان لە تابلۆیەکی هونەری شیعر ئامێزدا........................ ١٤٣
–نامەیەکی شاکر فەتاح بۆ جەمشید حەیدەری........................١٤٨

## عەبدولخالق یەعقوبی:

**ئەگەر ڕۆشنبیرێك بەر لەوەی باوەڕی بە ئازادی لەکۆمەڵگەی خۆیدا هەبێت، باوەڕی بە ئازادی بەمانا گشتی و فیکری و فەلسەفییەکەی نەبێت، مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆڕێنێ**



عەبدولخالق یەعقوبی

عەبدولخالق یەعقوبی، نوسەرو ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرێکی بە توانای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ساڵی١٩٧٤ لە شاری بۆکان لەدایك بووە، ئێستا مامۆستای زمانی ئینگلیزییەو لەبوارە جیا جیاکانی ئەدەبیات چالاکە، ساڵی٢٠٠٢ لە زمانی ئینگلیزییەوە کتێبێکی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەناوی "رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی" دواتر ئەم بەرهەمانەی بلاّو کردۆتەوە:

ڕێبازی دیکتاتۆرەکان لە نووسینی "ئینیات سیوسیلۆنی"

دەنگی بلوورینی دەق "کۆمەڵێك وتاری ڕەخنەیی"

تەرجەمەی "ماکبێس" ویلیام شکسپیر.

(سابات) بە مەبەستی تیشك خستنە سەر پێناسەی ڕۆشنبیر و کارو ئەرکەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیداو تایبەتمەندی کەسێتی ڕۆشنبیر، ئەم دیدارەی لەگەل بەرێزیاندا سازداوە:

*** چ پێناسەیەکتان بۆ چەمکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە؟**

_ لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ باس لە پێناسەی ڕۆشنبیر بکەین بەگشتی، دیارە ناتوانین سیفەتی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە لامانەوە گرنگ بێ، چونکە ڕۆشنبیر بەر لەوەی هی کۆمەڵگایەکی تایبەت بێت، مانایەکی گشتی و هەمەلایەن لە خۆدەگرێ، جا کەباسی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای کوردیدا بکەین بەر لەوەی مەبەستمان سیفەتی "ڕۆشنبیر بوون" بە مانا

کەواتە کاتێ ڕۆشنبیر هەڵگری ئەو خەمە فیکرییە بێت، دەتوانین باس لەوە بکەین کەئەو خەمە فیکرییانە لەناو کۆمەڵگەی تایبەتی خۆیدا چۆن پراکتیك دەکات. ئەگەر ڕۆشنبیرێك بەر لەوەی باوەڕی بە ئازادی لەکۆمەڵگەی خۆیدا هەبێت، باوەڕی بە ئازادی بەمانا گشتی و بەمانای فیکری و فەلسەفییەکەی نەبێت، مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدۆڕێنێ. ڕۆشنبیر دەشێت سەرەتا لە ئاستی چەمکەکان بە مانای گشتی خۆی لەنگەر بگرێ و لەسەر ئاستی ئەو چەمکە

**ڕۆشنبیر دەنگێکە کە سەرەتا ڕێزی فیکرو مەعریفەو فەلسەفە دەگرێت، دواتر ڕێزی ئەو واقیعانە دەگرێت، کە لە کۆمەڵگەی خۆیدا هەیە کە مەبەستم خوێندنەوەی واقیعەکانە.**

گشتییەکەی بەلامانەوە گرنگ بێ، بە گشتی ئەگەر پێناسەیەك بۆ ڕۆشنبیر بکەین و نەچینە ناو وردەکارییەکانی پێناسە جۆراوجۆرەکانییەوە، لەڕاستیدا کەسێکە کە هەڵگری پرۆژەیەکی فیکری و خوێندنەوەیەکی فەلسەفییەو لەمەڕ ئەو جیهانەی تیایدا دەژی و ئەو مرۆڤانەی کە لە دەوروبەرین یان ئەو کۆمەڵگەی کەتیایدا بەسەر دەبات،

هەمەگیرانە هەڵوەستەی هەبێت.

ئینجا کاتێ کە خوێندنەوەی خۆی لەمەڕ ئەو چەمکە گشتییانە بەدەستەوە دەدات، بۆی هەیە بەشێوەیەکی تایبەت ئەو چەمکانە لە کۆمەڵگەی خۆیدا دابەزێنێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان خوێندنەوەیەکی تایبەت بەدەستەوە بدات. کەواتە ڕۆشنبیری کورد بەر لەوەی بیەوێت بە شێوەیەك کوردبوونی خۆی بسەلمێنێت، دەبێ سەرەتا

لەناو جیهانی فیکرو فەلسەفەو هەڵوەستەی مەعریفییەوە بێتە دەرێ، ئینجا ئەو فیکرو هەڵوێستانەی لەناو کۆمەڵگەی خۆشیدا دابەزێنێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای کوردی بکەین دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیری کورد، سەرەتا کەڵکەڵەی فیکرو مەعریفەی هەیە، کەڵکەڵەی خوێندنەوەی کۆمەڵگەی خۆی هەیە، کەڵکەڵەی ڕەخنەگرتن لەبارودۆخی

**گۆڕانکارییەك کە لەسەر دەستی ڕۆشنبیر بەدیدێت من بە گرنگی دەزانم، چونکە ئەو گۆڕانکارییە لەناو چین و توێژەکانی هەناوی کۆمەڵگەدا بەدیدێت**

هەنووکەیی خۆی هەیەو دواجار کەسێکە لەناو ژان و دەردو مەینەتیە تایبەتییەکانی میللەتەکەی دا دەژیت، با بڵێین ئەو خەمانەی کە مرۆڤی کورد بەخۆیەوە تووشکردووە، لەناو ئەو خەمانەدا دەژیت و خوێندنەوەکەی ڕوو لەدیاردەکانی کۆمەڵگەی خۆیەتی.

بۆنموونە ڕۆشنبیرێکی کورد دەشێت بەجۆرێك لە جۆرەکان باس لە ڕەگ و ڕیشەی ئەنفال بکات، باس لە دەرەنجامەکانی ئەنفال بکات ، باس لە میکانیزمەکانی ڕوودانی ئەنفال بکات، بۆچی؟ چونکە ئەو لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژیاوەو کێشەی ئەنفالی چێشتووەو تەجرەبەی هەیە، بەڵام ڕەنگە ڕۆشنبیرێکی فارس نەتوانێ خوێندنەوەیەکی بۆ ئەنفال هەبێت، بۆچی؟ چونکە ئەو لەو جیهانەدا ژیاوە کە مرۆڤێکی کورد تیایدا دەژی، بەڵام بەڕاستی ئەگەر ڕۆشنبیرێك هەرچەندە کوردیش بێت، بەنیاز بێت کێشەیەك بەناوی ئەنفال بخوێنێتەوە ئەگەر بەر لەوەی مافی مرۆڤی بەلاوە گرنگ نەبێت، مەسەلەی بەقوربانی بوونی نەتەوەیەکی بەلاوە گرنگ نەبێت، دیارە هیچ کاتێك ناتوانێ خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینەی بۆ کێشەی ئەنفال هەبێت، کەواتە دەڵێم: ڕۆشنبیر دەنگێکە کە سەرەتا ڕێزی فیکرو مەعریفەو فەلسەفە دەگرێت، دواتر ڕێزی ئەو واقیعانە دەگرێت، کە لە کۆمەڵگەی خۆیدا هەیە کە مەبەستم خوێندنەوەی واقیعەکانە.

*** ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕۆشنبیری**

**ڕاستەقینە دەبێ هەیبێت، چین و چۆن شیدەکەیتەوە؟**

-لام وایە ڕۆشنبیر دەبێ هەڵگرێ چەند مەرجی سەرەکی بێت، جگە لەو مەرجانە، زۆر مەرجی دیکەش دەتوانین دیاری بکەین.

یەکەم مەرجی ڕۆشنبیر ئەوەیە : کە هەڵگری کەڵکەڵەیەکی فیکری بێت، واتە ڕۆشنبیر کەرەستەیەکی زۆر گەورەو گرنگ کە دەبێ کاری پێبکات، فیکرە، چونکە ئەگەر لەو دەروازە فیکرییەوە نەچێتە ناو جیهانەوە، دیارە مانای ڕاستەقینەی خۆی نەپێکاوە. لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر کەسێکە دەیەوێ جیهان بەمانایەکی نوێتر تەعبیر بکات، دەبێ خاوەنی کەڵکەڵەیەکی فیکری بێت، چونکە تەعبیرکردنەوەی جیهان، تاکە ڕێگەکەی لەسەر دەستی ئەندێشەو هزرە. هەروەها ڕۆشنبیر دەبێ کەسێك بێت بیری کەسانی دیکەش ڕۆشن بکاتەوە. من ئەو بەو کەسە نازانم کە تەنیا خۆی خاوەن بیرێکی ڕۆشن بێت یان هەڵگری کەڵکەڵەیەکی فیکری بێت، دەشێت دواجار لەسەر دەستی ئەو بیرە ڕۆشنەی خۆی، بیری کەسانیتر جا خوێنەرەکانی بێت یان ئەندامانی کۆمەڵگە بێت، ڕۆشن بکاتەوە، بۆیە ڕۆشنبیر دەبێت، ئا بەم جۆرە لێکبدرێتەوە کە تا چەند دەتوانێ لەسەر ئاستی بەرهەمەکانی خۆی ڕۆشنگەری برەو پێبدات.

دووەم: ڕۆشنبیر دەبێت ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت، چونکە کەسێك وەك ڕۆشنبیر کە کەڵکەڵە فیکرییەکەی لە ئاستی خەساربوون (بێ هەڵوێست بوون) نەترازێ و نەچێتە ئاستی ڕەخنەگرانە کە ژیان و دیاردەکانی ژیان و مرۆڤ بەدیدێکی ڕەخنەگرانە بخوێنێتەوە، ئینجا ڕۆشنبیر

> **لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا لەوانەیە ڕۆشنبیر زۆر درەنگ سەر هەڵبدات، ئەگەریش سەرهەڵبدات لەوانەیە خاوەنی پرۆژەیەکی تاکە کەسی بێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی کراوەدا کەهەڵگری چەمکی دیموکراسی و چەمکی ئازادییە، سەرهەڵدانی ڕۆشنبیر ئاسانتر د ێتە ئاراوە.**

لەوانەیە نەتوانێ پرۆژەکەی خۆی کە پرۆژەی بەرهەمهێنانی فیکرەو پرۆژەی بەدەستەوەدانی مەعریفەیە بەئەنجام

بگەیەنێت.کەواتە ڕۆشنبیر بەو مەرجانەی خوارەوە کە لەناوی دابێت پێناسەی قوولی خۆی وەردەگرێت:

١- بەرهەمهێنەری فیکر و خاوەنی کەڵکەڵەیەکی فیکری بوون.

٢- ڕەخنەگرتن لە ئاستی ئەو دیاردانەی ڕۆشنبیر کاریان لەسەر دە کات.

***بەو تایبەتمەندییانەی تۆ باستکرد، ڕۆشنبیر چۆن دەتوانێ لە کۆمەڵگەی خۆیدا گۆڕانکاری پێکبێنێ؟**

- کە باسی گۆڕانکاری دەکەیت، نابێ و ناکرێ زەینی ئێمە بچێت بۆ لای گۆڕانکارییەك کە لە دەرەوەی بازنەی کاریگەرییەتی بیرو بۆچوونەکانی ڕۆشنبیرە، بۆنموونە ئایا ڕۆشنبیر دەشێت لە سەر دەستی بەرهەمەکانی خۆی گۆڕانکاری لە باری ئابووری و ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە پێکبێنێت؟ دیارە ئەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەناو ئەو دوو دیاردەیەدا لە ئارادا نییە یان بۆی هەیە ڕۆشنبیر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، گۆڕانکاری لە شێوەی بڕیاردان لە دەسەڵاتێکی سیاسی بەدیبێنێ. ئەمە ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیەك بێت لەنێوانی ڕۆشنبیرو گۆڕانکاری لە پانتایی دنیای سیاسەتدا.

بەلاّم ئەگەر ڕۆشنبیر لە بارودۆخێکی گونجاودا بەشێوەیەکی تر کە شایەنی پرۆسەیەکی چڕو پڕی ڕۆشنبیری کاربکات، لەوانەیە گۆڕانکاری بەدیبێنێ و گۆڕانکارییەکانیش کەمترگۆڕانکاری سەر ئاستی ئابووری یان ئاستی دەسەلاّتێکی سیاسی دا نەبێت. بۆنموونە ئەگەر ڕۆشنبیری لە ولاّتێکدا بزووتنەوەیەکی ئەوەندە بەرەو پێدراوبێت کە بتوانێ تێفکرین و شێوە تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ مەسەلەی چەمکی مافی مرۆڤ بگۆڕێ، دیارە بەشێوەیەك لە شێوەکان و دواجار لەسەر ئاستی فیکری ئەندامانی کۆمەڵگەدا، لەوانەیە بتەنێتەوەو پەرە بستێنێ و سەرلەبەری کۆمەڵگە بگرێتەوە. دەسەلاّتی سیاسی بەو پێکهاتە ئابوورییەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیەو ئەو گۆڕانکارییە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەیدانەکانی دیکەش بگرێتەوەو ئەنجامی ئیجابی لێبکەوێتەوە.

بۆیە گۆڕانکارییەك کە لەسەر دەستی ڕۆشنبیر بەدیدێت من بە گرنگی دەزانم،

چونکه ئەو گۆڕانکارییە لەناو چین و توێژەکانی هەناوی کۆمەڵگەدا بەدیدێت، کە مەبەستم فیکرو جیهانبینی ئەندامانی کۆمەڵگەیە.
کەواتە بێگومان ڕۆشنبیر توانای بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام بەو مەرجە کە بارودۆخەکە گونجاو بێت و کەسانێك کە بەردەنگ و خوێنەری ڕۆشنبیرن ئەو توانایە لەخۆیاندا بەدیبێنن کە وەرگری پرۆژەکانی ڕۆشنبیری بێت.
*** کەسایەتی ڕۆشنبیر چۆن دەخولقێ؟ ئایا لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەسایەتی ڕۆشنبیر خولقاوە؟**
- بەڕای من سەرهەڵدانی ڕۆشنبیر دروستترە تا خولقان، چونکە باسی خولقان دەکرێت لەناو کۆمەڵگەی خۆی سەرهەڵدەدا بەر لەوەی کەسێك لە دەرەوە بیخولقێنێ. خۆی دەبێ خۆی پەروەردە بکات. کەواتە سەرهەڵدەدا بەڵام چۆن سەرهەڵدەدا؟ ئەوە وەك کێشەیەکی گەورە سەیردەکرێ لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا، سەرهەڵدانی ڕۆشنبیر بەبڕوای من پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە پێکهاتەیکۆمەڵگەوە، لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا لەوانەیە ڕۆشنبیر زۆر درەنگ سەر هەڵبدات، ئەگەریش سەرهەڵبدات لەوانەیە خاوەنی پرۆژەیەکی تاکە کەسی بێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی کراوەدا کەهەڵگری چەمکی دیموکراسی و چەمکی ئازادییە، سەرهەڵدانی ڕۆشنبیر ئاسانتر دێتە ئاراوە.لە کۆمەڵگەی کوردی، لەهەر

**ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرەنجامی بوونی ئازادی و دیموکراسی نییە، بەڵکو بەرەنجامی داخراوی کۆمەڵگەیە**

پارچەیەك کە دۆخی تایبەت بە خۆی هەیە بە پێی ئەویش دۆخی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری دۆخێکی جیاوازە، بەڵام لە ڕاستیدا من لام وایە هەندێ جار خودی داخرانی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیر، چونکە لە دۆخێکی دەبێ ئیرادەیەك لە دەرەوەی ڕۆشنبیر بەدیبێنێ، لە حاڵێکدا ڕۆشنبیر کەسێکە کە خۆی لەناو دڵی کۆمەڵگەوە سەریهەڵداوەو هیچ ئیرادەیەك ناتوانێ شێوەیەکی ڕەسمی و بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرهەمهێنی بوونەوەرێك بن بە ناوی ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیر

وەهادا هەمیشە لەبەرامبەر هێزی داخراوبوونی کۆمەڵگە، دەشێت هێزێکی دژوار سەرهەڵبدات، کە بە جۆرێك بیەوێ بەرپەرچی ئەو داخراوییە بداتەوە. بە مانایەکی دی لە بەرامبەر تێزی داخراوبوونی کۆمەڵگە، ئەنتی تیزێك بێتە ئاراوە کە ناوی ڕۆشنبیر بێت.

ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردی سەرهەڵدەدا واتە شەڕێك لە گەڵ ناحەزییەکانی کۆمەڵگەی خۆی بکات و لە بەرامبەریاندا ڕاوەستێ و دەنگێکی تازە بێنێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرەنجامی بوونی ئازادی و دیموکراسی نییە، بەڵکو بەرەنجامی داخراوی کۆمەڵگەیە. کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگێك بەناوی دەنگی ڕۆشنبیر بەهێز بێتەوە، تا بەرهەمهێنەری فیکرێکی تازە بێت و فیکرە ناحەزەکانی پێش خۆی ڕەتبکاتەوە.

*** بەڵام کەسانێکی وەك( بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانع و...) لەدەرەوەی ئەم داخراوییە سەرهەڵدەدەن، ڕای ئێوە لەمبارەوە چییە؟**

- بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع و کوڕەکانی ڕەهەند کەسانێك نین کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردی خۆیان پەروەردە کردبێ، ئەو سەردەمەی کە لەناو وڵات و لە ناو کۆمەڵگەی خۆشیاندا بوون، ڕۆشنبیر بوون و بزاڤێکی زۆر بە گوڕی ڕۆشنبیرییان بەرێخستووە. بۆ نموونە کەسێکی وەك(مەریوان وریا قانع) ئەو سەردەمەی لەناو کۆمەڵگەی خۆیدا بوو، لە چوار چێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا کاریدەکرد، بەختیار عەلیش بابەتی ئەدەبی بڵاو دەکردەوە، کەواتە ئەو کەسانە کە ناوم بردن

**بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع و ڕەهەندییەکان بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەی کراوەی ڕۆژئاوا نەبوون، بە پێچەوانەوە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگە داخراوە بوون لە ساڵانی هەشتادا کە دەسەڵاتی بەعس بەسەر کوردستاندا زاڵبوو، سەریانهەڵداو دوای ڕاپەڕینیش ئەوان بەجۆرێك هەستیان بە داخراوبوونی دەسەڵاتی کوردی کرد کە لە باشووری کوردستان**

بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەی کراوەی رۆژئاوا نەبوون، بە پێچەوانەوە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگە داخراوە بوون لە ساڵانی هەشتادا کە دەسەڵاتی بەعس بەسەر کوردستاندا زاڵبوو، سەریانهەڵداو دوای راپەرینیش ئەوان بەجۆرێك هەستیان بە داخراوبوونی دەسەڵاتی کوردی کرد کە لە باشووری کوردستان لەئارادابوو.

*** پەیوەندی رۆشنبیر لەگەڵ سیاسەتدا بە چ شێوەیەکە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد رۆشنبیر واقیعەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەبینێ و دەخولێتەوە، سیاسەت بەشێکی گرنگی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە، رۆشنبیر ناچارە لەگەڵ سیاسەتدا لە پەیوەندی دابێت، بەلاّم ئەو پەیوەندییە دەکەوێتە ناو چ بەستێنێکەوە؟ ئایا ئەم پەیوەندییە عاتیفیە، یان پەیوەندییەکی ئاغاو کۆیلەیە؟ هەر دووی ئەمانەش شیکردنەوەی خۆیان دەوێ.

بەلاّم باشترین پەیوەندی، پەیوەندی مەعریفیە، کە رۆشنبیر خوێندنەوەیەکی مەعریفی لەسەر سیاسەت دەبێت، دواجار لەسەر ئەم رەخنەگرتنە دەگاتە هەڵوێستێك لەمەڕ سیاسەت.

ئەگەر رۆشنبیر وەك ئۆبژەیەك سەیری سیاسەت بکات، کە دەبێ شیبکرێتەوە یان رەخنەی لێبگیرێت، ئەوا ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، بەلاّم ئەگەر سیاسەت وەك پردێك بێت و بە سەریدا تێپەڕێ. بۆ بەرژەوەندی کارەکانی دەرەوەی جیهانی رۆشنبیری، یان رۆشنبیری بکرێتە جۆرێك لە خەون و خولیا کە کەف و کوڵەکانی دەروونی خۆی پێدامرکێنێ، ئەمە دوورە لە رۆشنبیری راستەقینە.

**ئەگەر رۆشنبیر وەك ئۆبژەیەك سەیری سیاسەت بکات، کە دەبێ شیبکرێتەوە یان رەخنەی لێبگیرێت، ئەوا ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، بەلاّم ئەگەر سیاسەت وەك پردێك بێت و بە سەریدا تێپەڕێ.**

**ئا: جەماڵ نەجاری**

# ئاڤێستا

## میراتی کوولتووری نەتەوەیی گەلانی ئاریایی



**فەرهاد عەزیز خۆشناو**

لەڕاستیدا ئەو شتەی کە ئەمڕۆ پێیدەووترێت کوولتوور لە ڕۆژگارانی دێرین ئایینی ناو بوو. گشت ئایینەکان، جا ئایینی سەرەتایی بێت یان ئایینێکی پێشکەوتوو، لەخۆگری کۆمەڵێك بیرو باوەڕ و دیاردەی پیرۆز بوونە کە ژیانی تاك و کۆمەڵ لەسەر بنەمای ئەم باوەڕ و نەریتانە بونیات دەنرا. دیاردە ئایینیەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك بابەتی سەربە ژیانی مرۆڤی ئەوسا وەکوو کاری جووتیاری و ڕاوو هەروەها لەدایکبوون و زەماوەند و مەرگ و... بوون. بۆنموونە لەناو نەتەوە ئاریاکاندا لە خاکی ئێرانی کۆن، جەژنی نەورۆز و جەژنی سەدە[1]، وجووتیاری و نەریتی سیاوەشوون[2] لەگرنگترینی ئەو دیاردە ئایینیانە بوون. جێگەی سەرنجدانە کە زۆربەی ئەم ڕێوڕەسمانە ڕەچەڵەك و ڕیشەیان بۆ کوولتووری خۆماڵی و ناوچەیی دەگەڕێتەوە نەك بۆ کوولتووری هیندو ئێرانی کە ئەمەش کاریگەری کوولتووری ناوچەیی ئاسیای ڕۆژئاوا بەسەر شارستانیەتی ئاریایی دەسەلمێنێ. لێرەدا دەبێ بڵێین، ڕاستە کە گەلانی ئاریایی بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ناوەندو باشووری ئێرانی کۆن فەرمانڕەواییان دەکرد، بەڵام بەگشتی بنەما ئایینیەکانیان بۆ کوولتوور و شارستانیەتی ناوچەیی ڕۆژئاوای ئاسیا دەگەڕاوە، کەدواتر لەگەڵ بیرو باوەڕی ئاریاکان تێکەڵبببوو.

کۆنترین ئەو بەڵگانەی کە سەبارەت بە بیرو باوەڕی ئاریاکان (هیندو ئێرانیەکان) لەبەر دەست دایە، دە کتێبەکەی ((ڕیگ ڤیدا)) و نووسراوە بەردینەکانی ((حیتی‌میتانی))یە. بەگوێرەی ڕیگ ڤیدا ئاریاکان دوو دەستە خواوەند، واتا خواوەندی باشی و خواوەندی خراپیان هەبووە. بڕوابوون بە دوو پۆلە یەزدان زۆرتر پەیوەندی بەلایەنی ماددی و مەعنەوی هەیە. بەگوێرەی بەڵگە ئۆستوورەیی و مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵە گەلانێك لە ئاسیای ڕۆژئاوا کە سنوورەکەی لە سیندەوە تاکو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کەناری مەدیتەرانە بەرفراوانبوو، بە چەند هەزار ساڵ پێشتر لە هاتنی ئاریاکان بۆ ئەم ناوچانە، شارستانیەت و کوولتووریکی پێشکەوتوویان بونیات نابوو، کە بڕوابوون بە خواوەندانی باشی و خراپی لای ئەم نەتەوانە بۆ ئاریاکان وەك میراتێکی کوولتووری و ئایینی ماوە. ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونی ئاریاکان و نەتەوەکانی دانیشتووی ئاسیای ڕۆژئاوا، هەستی پێدەکرێت.



بۆ ناسینی ئایین لە ئێرانی کۆن دەکرێت بۆ دوو سەرچاوە بگەڕێینەوە: یەکەم ئاڤێستا لە باکووری ڕۆژهەڵات و لە سنووری بەلْخ، دووەم نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنێشی لەباشوور و باشووری ڕۆژئاواو ڕۆژئاوای ناوەڕاستی ئێران. ئاڤێستا بەسەر دوو بەشدا دابەشبووە (بەگوێرەی زەمەنی دروستبوونی): یەکەم گاتاکانی زەردەشتی، کە کۆنترین سروودەکانی ((زەردەشتی سێپاتمان[3])) لەخۆدەگرێت. دووەم دەقەکانی تری ئاڤێستایی دەگرێتەوە کە دوای زەردەشت دروستبوونە" جێگای باسە کە بیرو باوەڕەکانی ئەم بەشانە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ تێڕامانی گاتانیك کە سروودەکانی خودی زەردەشتن جیاوازیان هەیە. لە نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنێشیدا دوو چەرخی جیاواز دەبینین" یەکەم سەردەمێکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی پێش

زایین کۆتایی پێدێت و لەم بەشەدا جگە لەناوی ((ئاهوورا مەزدا)) ناوی خواوەندانیتر نەهاتوە. سەردەمەکەیتر دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەستەڵاتداری ئەردەشێری دووەم کوڕی داریووشی دووەم، و لەم چەرخەدا لە نووسراوە بەردینەکاندا جگەلە ناوی ((ئاهوورا مەزدا)) ناوی ((میهر)) و ((ناهید))یش بەرچاو دەکەوێت.

بەڵام بەگشتی ئەو شتەی کە لەنێوان گاتەکانی زەردەشتی لە ڕۆژئاواو نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنێشی هاوبەشە، ناوی ئاهوورا مەزدا و ئاماژەکردن بە دێوان و هەبوونی دوو بنەمای ئێشا[1] و درۆیە. بەڵام ئەو ئایینەی کە لە گاتەکاندا باسکراوە ئایینی تاکپەرستیە و جگە لە ئاهوورا مەزدا خواوەندێکیتر نابینرێت. کەچی لە ئایینی نووسراوە بەردینەکاندا گەلەئاهوورا مەزدا ناوی خواوەندانیتریش هێنراوە.

بەپێی ئەم بابەتەی پێشوو، دەتوانین باوەڕ بەوە بێنین کە لەکۆتاییەکانی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، کە هێشتا هۆزە ئێرانیەکان لەیەکتری جیانەببوونەوە پەرستشی خواوەندێك بەناوی ئاهوورا مەزدا لەناو ئەواندا جێگەی خۆی گرتبوو کە سەرچاوەی بیر، دادپەروەری و خوولقاندن بوە. دەتوانین بڵێین دوواتر لە قۆناغی گەشەکردنی ئایینیدا، لە فەرهەنگی ئاڤێستایی ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن، ئاهوورا مەزدا بۆتە خواوەندی تاقانە و خواوەندانیتربەولاوەنراون و ((ئاهریمەن)) بۆتە سەرچاوەو سەنبوولی دێوان و خراپی وخراپەکاران.

**زەردەشت گەورەترین دادپەروەر و شاعیرو بیرمەندی ئێرانی کۆن لە شوێنێك لە ئێران لەدایکبوو و لەڕۆژهەڵاتی ئەم نیشتیمانە، ئایین و پەیامی خۆی ڕاگەیاند.**

زەردەشت، پەیامبەری نەتەوەکانی ئاریایی

سەبارەت بە ژیان و سەردەمی ژیانی ((زەردەشت)) بوونیاتنەری ئایینی کۆنی ئاریاکان، کۆمەڵێك بیرو ڕای جیاواز لەلایەن پسپۆڕان و لێکۆڵەران پێشکەش کراوە کە توێژەران دەخاتە ناو کێشەیەکی زۆرەوە.

بەپێی ئەو ڕیوایەتانەی کە لەناو زەردەشتیەکاندا باوە، سەردەمی ژیانی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە ئەسکەندەری مەگدوونی، واتا

نزیکەی نیوەی دووەمی سەدەی هەوتەم تاکوو سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی پێش زایین (واتا ساڵانی نێوان ٦٦٠ تاکوو ٥٨٣ پ.ز). زەردەشتیەکان بڕوایان وایە کە زەردەشت لە (خورداد ڕۆژ) واتا شەشەمین ڕۆژی مانگی فەروەردین[٥] و ڕێك لەسەرەتای چوارەمین هەزارەی خولقاندنی گەردوون، لەدایك بوە" ئەم بیرو ڕایە لەڕوانگەیەکی ئەساتیری و ئایینیەوە سەرچاوەی گرتوە.

**زۆربەی توێژەران و ئاڤێستاناسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گاتەکان هی خودی زەردەشتە،**

یەکێك لەو بەڵگانەی کە خاوەنانی ئەم ڕایە بۆ سەلماندنی بڕواکەیان پشتی پێدەبەستن ئەوەیەکە ((ڤیشتاسپا))ی باوکی داریووشی یەکەم و ((کەوی ڤیشتاسپا))ی دەستەڵاتدار کە لەسەردەمی خودی زەردەشتدا بۆتە زەردەشتی، بە یەك کەس دادەنێن. ئەگەر ئەم دوو ناوە هی یەك کەس بوایە و زەردەشت لەسەردەمی داریووش ژیابا، یەکەم شت دەبوایە لە نووسراوە بەردینەکانی داریووشیش، وەکوو ئاڤێستا لە جێگەی ڤیشتاسپا، کەوی ڤیشتاسپا هاتبا کە ئەمە بەجۆرە نیە. دووەم شت چۆن دەتوانین باوەڕ بەوەبکەین کە زەردەشت پەیامبەری مەزداپەرەستان لە سروودە ئایینیەکانیدا ستایشی ڤیشتاسپی سنوورداری ژێردەستەڵاتی داریووش بکات و ناوی داریووش کە ناوبانگی جیانگیری هەیە نەهێنێت و لەلایەکیتر داریووشیش لە نووسراوە بەردینەکانیدا ناوی پەیام هاوەری دادپەروەری گەورەی ڕۆژگاری خۆی نەنووسێت. لەڕوانگەیەکی ترەوە، چۆن زەردەشت کە بەپێی ئەم ڕیوایەتە لەناو فارسەکاندا ژیاوە، گاتەکانی خۆی بەزمانێك جیا لە زمانی نووسراوە بەردینەکانی هەخامەنێشی کە فارسی کۆنی پێدەووترێت، داناوە. هەروەها دەبێت سەرەنجی ئەوەش بدەین کە لە ئاڤێستادا کەوی ڤیشتاسپا کوڕی ((ئەورووەت ئەسپا، یان لەهراسپا)) یە. کەچی لە مێژووی هەخامەنێشدا هاتووە کە ڤێشتاسپی باوکی داریووش، کوڕی ((ئەرشاما)) بوە.

لەبەرامبەر ئەم ڕیوایەتەدا، زانایان و ئاڤێستاناسان بە پشت بەستن بە هۆکاری کۆمەڵناسی و کۆمەڵێك زانیاری کوولتووری و مێژوویی وئایینی، گەیشتوونەتە ئەم

ئەنجامە کە سەردەمی ژیانی زەردەشت سالانی نێوان ١٥٠٠ تاکوو ٨٠٠ ی پێش زایین بوەو زۆرتر جەخت لەسەر هەزار سال بەر لە زایین دەکەن" کە تارادەیەك هاوکاتە لەگەل کۆچی ئاریاکان لە ئاسیای ناوەڕاست بەرەو مەلبەندی ئێرانی کۆن و زنجیرە چیاکانی ڕۆژئاوا.

سەبارەت بە زێد و شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت جیاوازیەکی زۆر لەناو ڕاکاندا بەدیدەکرێت. هەندێك بڕوایان وایە کە زێدی زەردەشت شوێنێکە لە ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن و هەندێك دەلێن هەر لەو شوێنەی کە ئایینەکەی لێبلاوکردۆتەوە، واتا لە ڕۆژهەلاتی ئێرانی کۆن لەدایکبوە و هەندێك کەناری دەریاچەی ((چیچێست)) واتا هەمان ورمێی هەنووکەیی بەشوێنی لەدایکبوونی زەردەشت دادەنێن و هەندێکیتر بڕوایان وایە کە زەردەشت لەشاری کۆنی ((ڕێگا)) چاوی بەسەر جیهاندا کردۆتەوەو دواتر بەرەو ڕۆژهەلات کۆچی کردوە.

لایەنگرانی ئەم بیرو ڕایانە، بەلگەیەکی ڕوون و ئاشکرایان نیە بۆ سەلماندنی ڕاکانیان و زۆربەی بەلگە و شیکردنەوەکانیان دروستکراوو ناڕێکن. لە خودی کتێبی ئاڤێستاشدا هیچ شتێك لەم بارەوە دەستناکەوێت، یان خود لەوانەیە هەبووبێت بەلام لەبەر بەرژەوەندی لەناو برابێت. بەلگە زمانەوانیەکانیش تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. لەگەل ئەوەشدا کە زۆربەی توێژەران و ئاڤێستاناسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گاتەکان هی خودی زەردەشتە، سەبارەت بە چۆنیەتی و ناسنامەی زمانی ئەم سروودانە، هەلسەنگاندنی جۆربەجۆر و بەزۆری دژبەیەك هەیە. پێدەچێت جوانترین ڕا سەبارەت بە زەردەشت، قسەکەی کریستێن سێن ئاڤێستاناسی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی بێت کە دەلێت: زەردەشت گەورەترین دادپەروەر و شاعیرو بیرمەندی ئێرانی کۆن لە شوێنێك لە ئێران لەدایکبوو و لەڕۆژهەلاتی ئەم نیشتیمانە، ئایین و پەیامی خۆی ڕاگەیاند. مێژووی دانانی کۆنترین بەشی ئاڤێستا واتا گاتەکان، هاوکاتە لەگەل سەردەمی ژیانی زەردەشت و دەتوانین هەمان سەردەمی نزیك ١٥٠٠ تاکوو ٨٠٠ ی پێش زایینی بۆ دابنێین. بەلام هێشتاش بەوردینازانین کەئەم سروودانە بۆ یەکەمین

جـار لــه چ ســەردەمێك و بــه چ خــەتێك نووسراوەتەوە.

بەشێك له ئاڤێستاناسان بڕوایـان وایـه کـه لەسەردەمی زەردەشتدا له ئێران ڕێنووسـێك نەبوە که ئاڤێستای پێنووسـراباوە، جابۆیـه بەدرێژایی چەندین سەدە سینگ بـه سـینگ لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر گوازراوەتـەوە. تـاکوو لەسـەردەمی هەخامەنێشـیەکان بـه شـێوە نووسـینێك کـه پێدەچـێت خـەتتی ئارامی و خەتتێکی وەرگیراو له نەتەوەکانی دانیشـتووی فینیقیـه و بابــل بێــت، نووسراوەتەوەو لـەو کـات بـەدواوە شـێوەی نووسـراوی بەخۆیـەوە بینـی. بەشـێکیتر لەبەرامبەر ئەم ڕایه دەوەستن و پێیـان وایـه که بەر له هەخامەنێشیەکان لەئێرانی کۆندا شـێوە نووسـینێك هـەبوەو بـۆ سـەلماندنی ئەمەش ((نووسراوە بەردینەکانی سۆمەری)) وەکــوو بەڵگــه دێننــەوە. لەڕیوایەتــه کۆنــەکانی زەردەشــتیاندا هــاتوە کــه ئاڤێسـتایان لەسـەر دەهـەزار پێسـتی گـا نووسـیوەو لـه ((دێژەنپێشـت)) یـان خـود ((پەرتووکخانــەی شاهەنشــایی)) دانــرا. بەلعـەمی مێژوونووسـیش لـه کتێبەکەیـدا بەدرێژی باسی ئەم بابەتەی کردوە.

بەپێی بـڕوای زەردەشـتیان و ئـەو کتێبـه پەهلەویانەی کـه لەبەردەسـت دانـه وەکـوو دینکەرد و بەندهەش و ئارتای ڤیراف نامە، ئەسکەندەر له کـاتی هێرشـکردن بـۆ سـەر ئێران ئاڤێستای سـووتاند، جـا لەبـەر ئـەوە پێیان ووت ((گووجەستەك)) [9]. لەسەردەمی ئەشکانیەکان ئاڤێستا جارێکیتر کـۆکراوەو ڕێکخـراوە. ((بلاشــی یەکــەم)) پاشــای ئەشکانی (کـه لـه ٥١ تـاکوو ٧٨ ی پـاش زایین پاشایەتی کردوە) دەستووری دا تـاکوو ئەو ئاڤێسـتایەی کـه پـەرش و بڵـاوبوە و هەر پارچـەیەکی کـەوتبوە لای مووغێـك و کەسێك، و هەروەها له ڕیوایەته سینگ بـه سـینگەکان کۆبکرێتــەوە. ئەردەشــێری پاپـەکان یـان بابـەکان، یەکـەمین پاشـای ساسـانی (٢٤١ ـ ٢٢٦ پـاش زایـین)، بونیاتی دەستەڵاتداری خۆی لەسـەر ئـایینی زەردەشـتی دانـا و سـەرنجێکی زۆری بـه ئاڤێستا دا. له ((دینکـەرد))دا هـاتوە کـه ئەردەشـێر دەسـتووری بـه ((تێنسـەر))ی ((هیربەدانی هیربەد)) [7]ی ڕۆژگـاری خـۆی دا تاکوو دەست به کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئاڤێستا بکات. ((تێنسەر)) سەرپەرشتیاری کۆمەڵێك لـه مۆبێـدان [8] پـێ سـپێردرا کـه

ئەرکی کۆکردنەوەی ئاڤێستایان پێدرابوو. دوای ئەردەشێر ئەم کارە درێژەی پێدرا" لەرۆژگاری شاپووری دووەم (٣٧٩ ـــ ٣١٠ پاش زایین)، ئاگرپاد مێهراسپندان)) مۆبێدانی مۆبێدی هاوچەرخی شاپوور گووزارشێکی لەسەر بەشە نارێکەکانی ئاڤێستا نووسی و کتێبی ((خووردە ئاڤێستا))ی لە گشت ئاڤێستاوە پێکهێنا. سەرەنجام لە کۆتایی سەردەمی ساسانیەکان، واتا لەسەدەی شەشەمی زایینی خەتتی ئاڤێستایی (دین دەبیرە یان، دین دەبیری) لەسەر خەتتی پەهلەوی بۆ نووسینی ئاڤێستا داهێنرا و گشت بەشەکانی ئەم کتێبە بەم خەتتە نووسراوە. ئاڤێستای سەردەمی ساسانیەکان بە ٣٤٥،٧٠٠ وشە و ((زەند)) گوزارشە پەهلەویەکەی ئاڤێستا، بە ٢,٠٩٤,٢٠٠ وشە مەزەندەکراوە. بەڵام ئەمڕۆکە جگە لە گاتەکان و ((ڤێندیداد)) کە هەمووی ماوەتەوە، زیاتر لە یەك چوارەمی بەشەکانیتری ئاڤێستا لەبەر دەست دانیە و ئەو ئاڤێستایەی کە ئێستا لەبەردەست دایە ٨٣،٠٠٠ وشەیە.

لە کتێبی دینکەرددا باسی ((نەسەکە)) [10] بیست و یەکدانەییەکانی ئاڤێستای کۆن کراوە کە هەڵبژاردەیەك لەم نەسەکانە لەبەردەست دایە. نەسەکە بیست ویەکدانەییەکانی ئاڤێستا کراونەتە سێ بەش:١ـ نەسەکەکانی گاتانیك، سەبارەت بە زانست و کاری مینۆڤی[2].

٢ـ نەسەکەکانی داتیك، سەبارەت بە زانست و دادپەروەری و کاری جیهان.

٣ـ نەسەکەکانی هات مانسریك، سەبارەت بە کارەکانی نیایش و پەرستش و سروودەکانی ئایینی.

ئەو ئاڤێستایەی کە ئێستا لەبەردەست دایە، لەم بەشانە پێکهاتوە:

١ـ گاتەکان. ٢ـ یەسنا. ٣ـ یەشتەکان. ٤ـ ڤیسپەرد. ٥ـ خوردەئاڤێستا. ٦ـ ڤیندیداد.

**پەراوێز:**

**[1]. ناوی جەژنێکە کە نەتەوە ئاریاکان لەرۆژی دەیەمی ڕێبەندان بەرپایان دەکرد، دوای ئەوەی کە شەو دادەهات ئاگریان هەڵدەکرد و دەستیان بەهەڵپەڕین و خۆشی دەکرد. لەشانامەی فێردەوسیدا هاتوە کە ئەم جەژنە لەسەردەمی هۆشەنگ دووەمین پاشای پیشدادی، بە بۆنەی دۆزینەوەی ئاگر دامەزراوە.**

**[2]. واتا خاوەن ئەسپی ڕەش. ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەساتیری و لە ئەڤێستادا چەندجارێك ئاماژەی پێکراوە. و لەشانامەدا چیرۆکێکی بەناوبانگ بەم ناوە هاتوە.**

سیاوەش کوڕی کەیکاووس و لەنەژادی فەرەیدوونە، یەکێك لەهاوسەرانی باوکی دڵ بە جوانی ئەم لاوەدەدات و سیاوەش خۆی لەم ناپاکیە دەپارێزێ بەڵام سوودابەی هاوسەری باوکی بەگریانەوە دەڕواتە لای کەیکاووس و دەڵێت سیاوەش دەستڕێژی بۆکردوومە، مۆبێدان بۆ سزادانی سیاوەش و جیاکردنەوەی ناپاکی لە پاکی، بڕیاردەدەن کە سیاوەش بە سواری ئەسپ بەناو ئاگردا تێپەڕێت و ئەگەر دەربازبوو ئەوە بێتاوانە و ئەگەرسووتاش ئەوە بەسزای خۆی دەگات، بەڵام سیاوەش بەسەربەرزی لەم ئەزموونە دەردەچێت. لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەم ئۆستوورەیەو چیرۆکی حەزرەتی یوسف هەیە کە لە قوورئانی پیرۆزدا هاتوە.

[3] لە ئاڤێستادا بە شێوەی ((سپیتاما)) هاتوە و نازناوی زەردەشتە" لە ((بەندهەشن)) سێپیتمان بە نۆیەمین باپیری زەردەشت دادەنرێت.

[4] زاراوەیەکی گاتانیکیە کە لە ئاڤێستادا وەك بنەمایەکی سەرەکی ئایینی زەردەشتی باسی لێوەکراوە و لەسەرانسەری کتێبی ئاڤێستاو بەتایەتی لە گاتەکان بەردەوام باسکراوە.

[5] مانگی یەکەمی ساڵ و بەرامبەر بە خاکەلێوە دادەنرێت.

[6] واتا داپچڕاو، لادەر، مەلعوون.

[7] نازناوی هەندێك لە پێشەوایانی نوداری ئایینی مەزدا پەرستی‌یە.

[8] مۆبێد یان مۆعبێد، ناوی پێشەوای ئایینی مەزداپەرستی‌یە.

[9] لە ئاڤێستادا بەشێوەی ((نەسکە)) هاتوە، واتا ((کتێب)) یان هەریەك لە بەرگەکانی کتێبێکی گەورە کە لە چەندین بەرگ پێکهاتبێت.

سەرچاوەکان:


١ـ بهار، مهرداد، از استوره تا تاریخ، نشر چشمه، چاپ سوم، تهران ١٣٨١.

٢ـ دوستخواه، جلیل، اوستا، جلد اول ودوم، چاپ گلشن، چاپ هشتم، تهران ١٣٨٢.

٣ـ هدایت، صادق، کارنامەی اردشیربابکان((پیوست زندوهومن یسن))، انتشارات امیرکبیر، تهران١٣٤٥.

٤ـ فردوسی، (ابولقاسم)، شاهنامه، نسخەی مسکو، انتشارات بدیهه، چاپ اول، تهران١٣٨١.

٥ـ لوکاس دوبلویس ـ روبارتوس وان دراسپک، دیباچەای برجهان باستان، ققنوس، چاپ اول، تهران١٣٧٩.

٦ـ بهزادی، رقیه، آریاکان وناآریاکان، انتشارات تهوری، چاپ دوم، ١٣٨٣.

٧ـ وستاسرخوش کریتس، استورەهای ایرانی، عباس مخبر، نشرمرکز، چاپ سوم، تهران ١٣٨١.

**له پەراوێزی کۆنفرانسی زاری کەلهوڕی دا:**

# ناسینی بابا تاهیری هەمەدانی له ڕوانگەی ژیان و شیعرەکانییەوە



**طالب عبدالصمد سەرانی***

چرای نەکوژاوەی دیوانی ئەدەبی کوردی و سەر کاروانچی شاعیرانی کورد، باباتاهیری عوریانی کوڕی فەرەیدونی هەمەدانی.

عیشق و سۆز بەندی دڵی ئەو بوونە، خۆیشی بەندەی تاك پەرستی و ڕاستی بووە. بابا هەر شاعیر نییە، فەیلەسوفێکی کوردە، ئەو لە زانستی سۆفیانەو، ئیلهام و هۆش و دەروون و ڕاستی و، تێڕوانین و گوێڕایەڵی، یادکردنەوە، هەژاری، پاکی، بێ پەروایی، خۆشەویستی، تاوانەوە، یەکتاپەرستی و هەرشتێکی پەیوەندی بەمانەوە هەبێ، سەرکەوتوو بێوێنەو پێشەوا بووە. بە تامی تەصەوف و زمانیعیرفان دەریڕیون.

هەر بۆیە لە سەردەمی خۆی بە (قدوە العارفین) ناسراوە، خەڵکی هەمەدانەو لە کوردە لوڕەکانە، چوارینەکانی بە شێوەزاری لوڕی زمانی زگماکی خۆی داناون بە شێوەیەکی وا لێك و ڕێك و سادەو بێ گرێ و گۆڵ و پڕ ماناو بەتام و چێژ دایڕشتوون لەگەڵ دڵ دەدوێن و دڵان دێنێتە دواندن.

یە پێی هەندێك سەرچاوە دەبێ زیاتر لە(٣٠٠) چوارینی هەبێت، ئەگەرچی هەندێك نووسەری فارس دەڵێن چوارینەکانی بابا لە (٨٠) تێپەڕی نەکردووە، ئەوی تری شاعیرانی بێناونیشان بۆیان زیادکردوە، بەلاّم کە لە چوارینەکانی بابا ورد دەبینەوە جگە لە چەند چوارینەیەکی نزیك بە زمانی فارسی کە بۆیان زیاد کراون ئەویتری گشتی بە یەك شێوەزاری زمانی کوردی نووسراون و هیچ کەسێ نکۆڵی ئەم ڕاستییەی پێناکرێ.

بە هۆی ئەوەی شێوە زمانی بابا زاری لوڕییەو وشەی زۆری فارسیشی تێدایە ویستویانە بە شاعیرێکی فارس بناسرێت، بەلاّم ئەم فەرموودەیەی بابا دەیسەلمێنێت کە کوردێکی پاك و ڕەسەنە، کاتێك کە لێیان پرسی بە چ جۆرێك تۆ بویتە ئەم عاریفە، فەرمووی:(أمسيت كردياً وأصبحت عربياً) واتە (ئێوارێ کورد بووم و کە بەیانی لەخەو هەڵستام بوومە عەرەب) ئەم بوونە عەرەبەی بابا، واتە عیرفانی دینی ئیسلامم وەرگرت و لەکاکڵی ئیسلام گەیشتم کە مانای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە و بە زمانی عەرەبییە.

دەڵێن بابا بە یەك شەو بە شێوەیەکی خواپێداو گەیشتۆتە چلەپۆپەی تەصەوف و بوە بە بولبولی نەغمەخوانی باغی عاشقان و عارفان.

بابا جگە لە چوارینەکانی (٢٣) پارچە شیعری بە عەرەبی هەیە، لە ساڵی (٤١٠) ی کۆچی لە دونیا دەرچووە لە گۆرستانی هەمەدان نێژراوە و ئێستا گۆڕی پاکی بوەتە نەزرگای پەیڕەوانی ڕێبازی فەلسەفەکەی و سەردانی دەکەن. کە بابا کۆچی دوایی کردووە پیرو کەنەفت بووە بەلاّم ڕوون نییە لە چ ساڵێکدا چاوی بە دونیا هەڵێناوە .

با بە چەند نمونەیەك لە چوارینەکانی بابا لە ڕووی زمان و تواناو بەهرەی عارفانەی بناسین و لەوێدا بۆمان دەردەکەوێ چەندە کوردێکی خالصە، بەلاّم بەهۆی بێخزمەتی لە لایەن کوردەوە گەلێکی تر مۆری نەتەوەیی خۆیان لە کەسێتی و بابەتەکانی دەدەن.

نموونەی چوارینەکانی:

| <u>زاری لوڕی</u> | <u>وەرگێڕاو بە زاری سۆرانی</u> |
|---|---|
| **ئەگەر دل دلبەری پەس دل کدومە** | **دل و دلبەر بە هەم ئامیتە وینم** |
| **ئەگەر دلبەر دلی دل را چە نومە** | **نەدونم دل کەو دلبەر کدومە** |

ئەگەر دڵ دڵبەرە ئەدی دڵ کێیە		دڵ و دڵبەر بە ئاویتە دەبینم
ئەگەر دڵبەر دڵبێ دڵ ناوی لێیە؟		نازانم دڵ کامەیەو دڵبەر کێیە

❊ ❊ ❊

بە سەحرا بنگەرەم سەحرا تەوینم		لە بیابان بگەڕێم هەر تۆ دەبینم
بە دەریا بنگەرەم دەریا تەوینم		لە دەریا بگەڕێمهەر تۆ دەبینم
بە هەرجا بنگەرم کۆهو دەرو دەشت		لە هەر کوێ بگەرێم شاخ و دەرو دەشت
نیشانی رۆۆی زیبایی تەوینم		لە نیشانی ڕووی جوانی تۆ دەبینم

❊ ❊ ❊

تەکە نا خواندەتی عیلمی سەماوات		تۆ کە نەتخوێندوە(عیلمی) ئاسمانان
تەکە نا بردەئی رەهـ دەر خەرابات		رێگەت نەبردووە بەرەو مەیخانان
تەکە سوودو زیانی خود نەدانی		تۆ کە سوودو زیانی خۆت نەزانی
بەیاران کەی رەسی هەیهاتە هەیهات		بەیان کەی دەگەی گرانە گران

❊ ❊ ❊

تێبینی: سەرچاوەکان لەلایەن نوسەری ئەم بابەتە وەرگێردراون.


سەرچاوەکان:

١- روباعیات باباطاهر همدانی، د. الهی قمشةئی، ضاث ١٣٦٩ ك. ه
٢- دیوان بابا طاهر عوریان، نشر طلوع ١٣٦٨ ك. ه
٣- روباعیات بابا طاهر الهمدانی، محمد بدری ١٩٦٩ز، مطبعة الجمهوریة، کرکوك


❊ قوتابی بەشی کوردی قۆناغی دووەم ، کۆلێژی پەروەردەی سۆران

# پاشگری ( ستان )
# لە شیعرە کوردییەکانی
# مەحوی

شێروان حوسێن

.

بەر گومان نییە، کە ئەدەب هەر لەسەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە پەیدابووەو پەیامێکی بەرزی هەڵگرتووە، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵ بووەو ڕێگەیەك بووە بۆ گوزارشتکردنی ئەو بارەی کە لەسەردەمەکەدا هەبوە. دیارە هەر دەقێکی ئەدەبی لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت چ لە ڕێگەی زمانی نوسین بێت یا زمانی ئاخاوتن کە ئەدەبی سەرزاری پێدەربڕاوە. زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەب لە هەر قۆناغێك گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر تەماشای قوتابخانەی کلاسیك بکەین دەبینین کە شێوازێکی تایبەتی هەبووە بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەکانی تر.

مەحوی(١٨٣١-١٩٠٦) شاعیری سەدەی نۆزدەهەم و ئەستێرەیەکی دیاری قوتابخانەی شیعری کلاسیك بوو، تەواوی بنەماکانیئەم قوتابخانەیەی پێڕەو کردووە.

زمانی شیعرەکانی زمانێکی تێکەڵ و وشە ئاراییەکی بەر فراوان دەبینرێت لەسەرجەمی



## مەحوی

شیعرەکانی، ئەمەش بۆ پێداویستی سەردەم دەگەڕێتەوە.

زمانی مەحوی شارەزاییەکی زۆرو ڕۆشنبیریەکی بەرز دەخوازێ هەرچەندە یەکگرتنێکی زۆر هەیە لەگەڵ شاعیرەکانی سەردەمی خۆی، بەلاّم هەندێك وشەی نوێی بەکارهێناوە کە کەمتر لەلایەن شاعیرانی تر بەکارهێنراوە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین داهێنانێکی کردووە لە بواری زمان ئەمەش لەم وشە کوردییانەدا دەردەکەوێت کە لە نێو شیعرەکانی دا دەبینرێت.

ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری ئەدەب بە گشتی و بە تایبەتی شیعری کلاسیك و، مەحوی ناسان و ئەوانەی مەحوی دەخەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، زۆربەیان تەنیا لایەنی شیعری ئایینی و سۆفیگەری دەبینن، لەڕادە بەدەر باسی ئەم لایەنە دەکەن، ئەمەش بۆ لێهاتوویی مەحوی لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە. لایەنێکی تر کە مشتو مڕی زۆری لەسەر کراوە بوون و نەبوونی شیعری نەتەوایەتییە لای ئەم شاعیرە، کە ئەمەش هەڵدەگرێ لە سەری بدوێین بەلاّم خودی ئەم زمانەی مەحوی و شارەزایی زمانی

**زمانی مەحوی شارەزاییەکی زۆرو ڕۆشنبیریەکی بەرز دەخوازێ**

کوردی بەڵگەی بەهێزن بۆ خزمەتەکانی لە بواری زمان و نەتەوەکەی.

مەحوی کوردیزانێکی هێند داهێنەر بوو کە تەماشای شیعرەکانی بکەین وشەو زاراوەی زۆر جوانی بەکارهێناوە کە تائێستاش لەنێو زمانی کوردیدا دانسقەن، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئێمە لەم وتارەماندا تەنیا مۆرفیمی(ستان) وەردەگرین، کە مۆرفیمێکی بەندی وشە داڕێژە و بەشداری دەکات لە داڕشتنی وشەی نوێدا لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی و لە زمانی فارسی و ناوەڕاستیشدا هەمان شێوەی ئەمڕۆی زمانی کوردی هەبووە لەڕووی بەکارهێنان و گەیاندنی واتایی دا. کەبە گشتی واتای شوێن یان جێگە دەگەیەنێت(١)

دیاره به شێوەیەکی گشتی ئەم مۆڕفیمە کە بەردەوام بە شێوەی پاشگر دەردەکەوێت دەچێتە سەر ناوو دەیکات بە ناوی شوێن یان جێگە بۆ ئەو ناوەی کە خراوەتە سەری، بۆ نموونە لە وشەی(کوردستان) چۆتە سەر ناوی (کورد) و کردوویەتی بەناوی شوێنێك کە کورد تێیدا نیشتەجێن.

لە زمانی کوردیدا هەندێك مۆرفیمی تر هەن کە هەمان واتا دەگەیەنن وەکو(گە،گا،خانە،چار،ەوار،...هتد)بە هەر حاڵ ئەم پاشگرە بە واتای شوێن یان جێگە دێت کە سەرباری ئەمەش واتای(ئەستێن و وەرگیر) یش دەگەیەنێ(٢).

هەم لە نێو زمانەوانان و نوسەران دا ئەم پاشگرەیان باس کردووە تەنیا چەند نموونەیەکیان وەرگرتووە ، وەکو: کوردستان،گولستان...هتد.باسیان لەو وشە داهێنراوانە نەکردووە کە مەحوی دایهێناون و زۆریش سەرنج ڕاکێشن. ئەگەر تەماشای دیوانی مەحوی بکەین تەنیا لە(قەسیدەی بەحری نور) دا هەشت جار ئەم مۆڕفیمەی بەکارهێناوە بۆ وشەی جیا جیا کە زۆر کەم لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەون.

**جەلال وشەوکەتی: ئەستۆشکێنی سەرکەشانی عەصر**

**جەمال و تەڵعەتی: جەوهەر گودازی زولمەتستانە** ل٤٢٨

وەکو باسکراوە بە زۆری ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر ناو بەلاَم لێرەدا چۆتە سەر ئاوەڵناو و کردوویەتی بە ناو، (زولمەت) بە واتای تاریکی دێت شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە شان و شکۆی پێغەمبەر(د.خ) ئەستۆی هاوچەرخە سەرکێشەکانی خۆی شکاندو جوانی و دیمەنی مایەی تاریکستانی سوتاند.

**مەحوی کوردیزانێکی هێند داهێنەر بوو کە تەماشای شیعرەکانی بکەین وشەو زاراوەی زۆر جوانی بەکارهێناوە کە تائێستاش لەنێو زمانی کوردیدا دانسقەن**

**لە ڕوخساری لەتیفی: گوڵ، لە جەعدی عەنبەرینی: دڵ**

**دەجۆشێت و دەبارێ ئەو گوڵستان، ئەم دڵستانە** ل٤٣٠

لەم دێرە شیعرەدا دووجار ئەم مۆرفیمە هاتووە کە یەکەمیان چوەتە سەر ناوی(گول) و(گولّستان) ی دروستکردووە، کە بەواتای جێگەی گولّ دێت، دووەمیان چوەتە سەر ناوی (دل)و، (دلستان) ی پێکهێناوە بە مانای وەلاّتی دلاّن دێت کە مەبەستی پرچی یارە کە دلی دلّدارانی پێوە بەند بووە و بوە بە هێلانەی دلاّن. لە تای تەرازووی ڕەوانبێژیشدا ئەم دوو وشەیە بەهایەکی بەرزیان هەیەو ڕەگەزدۆزی ناتەواویان دروستکردووە.

**بەنوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوبون**

**غەریبی تازە هاتو دەیوت: ئەم پێغەمبەرستانە** ل٤٤٠

(پێغەمبەر) کە مەبەستی کەسێکی دیاریکراوە ئەم مۆرفیمەی وەرگرتوە، ئەم شێوە لە زمانی کوردیدا زۆر دەگمەن دەبینرێ، بەلاّم مەحوی لەسەدەی نۆزدەهەم ئەم وشەیەی دارِشتوە(پێغەمبەرستان) کەناوی شوێن و جێگەی پێغەمبەران دەگەیەنێت و مەبەست لێی شاری(مەدینە)یە.

واتە هاوەلاّنی پێغەمبەر ئەوەندە نورو بەرەکەتی پێغەمبەریان وەرگرتبو لە سیفەتدا وەکو پێغەمبەریان لێهاتبوو، هەر نەشارەزایەك بهاتایە مەدینە وایدەزانی ئەوانیش پێغەمبەرن، چون ئەمە جێگەو شوێنی پێغەمبەرانە.

**هەر ئەو ئاوەبو تۆفانی داغستانی کوفرو شیرك**

**هەر ئەو ئاوە تەراوەت بەخشی باغستانی ئیمانە** ل٤٤٢

لەم دێرە شیعرەشدا دوو جار ئەم مۆرفیمە بەکاربراوە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی دروستکردووە لە ڕووی واتاش یەکەمیان چۆتە سەر(داغ) کەواتای جیا جیا دەگەیەنێت لەوانە(کێو-شاخ) بە مەبەستی ولاّتی شاخاوی یان ڕەقەن یا خود ولاّتی (داغستان) کە دەکەوێتە (قەفقاز) ەوە. ئەم وشەیە هەردوو واتا هەلّدەگرێ. دوەمیان چۆتەسەر(باغ) کە بەمانای شوێن و جێگەی باخاوی دێت. هەموو ئەمانەش تواناو لێهاتوویی مەحوی لەبارەی زمانەوە دەگەیەنێت.

**فەقەت نابێ کە دەرکی کول نەبو یەکبارە تەرکی کول**

**به باغێکه لەکن بولبول گوڵی لەو باغ و بوستانه** ل٤٥٢

یان:

**خودا لەو زیکرو فیکرم قەت نەکا غافڵ زوبان و دڵ**

**هەتا غونچە دڵ و سۆسەن زوبانی باغ و بوستانه** ل٤٢٧

لەم دوو دێره شیعرەدا چۆته سەر وشەی(بو) که به واتای(زەویەکی به بەرووبوم ) دێت، (بوستان) مانای جێگەی به بەرووبوم لە ڕووی ڕەوانبێژی گونجان هەیه لە نێوان باغ و بوستان....

**گوێ کەڕ دەبێ لە غولغولی(سبحان ما عرف**

**ناك) ەی عەنادیلی چەمەنستانی ئاسمان** ل٤١٠

(چەمەن) به واتای (چیمەن و مێرگ) دێت پاشگری(ستان) کردوویەتی بەناوی شوێنێك که چیمەن و مێرگ و گوڵزار ی لێبێ، واته بولبولەکانی چەمەنستانی ئاسمان که بریتین لە مەلائیکەکان هەمویان به یەك دەنگ هاواردەکەن دەڵێن: (ما عرفناك حق معرفتك)

**ڟەڵەبی ڕەحم و مروون لە دڵی ئەهلی زەمان**

**ڟەلەبی ئاوی حەیاته لە سەرابستانه** ل٣٣

(سەرابستان) شوێنێك که هەمووی سەراب بێت ولاّتی سەراب که هەموو شتێك هەڵخەلەتێنەر بێت ئەم وشەیه لە زمانی کوردیدا به دەگمەنی دەبینرێت، واته داواکردنی ڕەحم و بەزەیی لە خەڵکی ئەم سەردەمه وەکو داواکردنی ئاو لە شوێنی سەراب دا، ئەم شیعره ناوەڕۆکێکی بەرزی هەڵگرتوە.

**هوجومی(هیندو) وی خەت سەر(فەرەنگستان) ی روخساری**

**به حەشرێ بو وەکو ئەو حەشره(میقادۆ) بە(جار) ی کرد** ل١٠٨

لێرەدا وشەی(فەرەنگستان) هاتوه که وەك وشەکانی کوردستان و تورکستان...هتد واته به واتای شوێنی ژیانی فەرەنگەکان دێت.

**گەر فیراقی ئاگر هەموو ڕۆژێ لە جەرگی**

**مەحوی ناسان و ئەوانەی مەحوی دەخەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، زۆربەیان تەنیا لایەنی شیعری ئایینی و سۆفیگەری دەبینن**

بەرنەدا

**بــۆ هـــەمو شـــەو تـــیرە دڵ ســـینەی زوخاڵستانەشەو ل٢٥٨**

(زوخاڵ) بە واتای (ڕەژو،خـەڵوز) دێت لـە گـەڵ پاشـگری(سـتان) مەبەسـتی شـوێن و جێگـەی ڕەژوو خـەڵوزە، واتـە(كـورە) یـە. لێكچـواندنی زۆر بـەهێزە كـە دونیـا وەكـو خەڵوزستانی لێدێت لـە شـەودا كاتێـك كـە لەیار جوێدەبەوە.

**مـەتاعی صـدیق و ئیخلاصـم لـە بـازاری ریاكاران**

**لـە سـورەتی(قـل هواللـە) دەكـەم لـەم موشریكستانە ل٢٧٨**

(موشریك) وشەیەكی عەرەبییە، واتـا ئـەو كەسەی كـە هاوبەشـی بـۆ خـودا دادەنێـت مـــەحوی پاشــگرێكی زمــانی كــوردی بــۆ وشەیەكی عەرەبی زیادكردوە، بەواتای شوێن و جێگەی هاوبەش دانەران بـۆ خـودا دێـت. شـــاعیر مەبەســـتی ئەوەیـــە كـــە ســورەتی(أخــلاص) كــە نیشــانەی تــاك و تەنیایی خودایە جل و بەرگی ڕاسـتی خـۆی لێئامــادە دەكــات و لــەناو ئــەو خەڵكــە هاوبـــەش دانەرانـــە. ئەوانـــەی لەســـەرەوە ئاماژەیان پێدراوە بەڵگەیەكە بـۆ شـارەزایی مەحوی لە زمانی كوردیدا لە دروستكردن و دارشتنی وشەی نوێدا و یاریكردن بـە وشـەو ڕازاندنـەوەی وشـە. تێكـەڵكردنی پاشـگری كـــوردی و وشـــەی عـــەرەبی. مـــەحوی خزمەتێكی زۆر گەورەی بە زمـانی كـوردی كردووە بەلاَم تاكو ئێستا شرۆڤەی تەواوی بۆ نەكراوە.

**<u>سەرچاوەو پەراوێزەكان:</u>**

**١-دیـــوانی مـــەحوی، لێكۆڵینـــەوەو لێكدانەوەی ملا عبدالكریمی مدرس و محمـدی مـلا كـریم چـاپی بەكـەم، ئینتشاراتی كوردستان،٢٠٠٣ سنندج.**

**٢-ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی بەرگی یەكـەم، مۆرفۆلـۆژی، بەشی یەكەم ناو بەغداد ١٩٧٩.**

**٣-هەژار، هەمبانە بۆرینە، سروش تهران ١٣٨١ هەتاوی.**

**٤-مارف خەزنەدار،مێـژووی ئـەدەبی كوردی، ب ٤ ، ئاراس ٢٠٠٤ هەولێر.**

***ماموٚسـتا لـە پـەیمانگای مەڵبەنـدی ماموٚستایان_ڕانیە.**

# یاخی بوون له باوك له دیوانی (بەفرانباری ٢٣ ساڵ ) دا

هێمن عومەر خۆشناو

قسەکردن لەسەر کۆ بەرهەمێکی شیعری دەرفەت و تێڕامانی زۆری گەرەکەو لەو دیو پەنا ڕووکەشییەکەی پرسیار گەلێك و سەرنجی قوڵتر لای خوێنەر دروست دەکات، کاتێك دیوانی بەفرانباری ٢٣ساڵی برای شاعیر جەمال نەجاری دەخوێنیتەوە کۆمەڵێك هێمای نادیاری لە شێوەی ڕەمزو بەهای ئیستەتیکی هاوپێچ لەگەڵ واتایەکی نقووم لە نائومێدی ڕووبەڕووی خوێنەر دەبنەوە، ئەم نائومێدی و ڕەشبینییە خۆی لە سەرنج و هەڵوێست دەئاخنێ و دواتر حوکم وبڕیار بەسەر ئەو شتانەدا دەدرێ کە هۆکاری ئەم ڕەشبینییەن.

لەو سۆنگەیەش کە شیعر دەرخەری دیوی ناوەوەی هەست و سۆزو بیرو ڕاو سەرنجەکانی شاعیرە، تێڕوانینەکانیش بەشێکیان پەیوەست و بەندیوار دەبن بە دیوارەکانی هەڵوێست، بەو واتایەی وشە جار بە جار لە قالبی هەڵوێستێکی ڕووت خۆی نیشانی خوێنەر دەدا، ئەم جۆرە قالبە سیمایەکی جیاکەرەوەی تری هەیە لەگەڵ تێڕوانینەکانی تر بەوەی کە هەڵوێست جۆرێك لە حوکمدان و دەرخستنی چاکی و خراپی و یا خۆشەویستی و ڕق و کینە....هتد دەنوێنێت.

یاخیبوونیش کە دەرهاویشتەی ئەو هەڵوێستە نەفیانەیە بەرامبەر بە شتێك، سەرەتا لای شاعیر لە نیگەرانی و تووڕەییەوە سەرهەڵدەدات، پاشانیش لەگەڵ زیادبوونی ڕقەکان یاخیبوون و نەفی کردنی خۆشەویستی بۆ ئەو شتە دەردەبڕێت.

باوك و دایك بەو دوو کەسە نێرو مێیە هاوسەرانە دەگوترێت کە ڕۆڵەیان خستبێتەوە، لە سەردەمی دروستبوونی

مروڤەوەو دوای ئەوەی ئادەم و حەوا ڕۆڵەیان خستەوە و بە باوکە ئادەم و دایکە حەوا ناسران، ئەم دوو وشەیە بە درێژایی مێژوو بە پێی هاتنە کایەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی...هتد لە ململانێیەکی توندو سەختدا بوونە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی زیاترو دەسەڵاتگرتنە دەست، بۆیەش بە پێی گەڕانەوەمان بۆ مێژوو، سەردەمەکانیش گرێدراون بە هەردوو وشەکەو هەڵبەزو دابەزیشیان بە سەردەمەکەوە پەیوەست بووەو هەر لەناونانی سەردەمی دایکسالاری تا باوکسالارییەوە.



دەشێ ئەم ناوانەش بە تێپەڕبوونی کات سەرەڕای ماناکانی خۆیان بۆ مانای تر بەکارهاتبن و بە شێوەی خوازە(المجاز) لە زۆر دەربڕیندا بەکار بێن.

پیاو یاخود باوك لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت بەسەر ئەندامانی تر و بتوانێ دەسەڵاتە بچوکەکانی تر قۆرخ بکات، ئەو کاتە دەنگی نارەزایی لە دیوە شاراوەکانی نێو تێکستە ئەدەبی و شیعرییەکانیش وەك هەر نارازیبوونێکی دیکەی مەیدانەکە دەنگی دەبیسترێ. بە واتای ئەوەی کە شیعر هێندەی بەناو ناخی بێدەسەڵاتیدا شۆڕدەبێتەوە، هێندە دەسەڵاتخواز نییە هەروەك ئەدۆنیس پێی وایە کە" شیعر هێمایەکی ڕۆشنە بۆ هەموو ئەوانەی بە ناوی حەقیقەتەوە دەسەڵاتخوازی ڕەت دەکەنەوە کە ڕاسترین شتێکیش شیعر بە پەیامی خۆی پێمان بڵێت ئەوەیە کە مەعریفەو حەقیقەت هەمیشە لە دەرەوەی دەسەڵاتە". ※

بۆیە لێرەدا شیعر دەبێتە هاوڕازو هاوپشتی بێ دەسەڵات و زەبوونەکان کاتێك کۆمەڵگا دەسەڵاتی لە دەست چەکێك ناوە کە (باوك-پیاو) ە. شاعیر لە سەرەتای یەکەم ناساندنی باوکدا لە شیعری (ئەو ژومارانەم خۆش ناوێ) دا دەلێ:

**پیاو، پیاو = بیر لە کوشتن دەکەنەوە**

**ژن، ژن = ئای بابە چەند بێ رەحمی**

ل٥١

لەم ئاقارەدا دەنگی شیعر بەرزتر لە هەموو سەرنجەکان دەیەوێت دیوی چەپەڵی ناوەوەی هەر شتێك دەربخات، ( پیاو، پیاو) کە سیمایەکی پوخت کراوەن بۆ دروستبوونی باوك، شیعر سەرنجی وایە کە ئەمان بەیەکەوە بیر لە کوشتن دەکەنەوە، ئەو کوشتنەی سەرەتاکەی بۆ ململانێی نێوان(دووکەس، دوو پیاو، دوو برا) دەگەڕێتەوە، لە بەرامبەر نا دەسەڵاتخوازی و بەرائەتی مێینەدا، ئەوانیش بریتین لە هابیل و قابیل کە یەکەم تنۆکی خوێنیان لە سەر زەوی ڕشت و بیریان لە کوشتن کردەوەو سەرەنجام یەکێکیان ئەویتری کوشت.

کە(ژن و ژن) لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی پیاوێکدا کۆدەبنەوە، یا دوو میللەتی چەوساوە لە بن دەستی دەسەڵاتێکی ستەمکار، شاعیر ستەمەکە دەخاتە ئەستۆی پیاو بەوەی بەرامبەر ئەوان بێ بەخشندەیە، بۆیە کۆکردنەوەی دوو رەگەزی مافخوراو لە ژێر چەترێکی تاکانە دەسەڵاتی سەردەکێشێ بۆ هەڵوێست وەرگرتنی شاعیر بەرامبەر ژمارە(٢) و تێیدا دەڵێ:

**ئای دایە گیان دووم خۆشناوێ**

**بابم دوویە** ل ٥١

لەبەر سنوور بەدەری بێرەحمی باوکدا هەڵوێست وەردەگرێ و بە شێوەیەکی دژیەك و کاردانەوەی تەواوی دەبێژێ:

**ئێستا ئەڵێم دایك بۆ من کانیاوێکە**

ل٥٠

دەربڕینی خۆش نەویستن یا ڕق لێبوونەوە لە هەمبەر چەمکی(باوك=دەسەڵات) بریتییە لە کەشفکردنی شتێکی قەدەغەکراو، بە جۆرێك بە داوای لێبووردنەوەو بە پەرێز پاکی خۆی و داڕنینی چەمکی خۆشویستن لە چەمکی باوکدا بە دەردێخێ. تا دەگاتە ئەوەی لە سەنگەری نێوان ئەو دوو چەمکەدا لە بەرەی دایك دژ بە باوك دەوەستێت:

**ئای دایە گیان**

**گەر دوو باش با**

**خوا دوو ئەبوو**

**ئەی بۆ دایە، کەس دوو جاران نابێ لە دایك**

**بابم( دوویە)**

**ئاخ بابە گیان خۆشم ناوێی، تۆ بمبوورە!**

ل٥٣

سەرەڕای هەموو ئەو پەیوەندیە ڕۆحییە ئەزەلییانەی کە لە نێوان باوك و ڕۆڵەدا هەیە، زۆر جار گریان کۆڵەگەیەکی سیماییانەی پڕ ئولفەت دەبێت دەبێ و دەبێتە دەنگ و ڕووخساری ئەو پەیوەندییە، بەلاّم( نەفی کردن) کە دواجار یاخیی بوونی یەکجاری لێدەکەوێتەوە، هەموو ئەو دیوارە پەیوەندییانە دەشکێنێ و سەرەتاکانی یاخیبوونی خۆی بە دەرخستنی چەند سیمایەك نیشان دەدات:

**ئاوا باوکم بۆ من دەگری**

**من بۆ باوکم نەگریاوم**

**نە ئێستا نە لە ڕابردوو**

**خوشکەکانم**

**براکانم**

**هەرکام (یەکن) خۆشم دەوێن**

**ئای بابە گیان**

**تۆ بلێی دوو نەبێ بە یەك** ل٥٤

تا دەگاتە ئەوەی دووبارە یاخی بێتەوە لە باوك و بە بێ ڕەحمترین کەسی ناوبات، ئەگەر چی پەیوەندییەکی پتەوی دوانەییش لە نێوانیاندا هەبێت، بەلاّم خۆی بەم شێوەیە پێناس دەکات:

**یەکم یەك**

**دلۆپێك**

**دلۆپێك لە دەریای بێ ڕەحمی باوکمدا**

دەشێ ئەوانەی باسمانکردن لە هەردوو چەمکەکەدا باوك جگە لە مانای سەرەوە ڕێك بریتی بێت لە (دەسەلاّت) یاخود کەسانی زۆرداری نێو فەرمانڕەوایی بگرێتە خۆ، هەروەك دایکیش (نیشتمان و گەل) بێت، کە دەسەلاّتی داگیرکەرو ستەمکار چەندە نیشتمان ئازار دەدات و دەیچەوسێنێتەوە.

واتە: باوك= دەسەلاّت

دایك= گەل و نیشتمان ( خەلّك وخاك)

سۆزو خۆشەویستی کە بەشێکن لە خەسلّەتە چاکەکانی مرۆڤ لە هەمبەر تووڕەیی و ڕق لێبوونەوە، شاعیر لەنێوان دایك و باوکدا سیمایەکی جیاکەرەوە دەنوێنێ بە وشەکانی ( تووڕەیی و ئەوین) وەك لە شیعری نامۆ دا دەلّێ:

**ڕەقاو ڕەق تووڕەیی بەش ئەکەم**

**بە خاك و بە باران**

**پشتاو پشت(ئەوینم) بەش ئەکەم**

**بە خواو بە شەیتان**

**باوکم تووڕەیی**

**دایکم: ئەوینە...** ل٧٠

شاعیر لەبەرامبەر پیاودا هەمیشە بێرەحمە، دەشێ ئەم بێرەحمیە زادەی سیمایەکی زمانی بێت و گوزارشت بکات لە دەسەلات، دەسەلاتێك کە رەحمی بەرامبەر ژیان و ئەو ناجولێت، یاخود رەنگدانەوەی ئاوێنەیەکی روونی سەراپا لە ژینێکی کۆمەلگایەکی دەسەلاتخوازی پیاوسالارانەی تا سەر ئێسقان بێ لە بێ بەخشندەیی. دوبارە لە شیعری(١٧پیرۆز) پێداگری لەسەر ئەمە دەکاتەوە:

**ئێوە بێ رەحمەترین وشەی ژیان، پیاو**
**لێتان پیرۆز**
**کە ئەمرۆ ئەستێرەیەك فری بە باڵی سەوزو سوورەوە. ل٧٥**

بەخشندەیی دایك یا روونتر بڵێین نیشتمان هەمیشە وەك باران بەسەر رۆحدا دادەباری و تەرو شیداری دەکاتەوە دەبێتە هۆی بووژانەوەی عەشق و ئەوین هەمیشەش لە هەولی مانەوەی دایە، دەکری هەر ئەم کاریگەرییانەش ببێتە هۆی ئەوەی پێشکەشکردنی دیوانەکەی بە (فاتمە زەندش) ی دایکی کردبێت. بە پێچەوانەوە لای باوك یا دەسەلاتێکی ستەمکار، عەشق و ئەوین کز کز دەبن و لە سەردەمی دەسەلاتی رەهای ئەودا ون دەبن و ئەویش خالی دەبێت لە رەحم و سۆزو ئەوین و هەستی گریان و دەستی میهرەبانی...

بۆیە لە شیعری(تا باران) دەڵێت:

**دایکم باریوە وەك گریان:**
**ئەشقەکەم بمێنی**
**تا سوتان چ تامە؟**
**باوکیشم**
**ناوی خوا بەئاستەم دەهێنێ**
**ترساوە لە نەچوون**
**تا بەهەشت گریاوە.** ل٤٥

چەمکی (باوك) لەم دیوانەو یاخیبوونی شاعیر لێی دەشێ زیاترو فراوانتر لێی بدوێین و ماناو مەدلوولی بێسنووری لێ وەدەست دەهێنرێ، بەلام ئەمە سەرقەلەمێك راڤە بوو هیچیترنا..

---

*** رامان، ژمارە ١٠٦**
**بەفرانباری٢٣ ساڵ، جەمال نەجاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٥**



# زمـــان له پەندی کوردیدا

**هۆشیار نوری لەك**

جەســـتەی ئــادەمیزاد لـــە چـــەند پێکهاتەیەکی جیا جیا پێك هاتووە، کـە هەریەکـەیان تەواوکـەری ئـەوی تـرە. دەکرێ بڵێین مرۆڤ بە جوانترین شێوەو شێواز دروست کـراوە ئـەو گیانلەبـەرە ژیرەیە کە لە سەر کۆشی جیهاندا دێـت و دەچێت هەر ئەوە دەتوانێ پێبکەنێ و بگریێ و گفتو گۆبکات.

هەڵبەتـە قسـەکردنی مـرۆڤ بـە هـۆی زمانیـەتی لـە سـەر ئـەم زەمینـە پـانو پـۆرەدا،هـەر نەتەوەیـەك بـە جـۆرێ قســـەدەکات تەنانـــەت لـــە نـــاو نەتەوەکانیش جۆری ئاخافتنیان جیایە.

زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە حـاڵی کردنــی بەرامبەرەکــەت دەبێتــە هــۆی دروست کردنی کەسیەتیش.

زمـانی پـاراوو گفـتی شـیرین مـرۆڤ خۆشەویسـت دەکـات لـە لای خـەڵك، ئەوەی ئێمە گەرەکمانـە لێـرەدا باسـی بکـەین دەربـارەی زمانـە لـە پەنـدی کوردیدا و گەلێ پەنـدو قسـە گـوتراوە ئێمە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

- زمانی درێژ بۆ بڕین باشە.

واتە ئەوەی زمـانی درێـژ بکـات و زۆر قسـە بکـات زمـانی بـۆ بـڕین باشـە، چونکە زمان بەلای پێوەیە.

• زمــانی شــیرین لــه بەهەشــتیێ هاتیه.

واتــه بــه ئاخــاوتنی خــۆش دەتــوانی هەموو کارێك له گـەڵ بەرامبەرەکـەت بکەیت.

• زمان پاریزگارته ئەگەر پاراستت دەتپارێزێ.

پاراســتنی زمــان لــه هــەمو کارێــك پێویستتره.

• زمانی سوۆر درۆی ناکا.

واتــه بــه یــەکێك دەڵــێن نەیــەوێت ڕاستیەك له زاری دەرپەڕێت.

• زمان بەڵای سەره.

واته مــرۆڤ زۆر توشــی شــەڕی بــەڵای خۆی دێ له ئەنجامی شەڕی زمان بۆیـه مەردوم دەبێ له زمانیان ووریا بن.

• زۆر گوتن قورئان خۆشه.

واتــه زۆر گــوتن وهەلەپاســی کـارێکی چاك نــی یــه و تــەنها قورئــانی پـیرۆز چەندی بخوێندرێ دروسته بــه مــەرجێك ئەویش له کات و شوێنی خۆی دابێ.

• زۆر گوتن لەزگ سوتن.

وات مرۆڤ هەندێ شت زۆر دەکاتەوه له داخاناو دڵی به کارەکەوەیه بۆیه چەند بارەی دەکاتەوه.

• زاری خــەڵکی بــه مــن و تــۆ ناگیرێ.

واتــه: چــونکه خەڵکەکـه زۆرەو قســه ئەکەن و به دو سێ کـەس نـاگیرێ لـه جیاتی ئەو، پیاو ئاگای لـه خـۆی بـێ نەکەویته بەر زاری خەڵك.

• زاری خەڵك کونه دیــوار نــی یــه پەڕۆکی تێپەستی.

ئــەوەش هــەر مانــای وەك ئــەوزارەی پێشوه واتــه تــۆ نـاتوانی زاری خــەڵك بگری هەر ئەبێ مرۆڤ خۆی ئاگـای لـه خۆی بێ.

• زمانت بگرەو سەرت ڕاحەته.

واتــه: ڕاحــەتی ســەر لەوەدایــه مــرۆڤ زمانی خۆی بگرێت.

• زمانی لــه ئــەڵماس تیـژترەو لــه گوریس درێژتره.

به یــەکێك ئــەڵێن زمــانی پــیس و دەم درێژو تڕ زل بێ.

• زمان کورتی بەژن درێژ به.

واته مرۆڤ ئەگەر زمانی خـۆی گـرت و بەری نەدا ژیانی درێژ ئەبێ و خۆشی لە خۆی ئەبینێ.

- زار خۆش زگ ڕەش.

بـە کەسـێکی قسـە خـۆش و دەروون خراپ دەڵێن.

- زاری عالەمێ کونە دیوار نی یـە تۆپە قوڕەکی پێدادەی .

واتە: مەردومت پێ دەم کـەت ناکرێـت هەموو قسە دەکەن.

- زۆر برێ هەموو شت دەرێ.

وات مرۆڤ کاتێ زۆر قسەی کرد چاك و خراپ ئەڵێ، کەواتە زۆر نەڵێ باشترە.

- زمان بڕی سەری سایەوە.

مرۆڤ پشو دەدات گەر زمانی نەبێت.

- زمان لوس و کلك پان سەرچاوەی هەموو فتنان.

واتە ئەوانەی زمانیان لوسە ئەوەی قسە دەهێنیـت و دەبـەن و فتنـە دروسـت دەکەن.

- زمـان بـێ ئێسـکە بـە هـەموو لایەك ئەسوڕێ.

واتە دەتوانی هەموو قسەیەکی پێبکەی بەڵام نابێ بەڕەڵای بکەی.

- زمان یەکە، گێچکە دوانە،یەکێ برێ،دوان بزانە.

واتە مرۆڤ یەك زمانی هەیە بـەڵام دوو گوێ هەیە، کەواتە دەبـێ زیـاتر گـوێ بگرین نەك قسە بکات

- زمانی بە ئاگردا جزا.

واتە زمانیان سوتاند.

- زمانی بگری بە قونی بـە جـواب دێ.

بە کەسێکی زۆر بڵێ دەڵێن کە نەتوانێ دان بە خۆیـدا بگـرێ لـە کـاتی قسـە کردن.

- زمانی لە نـاو دەمـی خۆیدایـە، بـەڵام قورمیشـەکەی لـە نـاو گیرفانی خێزانی دایە.

بە پیاوێك دەگوترێ کە پرس و ڕای بـە خێزانەکـەی بێـت بـە وانـەش دەڵـێن (ئۆمەر).



ڕەسووڵ سوڵتانی (هۆزان)

# ئێمە دەگەڵ "نا" باریوین

سەرەتا...درۆ

کۆتاییش...                    **

کێڵگەیـــەك لـــەنێوان ئـــەم ســـەرەتاو

کۆتاییەدا

کە ڕاستی تێیدا شین نابێ !

کە ڕاستی

لە وەرزی هیچ زەویو

بە کێڵگەی هیچ وەرزێك دا نەباریی.

ژیان !

بە تراویلکەی سەداقەتەوە سەرقاڵ

پێکەنین

بە ڕەنگەزەردە دزراوەکەیەوە،

نەخشین

ژیکەڵەترین نیگا ئەو نیگایەی دڕکەجاری

دەخوێندەوە.

هاتین

بەشەقامێکی بۆگەن دا

مەست...

لەدرۆ...لە بۆگەنیو.



بەختەوەرن ئەوکەسانەی

هەرگیز هۆگری چرا نەبوون.

گزە ژێکەڵانەکانمان،

وەهایـــان وەسوەســـە کـــردین کـــە

جێژوانمان پڕکرد

لە شەرمی سەداقەت.

تاسە باران !

قەدری شەو بگرن تەنانەت

لەبەر خاتری ئەستێرەش بێ.

بە ئەسپایی وەرن.

"ئێستا"

هەر شووشە چرژاوەکەی ڕابردوویەو

کۆڵانەکان

لە شەقام بێ دەسنوێژ ترن.

بەڵام ئەودەم

بەچاویلکە چاومان لە باخچە نەدەکرد

بە میکرۆفـۆن پەپوولـە تاوانبارەکانمـان

نەدەدواند

ئـەودەم بـە خەنـدەی بـەر پشـتوێنمان

گوڵمان لە بەرۆکی خەون دەدا

ئێستا بەقاسپەی سووری تفەنگ

لاووك بۆ خونچەکان دەڵێین.

تۆش..حەزناکەی سێبەری ئەم ڕەشماڵە

بە جێ بێڵێ.

منیش
وازنـــاهێنم لــە گـــاوانیی ڕەشـــبەڵەکی
ئوستوورەکان.
لە ژێر سێبەری ئەم ڕەشماڵە پیرۆزەدا
هیچ کەس نابێ
بوختـــان بـــۆ درۆی موقـــەددەسمان
هەڵبەستێ.
"درۆ"
کچێنی خۆی
لە باوەشی بـزەو بـەڵێنی و شـەراب دا
بە ئێمەدا،
هاتین
بـــۆ نووســـینەوەی ســـەر لـــەنوێی
سەرەتاکان
تینــــــــووتر لـــــــە جـــــــاران
بە درۆو
تا سەبارتر بەگزەو
ڕق ئەستورتر لە ڕاستی.

**

ئێمە دەگەڵ"نا" باریوین
"نا"بۆ خۆمان
بۆ (ژ ی ا ن)



ئێمــه ئەوەنــدە سەرخۆشــین بــە
شیوەنیش هەڵدەپەڕین
من لەو شەقامە بەختەوەرانەوە دەڕوانم
کــە چــاوی ڕەش هــیچ پەنجەرەیــەک
نایانبینێ
تــۆش بــە کۆڵانێــک دا وەرە هــەرگیز
خەونی مانگی نەدیتبێ
ئەستێرەی نەدواندبێ...دەنا
تۆش تاوانبار دەمری.
من لە تاوان نادوێم...چ بکەم؟
تاوان تابلۆی شەقامی یەکەم هەناسـەی
ئێمەیە
هەتا چاوبڕدەکا...ڕەش...ڕەش..
ئەگەر هاتی:
لەسەر دوو ڕێـانی "درۆ" و "ڕاسـتی"
نوسراوە:تاوانبارە خۆشەویستەکان
ڕاست ← چەپ
تۆ ڕاست بەرەو لای چەپ وەرە
با لە شەتاوی زولاڵی گوناحدا
نوقمی ئەو تاوانە شیرنانەبی
کە ئێمە...
گەر دەتهەوی
ڕاستی بژی.



دەوران محەمەد

# شەوگارو جەنگەڵ

لەم نیوەشەوەداو زەمانێک لەمەوبەر
زەمانی تروسکایی ئەمەل بوو
منیش بەگشت فەنتازیایەکی خۆمەوە
تێڕامام و
بە ئومێدی ئەوەی کە سپێدە
بەجوانی گزنگێک
دەست نوێژی شەو ئەشکێنێ و
لە سەر بەرماڵی بەردەوامی دەری
ئەکات
لەپەنجەرەی بێ دەنگیمەوە بە مانگم
وت
ئەگەر ڕۆژ بوویەوە ئەی مانگ
من ئەتوانم بێمە لات و ئاوێنەی ڕەنگی
سپیت بم
دێم و پرشنگی خەرمانەکانت دێنم
دەیدەمە دەم ڕۆژ لە ئێوارەدا
من خەونم ئەدی
خەونم بە جەننەتی شاری ئەندێشەوە
ئەبینی
بە کۆڵانی ژمارە خۆزگەدا تێپەڕیم و
گوزەرم بە کوچەی تەنیایدا کرد
گەیشتمە شەقامی نائومێدی و ئەبینم
لەسەر پەرژینی تازە گوڵەکان،
شەمشەمەکوێرە پاسەوانە



ئەو پێش بە هەنگاوەکانی من ئەگرێت
بەو شەقامە بڵێن توخوا کەی کۆتایی
دێت ؟
گەر ئاورێک بەمەوە ئەبینم
هەر دەفتەرێکی ڕابردووم
چوار لاپەڕەی پڕ لەگەڵای وشک و
زەردی
تیا جێ ماوەو
هەر لاپەڕەیەک وێنەی سێ درەختی
ڕەشپۆشی پێوەیە
هەر درەختێ....
جێ گورزی سی جەللادی بە جەستەوەیە
بم بوورن مرواریيەکانی دەریای خەیاڵ و
فریشتەکانی جەننەتی خەون
من ئەوەندە لەبەردەم پەنجەرەی
ڕەنگینی خەیاڵدا
کڕنوشم برد
هاکا عەقڵم لێم زویر بوو
هێندەم خەونی وەنەوشەیی بینی و
تاریکی ڕەنگی لی سەندن
خەریکە خۆری خەونەکانیشم
لە ئاسۆی بێ ڕەنگیدا بمرێ



ئەم شەوە کەی کۆتایی دێ گەلۆ؟ چەند

سـەیرە مـژدەی سـپێدە دڵـی هـیچ

شەمشەمە کوێرەیەک ناترسێنێ

ڕەنگی هیوا ..

لەگەڵ چاوی پشیلەیەکی برسیدا

جیا ناکرێتەوە

عەجەب سروشتی ئەم خەراباتە....!؟

ئاسمان بۆ دووری هەور ئەگری و

هەورەکان عەوداڵن..

بەدوای یەک نمە بارانی ترداو

درەختە ئەرخەوانییەکانی شاریش

هاوار دەکەن..

توخـوا بـا بارانێـک ڕەنگـەکانمان بـۆ

بێنێتەوە

تا لە سێبەرەکانماندا

کۆڕی ژوانێکی دی ببەسترێ

ئەم شەوە بەسانایی کۆتایی نایەت و

ئێمـەش ئەمانـەوێت لـەناو پێخەفـە

تۆزاوییەکاندا

بیبەینە سەر

شەوێکی هێند سحراوییە گەلۆ

هاوارەکـان نـاوێرن لـە بڵنـدگۆی

دەرونەوە

بێنە دەرێ



ئەمە چ دارستانێکە هەموو دەڤەرێکی
وەکو یەکە؟!
کۆترە وەنەوشەییەکانی بێ پەڕوو پۆ
ماونەتەوەو
پرسە بۆ باڵیان ئەگێڕن.
لە شەقامی نائومێدی دا.. شێوەکارێک
وتی:
لە پێشانگەی ئێمەدا
وێنەیەک ناتوانێت ڕەنگێکی جیاواز
وەرگرێ
دێوەزمەکانی کۆنە جەنگەڵێک
هەموویانیان بەیەک فڵچە ڕەنگ
کردووە
ئەم شەقامە نابڕێتەوە..
پێش بە هەنگاوەکانی من دەگرێ
ئای؟؟
چەندە تامەزرۆ بووم
ئەو سنەوبەرە بەڕەنگی سەوزیەوە
ببینم و
لە سەر لقە بەرزەکانی
بۆ ماڵی دوو پەری سەرنجم ڕاکێشێ و
دەمیان ئاوێتە کەن و
بە ئاوازی عەشقێکی نوێ
بێ دەنگی شەو بشکێنن .



بەداخەوە .. بەداخەوە

من بڕوام بە سپێدەش نییە

تکایــە ســپێدە ئەگــەر بەرگــەی هێــزی

ئێوارەیەك ناگری

نەکەی دەست نوێژی تەنیایم بشکێنی

ئاخر، من سپێدەیەك ناناسم

ئێوارە هەڕەشەی ئاوابوونی لیٚ نەکات

دێوەزمەکانی کۆنە جەنگەڵ

بۆ لیٚ ناگەڕێن؟

خۆ من هیچ خۆزگەیەك نامگرێتە ئامێز

ئەرشیفی هیچ خەونێکی خۆش

وێنەی من لای خۆی

هەڵناگریٚ...

من وێڵی دوای بەهاریٚ بووم

کە ڕەنگی خۆم

لە سەر پەڕەکانی گوڵێکدا

بدۆزمەوە

کەچی هێشتا..

ڕۆحم ڕەنگی پایزێکی بێڕەحمەو

هەناسەم بۆن کڕوزی

وشە سپییەکانمی لێدێت

تابلۆیەکی بیٚ ڕەنگم

بــە دیــوارە ئەرخەوانییــەکانی ئــەم

مەیخانەیەدا هەڵواسراوم

كە خاڵی‌یە لەوەی

مەیخانەیەكی فریودەرە ئەم مەیخانەیە

هێشتا پێكی مەی بەكەس نەداوە

كەچی زۆرینەی مشتەرییەكان

لەدنیای بەدمەستی خۆیاندان

بڕوانە سروشتێكی تراجیدییە

خەونی شەمشەمەكوێرەیەك ڕیالیزمی‌و

ئاواتی هەنگە بێ گوڵەكانیش خەیاڵێكە

بەر جەستە بوونی سەرابە

زوڵماتێكی درۆزن

وێنەكان پێچەوانە نمایش دەكات و

ئاوێزەی شمشێری جەللادەكانمان

بەبەرگی ئەستێرەوە نیشان ئەدات

بمبوورە..

تكایە بمبوورە ئەی مانگ

پلەكانی پەیژەی بە تۆ گەیشتنم

بەتەوری باخەوانەكان ئەشكێنرێ.

بۆ لێناگەڕێن

پیرە دێوەزمەكانی جەنگەڵ بۆ؟

دڵنیابن

تەنیاییەكەی من بەوەفایە

ناهێڵێ ساتێكیش تەنیابم

چیدی پشت هەڵدەكەم و



لــە شوشــەی پەنجــەرەی هــیچ ماڵێــك

نادەم

با، شوشەی تەنیاییم

لەنێو ئەم بەردەلآنەدا نەشكێ

لە تاریكی ئەم جەنگەڵەدا

خێوەتی خۆم لە كەنارەوە هەڵدەدەم

نەبادا ئەم یەك ڕەنگی یە كوێرم كات

لەم وەرزە بێكۆتاییەی پایزدا

كێ ڕەنگی گوڵەكان دەبینێ !؟

لەحوجرەی ئەم نائومێدییەدا

كێ دەست نوێژی ئومێدی نەشكاوە؟!

لەم شەوە تاریكەی پایزدا

كێ هەیە

خەو بەسپێدەیەكی بەهارییەوە نەبینێو

نەڕەی دێوەزمەكان ڕاینەچڵەكێنێ ؟!

سا لێگەڕێن

پیرە دێوەزمەكانی كۆنە جەنگەڵ

ئیــدی دائەنیشــم بــەدیار تروســكایی

ڕۆحمەوەو

لە میحرابی تەنیاییەوە

داوای بانگی بەیانی ناكەم

( لێمگەڕێن.. لێ..

با لە تاریكیدا بمرم.. )

# (بــــا)



عیماد ڕەسول



تابلۆی محەمەدی ڕۆستەم زادە

سڵاو لە (با)...

کە قژی زەردی کچێکی،

کراس سەوز،

لە جیاتی من

دێنێو دەبا...

سڵاو لە (با)...

کە ناسنامەی سەر لاسینگی

سەرنخوونی کچی ئێرە،

وەردەگێڕێ،

ڕێک و تەبا...

سڵاو لە (با)...

لە دوورەوە

کەبۆنی ئەوی بۆم دێنا...

لە کاتێکا،

چاوم لە چاوی ئەو نەبا...

سڵاو لە (با)...

ئەو کاتەی کە لە گەڵیا بووم،

دەنگە بەرزەکەی کپ ئەکرد...

لە کاتێکا،

لەنێو گێژاوی گومانا

نەدەیگوت(نا)

نەدەیگوت(با)

سڵاو لە (با)...

سنووری لێوو دەم ئەبڕێ...

لە سیەکانیا ئەخولێتەوە...

بۆنی شان و ملی دەکا...

بۆ من ناتوانم،

عەجەبا؟!

سڵاو لە (با)...

لەسەر بانی هاوینانا

کە ئەو ئەوکاتە هەرزە بوو،

لە کەلێنی پێخەوەکەی

دەڕۆیشتە ژوور...

لە هەر درزێکی لەشیدا

بە ئازادی دەخولایەوە...

وەك زاوایێ تارای سپی،

لابا لە بووکی عازەبا!

سڵاو لە (با)...

کە گەرمایی لەشی ئەوم بۆ دەهێنێ...

من دەپرسم:

گەر با نەبا،

چیم کردبا؟!

کەوایە، ئەی (با)

مەرحەبا..!

# شـــــــــار

کەریم حیکمەتی

ئەورۆکە
شـار
لە گاپارەی،
پەڵە هەورێکی نامۆدا
لاوکی نووستن دەچڕێ
لە بێ سۆمایی چاوەکان
هەموو دەمێ
هەورە شەوە
ئاخ
بۆ دەستی گەردەلوولێ
ئەو هەورانە
سڕێتەوە !

# خەونە پەمەییەکان



هۆگر حسین قادر

لە سەرو بەندی ئاوزنگی حەزەکاندا
پەیژە – پەیژە
سەردەکەوتم بۆ مەزادخانەی بیرەوەریەکان
چاوەکانم بێ هێزو لاواز
زوبێرو زگار
چومە قولایی دەریای خەوتنەوە
جریوەی ئەستێرەو
نزاو پاڕانەوی شەو
کە بۆ سەرەتاتکێی خۆرەتاو
هەنسکی ئەدا
تریفەی مانگیش دڵنەوایی ئەدایەوە
تەواوی ئەمانەم سپارد
بە ڕەنگاڵە ترین خەونی غوبار ئاسا
خۆم کرد بە ژووری مرواریەکان
لە چەقی دەریادا
دانە دانەی مرواریەکانم

به دەستی خۆم
خڕ کردەوە
گەلێ هاتم و چوم
گەڕام سەڕام
ئەمجا
دەیان خۆم کرد بە دیوە خانی
سەرابە ئاویەکان
بە دوای سۆراخی خەوندا دەگەڕام
کەچی خەون خۆی هات بە دوام
خەونم بینی
لەم خەوەدا
ئەخیاوات میوانی ڕێگەمە
قۆناغی ڕۆیشتنم
بە درێژای کۆلانی
پشت ماڵەکەمانە
کاتی ئاوا بونی زەردەپەڕ
بە دەم لاوژەی لێوانەوە
هێدی- هێدی
هەنگاو دەنێم
چ ببینم:
پەری زادەیەکی سپی پانی باریکەلان
لە بەردەمی چەقی دەروازەکە
وەستا بوو
چاوەڕوانی دیداری

خەو بینینێکی سەر ڕێگای دەکرد
دەق و دۆغر
چومە بەردەمی ڕێبواری دوورە ڕێیان
پاش وەستانی هاتمە پەیڤین
بە سەر زمان و لاژێ یان
چۆنی چاکی
ئێوارە باش
ئەی ڕێبواری سەرما بردەڵەی
بە فرە بارانی سەر ڕێیان
فەرمون ڕەت بن
وەرنە ژوورێ
تینوێتی ڕێگا بشکێنن
بە دەم ورتە ورتەوە
خوایە چی بکەم
لۆمەم نەکەن بڵێن
کچی سەر عوزر شۆڕو
ڕوو بازاڕی لە گەڵدایە
من لەو ساوە داخ
بۆ ڕۆندکە سوێرەکانی خۆم ناخۆم
لە بەر ئەوەی هەموو شەوانی خەوتن
خەندەکانت بە دیارمەوە
سەما دەکەن

# ((...))

**عەتا جەمالی-بۆکان**

شین...شین
شینتر لە چاوت
شەپۆرانە.
ڕێ سینگ ئەکوتێ،
مانگ خۆ ئەڕنێ،
ئاسمان دڵپڕ لە شینایی،
لەم بوومەلێڵە مەنگەدا
تۆ شینگێڕی
چ بە ڕەنگ و چ بە فرمێسک.
ئەی ڕووسوور
من نازانم کام ڕووسپی
دڵی قەڵەمیشی ڕەش کرد
وا ناتوانێ شین بنووسێ
چ ڕازێکە لە خۆبایی !
بێ بەری بوون لە پایزە سێوێکی سوور
بۆ بەش کردن
چ ڕازێکە لە خۆڕایی خۆ ڕەش کردن
لەم زەردی خۆرەتاوەدا
ڕۆژ گرتن

خۆ دەربازکردن

ماندووم...

ماندووم لەشین  و

لەچاوت

ماندووم لەشین  و

لە مردنی سەدان جارەت

لەناو دڵما

ئەرێ ماندووم

لەتۆ

لە باغ

لە پێکەنین

لە ئاوێنە

لە باران

ماندووم لە شین

شاغەزەلێکی شاهانە بۆ شای شین پۆشی چاوەکەت

من شاعیر نیم،

شینگێڕم.

چیرۆك

# دەســـت و ئـــاســمـان

## دڵشاد هیوا

بەهارێك بوو، دوور نا نزیك. بەهارێکی گەرمێن کـە تـا ئێسـتاش چـاوەڕوانی گـوڵێکی لێئەکەین. هێشتا زۆر چوزەرە گیای ئەو بەهارە دەسـتیان نـەکردبووە سـەرەتاتکە لەگـەڵ گەواڵـە هەورەکاندا کە تاو نا تاوێك دەهاتن و بێ ئەوەی ئاوڕشێنێکی ئەو پێدەشتە بکەن وەك خوری شـی ئەبوونەوە. ئەو پێدەشتەی کە پاوانێکی بێخاوەن نەبێ چی تر نەبوو.

لەگەرمێنێ، ئەو بەهارە هەموو شتەکان هاواریان دەکرد. دەشت کراسێکی ئاواڵ سەوزی پۆشیبوو. قەتارەیەك لە ڕۆحی زافەرانی بەرەو باشوور ڕاپێچ ئەکران و ئومێد جگە لەتراویلکەیەکی خـاپینۆك هیچی تر نەبوو. ئەو وەرزی گوڵخەزانـە تاکـە لێوێـك دەسـت نەئەکـەوت بەسـەرهاتی ماچـێکی ماڵاوایی بگێڕێتەوە.

چاوێك نەبوو هەڵنەکورمابێ بەدیار ڕزگارکەرێکەوە.

تەنیا شوێنێك کە ئەو عەیامە بە خەیاڵی ئافاتدا نەهاتبوو ڕووی تێ بکات ئەشکەوتێك بوو لە نێو زۆزگی کێوەکانی ڕۆژهەڵاتی گەرمێندا.

تەنها شتێکی ئەو بەهارە کە ئومێدێکی بۆ هێشت بووینەوە.

دەستەکانی ئەوە سۆفیە گۆشەگیرە بوو کە ساڵانێك بوو تەنیا ئاسمانیان دەناسی و چۆن دوو دەستی جاویدانی داواوی شتگەلێکیان لە خواوەند ئەکرد گەر بهاتبا و ئاوڕێکی لێبدابایەتەوە خـودا، ئـەو کاتە دەستە شین هەڵگەڕاوەکانی بەرگەیان نەئەگرت و هەڵدەوەرین لە خۆشیاندا.

هەر ئەو ڕۆژانەیش کە دامێنی کێو ئەسـووتا بـۆنی بـاروت و زرمـەی تۆپـەکان دەگەیشـتە نێـو ئەشکەوت و دەستەکانی شۆقی بەرزتر ئەبوونەوە و دووعاکانی گەرمتر ئەبوون. دەیویسـت هـەموو زریکە و هاوارەکان، ئەو هەموو خوێن و تاسە و ئابڕووە براوانە بگەیەنێتە لای خوا.

کەم کەس هەبوو لەم وولاّتی گەرمێنــە ڕۆژێ لــە ڕۆژان ســۆفیەکی پشــت چــەماوەی دەســتکەوەی خۆنەویستی نەدیبێ بە کەشکۆل و خەرقەیەکی پرزالّ پرزالّەوە.

کێ هــەبوو چــیرۆکی پیــاوێکی پێقلّێشــاوی نەبیســتبێ کــە هەمیشــە و تەنانــەت لــە خەویشــدا دەستەکانی ڕووە و ئاسمان کرابوونەوە..

هێندە سەیری ئاسمانی کردبوو جارێ چاوی لە زەریــا وجــارێکی تــر لــە بــەهارێ ئەچــوو بــەردەوام برووسکەی ئەدا. دەیانووت: ئەستێرە لەچاوانی ئەڕژێ و مانگ بۆ هەمیشە چواردەیە تێیدا.

مانگێ.. دوو.. سێ مانگ جارێ گەر بهاتبا و دەرکەوتایە. لە هیچ کوێ لای نەئــەدا و وەســتانی نەدەزانی. لەئاو ئەچوو. زۆرجار وەك هەورێك ئەهات و لەبازاڕێ کەشکۆلّەکەی پڕەکرد لە قەسپ و لەتکە هەرمێ. کەشیەکەی دەکردەوە و چەند نانێکی تێدەئاخنی و وەك بروسکەیەك ڕەت دەبوو.

نا ئەمانە هەمــوو درۆ بوون تەنها تارماییەك بوو ئەهات و ئەڕۆیشت.

لەوانەیە پێتان سەیر بێ و وابزانن من ئەفسانەتان بۆ ئەگێڕمەوە..

ئەفسانەی ڕۆژگارێ کە هەمــوومان دەلّــێین بریــا هــەر نەهاتایــە و ئــەم هــەموو برینــە قوولاّنــەی درووست نەکردایە.

ئەفسانەی شەوگارێ کە لەبەر ڕووناکی چرای زیلەکان و ئاگری مالّــەکانی گــەرمێن هــەر لــە ڕۆژی حەشر ئەچوو.

گەرمیان ئەسووتا و برینەکانی پڕبوون لە لم، ژنــەکانی لــە دڕوەزەردەی ســارا و پیاوەکانیشــی لــە واحەیەکی وشکبوو ئەچوون.

گەردەلوولێك بوو هەموو جوانیەکانی ڕاگواست. هەموو مێژوو و ئایندەشی هەلّلووشی. ئەوەی من باسی ئەکەم لە بولێلّی دوای بەیانییەکی چۆلّەوانییەوە دەست پێ ئەکات، بەیانییەك: کە نەشنەیەك تیایدا لەدایك ئەبوو. نەسروە قەتارەیەکی ئەوت. گیا هەمــوو بۆژۆ بووبوون، نەقاســپەی کاڤۆکــێ.. نەچریکەی مەلێ... هیچ نەبوو.

بەیانییەك بوو جگە لە دووکەلّی مالّە سووتاوەکانی گەرمێن کە دامێن تا ناو قەدی چیاکانی تەنی بوو هیچی تر نەدەبینرا.

هەناسەیەکی تر کە لەو وەرزی تاسانەدا بەدوای ژیانە ئەگەڕا، و بە پێدزکە لـەم بنـە بـەردەوە بـۆ نساری ئەو گابەرد، لەم بنە دەوەنەوە بە سکەخشکێ بـۆ نـاو چلۆچـێوی ئـەو ڕەزوبـاخی سـووتاو خشپەی ئەهات و لە پەناگەیەك ئەگەڕا: نیگار کێشێك بوو.

دەترسا نەبادا چاوی دووربینێ نیگای کاو بیدەنە بەردەستڕێژ یان نەبادا گەردەلێکی بیابـان وێنـای کاو بگەڕێتەوە گەردەلوولێك لەگەڵ خۆی بێنێ و ڕاپێچکا.

تەنها بوو. تەنها تر لەگەرمیان. خۆیی و کۆڵەپشـتێکی تـۆز لێنیشـتووی پـڕ لـەڕەنگ و فڵچـەی ترساو.

ئەو ڕەنگە گەرمیانیانەی کە لەو وەرزەدا وەك خۆیـان مابوونـەوەو لمـاوی نـەبووبوون، دەسـتەکانی سۆفی و ڕەنگەکانی ئەم بوون.

هەر ئەو ڕۆژانە شاعیرێکی پەژموردە و تەنها دونـد بـە دونـد و پێدەشـت بـە پێدەشـت ئەگـەڕا و کارەساتەکانی ئەهۆنییەوە. هەر شوێنێ، گونـدێ، ڕووبـارێ، ڕەزێ بسـووتایە ئـەو بـۆی دەکـرد و دەگەییە وێندەر.

ئەو ڕەنگی هەموو کارەساتەکانی گرتبوو.

کاتێکیش کە سالآنێ دوای ئەم وەیشوومانە لە یـەکێك لـە کابارێکـانی ڕۆژاوادا بینـیم ئـەو چـی نەمابۆوە جگە لە جەستەیەکی خۆڵەمێشی و دوو چاوی پڕ لە ژیلەمۆ نەبێت.

زۆر لەوە بێ کەستر بوو کە دەمناسی، بەتەنیا لەسەر کورسییەك دانیشتبوو. هێدی هێدی مژی لە پۆڕۆی نێوان قامکە ئەستوورەکانی ئەدا.

کاتێ چوومە بەردەمی بێئەوەی سەری هەڵبڕێ بە بۆندا ناسیمییەوە.

جەستەم هێشتا بۆسۆی ئەو بەهارەی لێنەبڕابوو کە ئەو ناوی نابوو " درێژترین بەهاری گـەردوون. "

لێی دەڕوانیم و ژیلەمۆی چاوەکانی کزکز ئەسووتان. هەناسەی بـۆنی پۆنڵـە و بـەڕەزای کـڕووزاوی لێئەهات. ویستم ڕوخسەتی دانیشتنی لێ وەرگرم، نەیهێشت.

هەستایە سەرپێ و لەنێو سەندەلییە ڕیزکراوەکانی ئەوێدا و بەنێو ڕووناکی چلچـرا ڕەنگاڵییـەکانی هۆلەکەدا وەك منالێك دەستی گرتبووم و بەدوای خۆیدا کێشی ئەکردم. مـەغریبێکی درەنـگ لـە

نێو حەشاماتی پڕ لە غەڵبەغەڵبی ئەوێدا دەستی لە تاکسییەك ڕاگرت و بێ ئەوەی کەسمان لەگەڵ یەك بدوێین گەیاندمییە ماڵی خۆی.

دوای ئەوەی چووینە ژوورەوە بە ئیشارەت فەرمووی دانیشتنی لێ کردم و بە ئەسپایی بوتڵێك ویسکی لەسەر ڕەفەیەك هەڵگرت و دوونیوە پێکی تێکرد. یەکیانی دایە دەستم ووتی " بەتاسەی جارانەوە. "

یەکبینە پێکەکەی خۆی فڕ کرد و لێوانەکەی لەنێوان دەستەکانیدا هێشتەوە و یاری پێ ئەکرد، ووتی " دەمزانی ئەبێ کەسێ ببینم. بەڵام کێ ؟ نەم ئەزانی ؟ "

کەمێکی تر ڕاما ووتی " بەنیازی چیت ؟ ئایا لێرە ئاسودەیت؟ " ئەوکم پڕ لەگریان بوو. چاوانم تژی بوون لە فرمێسکی غوربەتی. بۆ یەکەم جار زارم هەڵێنا ووتم " بێگومان ئاگاداری ئەوێی، بەنیازی گەڕانەوەم. بەڵام دوای ئەو هەموو کارەساتە زۆر ئەستەمە کولا شێکیشمان پێ ئازاد بکرێ. "

نازانم چەند سەعات بوو قسەو باسمان ئەکرد، هێندە ئاگاداربووم وەك ئەوەی شتێکی وەبیر هاتبێتەوە هەستایە سەرپێ و ڕووە و کتێبخانەکەی چوو. لە تاکێکیدا کۆڵە پشتێکی کۆنی زەردباوی دەرێنا و کردییەوە.

دوای ئەوەی چەند فلچەیەکی وشك و کۆنی دەرێنا دەستی برد دەفتەرێکی دوکەلاوی هەڵگرت و لەگەڵ خۆی هێنای. چی بوو ؟ سەرەتا نەمزانی. ئای چەند بێئاگا بووم ئەی من نەمووت ئەمە ئەفسانە نییە ئەیگێڕمەوە. یاداشتنامەی ئەو نیگارکێشە بوو لە دەمەو بەیانی دوای ڕۆحپروانەکەی گەرمیاندا بەپێدزکە و سنگە کوتێ خۆی گەیاندبووە ناو چیاکان و لەنزیك شکەفتەکەی سۆفیدا نیوە مردوو بەرەو دەرگای ئەشکەوتەکە هەڵگژابوو.

ئەو دەمە جەستەی ئەم ڕۆحی سۆفی تەنیا لە گەرمیان ئەچوون ولە هیچی تر نەئەچوون. یەکەمیان سنگە خشکێی نێو چیاکان جەستەی ڕێزاڵ ڕیزاڵ کردبوو، خوێنی لێئەچۆڕا.

دووەمیشیان لەگەڵ هەر نزایەکیدا بۆ خودا ولەدوای هەر بێوەڵامییەکی خوداوەند ڕۆحی شی دەبۆوە ودەپروا و دەستەکانی بێهێزتر ئەبوون.

قەدەرێك لەو دەفتەرە دووكەلاوییەی دەستی ڕامام. پەیاپەی ئـەگریام و فرمێسـكی سـوێر بەسـەر گۆنا قووپاوەكانمدا ڕێچكەیان بەستبوو. ئاخر مرۆ لەبەرامبەر مێژووییەكی سـووتا و بـەربادا چـۆن دەتوانێ ڕێگە لە ئەسرینی خۆی بگرێ.

لەنێو ئەو بەهارە لماوییەدا كێ هەیە بتوانێ چیرۆكی ئەو هەموو عەشقە ناكامانە،

ئەو لەوبووكانەی كچێنیان دایە تەپۆلكەیەك لم بگێڕێتەوە؟ چی خودایەك ئەتوانێ لەپاشـەڕۆی ئـەو سەگانەی قەپالیان لەجەستەی خوشكەكانم ئەگرت مەمكێك دروسـت بكاتـەوە و باسـی بێڕەحمـی ئەوان بكات؟ ئاخر پێم نالێن: چی پیامبەرێك ئەگـەر زادەی سـارا نـەبێ جورئـەتی ئـەوە ئـەكات لەسەر لاپەڕە زەردەكانی زەوی سوورەتێ بە ڕۆح بنووسێتەوە؟

نازانم سەرباری ئەو هەموو نائومێدییە چۆن ئەمتوانی بگریم ؟ ئاخر ئەوەی هەمبوو لـە فرمێسـك لـەو بـەهارەدا هـەلم ڕشـتبوو. هەرچـی هەناسـەی قـوولم هـەبوو لـەوێ بـەجێمابوون، دەبایـە بگەڕامایەتەوە بۆ لایان.

ئەوەی لەو شەوەدا ڕویدا ڕۆحی گەڕانەوەمی بەتینتركرد. ئەوەی ئەو شەوە شاعیرەكە بۆی گێڕامەوە ڕاست بوو. ئەفسانە نەبوو. ئای چەند ئەستەم بوو ئەو یاداشتنامە بچكۆلانەیە بكەمە بەشێك لـەم چیرۆكە. بەلام دەبایە بمكردایە، بۆ ئەوەی بەحەقیقەتی ڕۆژانێكـی نێوچـیاكانی گـەرمێن ئاشـنابین ناچاربووم بیكەم. تكایە وانەزانن ئێستاش باس لە ئەفسانەیەك ئەكەم.

لەدەرەوەی ئەندێشەكانی من نازانم ئەو چەند پێكی تری هەلدابوو.

هێندە ئاگادارم ئەو هەر وەكی خۆی بوو. لە چیایەكی ئاگرین ئەچوو كەباس لە ناخی خۆی بكات.

بێئەوەی لەمن بڕوانێ ووتی " لەوانەیە نەزانیت بۆ ناچارم ئەم یاداشتنامەیەت بۆ

بخوێنمەوە؟ " بەسەر ئاماژەیەكی نەزانیم بۆ كرد و دەسی پێكردەوە:

" تازە لەگوندەكانی باكوورەوە بەرەو خواردا ئەگەڕام، لە هەر شوێنێك دووكـەل و بلێسـەی ئـاگرم بدیبایە ئۆقرەم نەئەگرت و خۆم ئەگەیاندێ. ڕاستی هەر تەرمێك بهاتایە ئەمشاردەوە و لە سەگەل ئەمپاراست.

لە هەر لاڕێیەكا منالێك، جاهێلێك، گەوەرە كچـێكی ترسـاوم بدیبایـە ئەمگەیانـدە شـوێنێكی ئارامتر. لەگەل گڕگرتنی هەر چیایەكدا بەشێكم ئەسـووتا. كاتـێ گونـدێ، ڕەزێ، چـەمێ ئـەبووە

خۆڵەمێش بەشێکی دەچووە ناو جەستەمەوە. لەهەموو بنەدەوەن و دۆڵ وبانێکدا.. لە هەر شوێنێ وەبەر ئەو ئافاتە کەوتبێ شتێکی ئەوێم هەڵگرۆتەوە و لەجەستەو ڕۆحی خۆمدا تاقەتم کردووە. فریای هەر ڕۆحێ کەوتبم بەر لە فڕین بەشێکیم تێکەڵ بەوی خۆم کردووە.

پرچم پڕە لە پەلکەوکەزییەی هەڵکەنراو، لێوم پڕپڕە لە ماچ و دڵم پڕپڕە لە پەپوولەی ئەو عەشقانەی خاوەنەکانیان بەئەمانەت ئەیاندامێ تا لە سەفەر ئەگەڕێنەوە.

ئەو هەموو هاوارو فریادەی لە زەوی دا جێگاییەك نەبوو بیگاتێ هەموییم لە گوێیەکانی خۆم خست.

دوایین جێگایەك کە درەنگ گەیشتمێ و فریای نەکەوتم، شکەفتێك بوو.

مەغارەیەك دوور لە هەموو جێگایەك و نزیکتر لەهەموو دونیا.

مەخابن پێم نەکرا ئەو دونیا مەزنە لەئاخربوون، لەبوونە گەرد بپاێزم ".

ئیستێکی کردوو پۆڕۆیەکی تری داگیرساند. دووکەڵ ژوورەکەی قانگ دابوو. بەڵام هێشتا جیاواز بوو لەو دووکەڵەی لەجەستەی ئەو هەڵەستا و ژوورەکەی پڕەکرد لە بۆنی ڕێحانە و نەرسەی هەڵکڕووزاو. پێی ووتم "بڕیارم دابوو بۆ دواجار گەشتێکی چیاچۆڵەکان بکەم و لەوێوە خۆم ئاودیو کەم. وەك مەراڵێك ڕچەڕێیەکانم گرتبووە بەر، کام شوێنە زۆر سەخت بوایە لێی هەڵەگژام. دەبایە سەرێکم لە مەتەرێزە چۆلەکانی شۆڕشگێڕان بدایە.

چەند شەوم لە نێو سەنگەری چۆڵی هاوڕێکانمدا بەسەر برد. ڕێگاکان ئەیاندامە دەست یەکتری و گابەردەکان بەبنی یەکتریان ئەسپاردم. دوامەنزڵی ماڵاواییم ئەشکەوتێکی دوورە دەست بوو. بە لاپاڵی دوندێکی بەرزەوە، گابەردێکی زل لە بەردەمیدا بوو.

سەرباری هەموو مەترسییەك خۆم گەیاندە نێو زاردەرەی شکەفتەکە، کە تەنها کەسێکی وەك منی دەکێشا.

تەمێکی شێدار دایگرتبوو. مینا مانگە شەوێکی جاران هێندەی تریفەیەك ڕووناکی تێدابوو. بۆی مەرگ دەهات، بۆ ساردی تەرمێکی تازە یەکپارچە هەوای ناوەوەی تەنیبۆوە. کۆڵە پشتەکەم داگرت و کەچە لایتێکم دەرێنا.

هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم گورزە ڕووناکی دا شۆك بووم، سەرسامی تاساندمی! ئـای خودایـە ئەوە چی بوو من بینیم؟! دوو تابلۆ:

یەکەمیان جەستەیەکی پارچە پارچـە کـە سـەگەل شـێواندبوویان لـەنێو پانـدۆڵێکی مەخمـەڵی و کراسێکی ئەرخەوانیدا کە هەمووی پەڵەی ڕەنگاوڕەنگ بوو.

ئەوی تریشیان پۆرترێتی سۆفییەکی نوورانی بوو کە بەهونەرێکی بەرزەوە لە دیواری شـکەفتەکەدا کێشرابوو.

هەر لەو قەدیسانە ئەچـوو کـە هـاڵێکی ڕوونـاك و ئـاڵتوونی دەوری سـەری تـەنیوون، لەگۆشـەی تەنیاییدا بەشێوەیەك دەستەکانی ڕووە و ئاسمان بەرزکردبۆوە کە ئیتر دایاننانەگرێ.

ئەوەی کە زیاتر بەرەو خۆی ڕاکێشیکردم ئەو دوو دەسـتە وشـکەڵاتووە بـوون کـە بـە تەڵاشـێکی سەرووی تابلۆکەدا هەڵواسرابوون. هەر دەتووت ئەو دەستانەیە کە پیاوی نێو تابلۆکە ئاسمـانی پـێ شەق کردبوو.

واهەستم کرد لەبەرد داتاشراون بەڵام کە زیاتر چوومە پێشێ و دەسم لێدان،

ئەوان دوو دەستی ڕاستی بوون و لـە سـەرووی مەچـەکەوە قرتێنرابـوون! ئـەوان هێشـتا ڕۆحێـك بەناویاندا هاتووچۆی ئەکرد".

کاتێ شاعیرەکە باسی لەم دیمەنانە ئەکرد، ئەو لەوێ بوو. هێشتا تاسان بەری نەدابوو. ئاخر ئەویش بە ڕێکەوت ببوە پاڵەوانی سێهەمی نێو ئەو دونیایە. ئەو نەبایە لەوانەیە هەرگیز نەمانزانیبا ڕۆژێ لەڕۆژان خوداوەندیش ئاسمانی جێهێشتووە.

پۆڕۆیەکی تری داگیرساندو قامکی شادەی لەناو یاداشتانامەکە نـابوو، بەدەسـتی چەپیشـی نیـوە پێکێکی تری هەڵدا ودەستی پێکردەوە:

" ئەگەر نیازی سەفەرێکی درێژترم نەبایە لەوانەیە تا ئێسـتاش بـەدیار ئـەو تابلۆیـەوە بوومایـە. دەبایە هەرچی زووترە ئەو نەهێنییە خوویا کەم.

ڕووی ڕووناکیم لە هەرلایەك بکردایە پرژەی خوێن سووری کردبوو. تەنانە ئەو کانییە داخراوەی کە هـەر لەوێـدا هەڵـدەقوولاو ڕۆدەچـۆوە سـوور ئەینوانـد. تـا ئـەو کـاتیش لـەو هـەموو ڕەمزانـە تێنەئەگیشتم؟! ئەگەڕام و هەموو لایەکم ئەپشکنی...

لەگۆشەیەکدا ئەو کەشکۆڵە دووکەڵینەم دۆزییەوە کە ئێستا لای منە، ئا لەوێدا بەشێ لە نهێنییەکان خۆیان مەڵاس دابوو. دەبایە لە نێو ئەو هەموو فلچە و ڕەنگ و ناوکە خورمایەدا دەرمهێنایە.

هەر لە وێدا ئەم دەفتەرە چکۆلەیەم دۆزییەوە کە تا ئێستاش هەموو شتەکانم پێنالێن، هەندێ لاپەڕەی بەهۆی خوێنەوە ناخوێنرێتەوە. . هەندێکی تریان تا ئێستاش دووکەڵی لێ هەڵەستێ و هەموو شتێکم پێ نالێن.

ساڵانێکە لەو کاتەوەی ناچار بووم بەسەراسیمەیی ئەو دەفتەرە ڕازامێزە لەگەڵ سەری خۆم هەڵگرم و بێمە ئەم نامۆییەوە، چیم پێکرابێ و چەندم لەو ڕەمزانە ئاشکرا کردبێ ئەمشەو ئەیاندرکێنم.

دواتریش ئەگەر توانیم ئەو تەمومژانە بڕەوێنمەوە لاپەڕە و دێڕەکان دەخەینەوە شوێنی خۆیان ".

هەستایە سەرپێ و پەنجەرەیەکی بە ڕووکاری ئەو دەریایەدا کردەوە کە ئاسمانەکەی پڕبوون لەو نەورەسانەی دەریا و ئاسمانیان بەیەك دەگەیاند.

گەڕایەوە و دەستیکرد بەخوێندنەوەی یاداشتنامەکە:

لاپەڕەی یەك:

ئەی ئەو کەسەی لەوانەیە ڕۆژێ بە ڕێکەوت بگەیتە ئەم هۆبە دوور دەستەی سرووشت، تکایە بە ئارامی وەرە، دەستێك لەشانم بدە و بڵێ: هەستە، درەنگ کەوتی.

ئیتر خۆم خەوم سووکە و بەرزە پێ ڕاست ئەبمەوە.

لاپەڕەی چوارنوەك لە دوو لاپەڕەی پێشوو باسم کرد! من بەو حاڵە گەیشتمە ئەم دونیایەی کە لە نێوان ئاسمان و زەوی دایە.

ئەگەر سۆفی نەبایە ئێستا دەمێك بوو منیش مردبووم. ئاخر من زۆر لە مردن ئەترسم، ئەگەر ترسنۆك نەبوومایە لەگەڵ ئەو حەشاماتە ئەچووم لەباشوور ئەمردم.

لاپەڕەی حەوت:

ئەو بە بێدەنگی قەسپ و پەپکە هەنجیر دەخاتە بەردەمی من و بۆ تەنها جارێکیش لەگەڵم نادوێ ؟! دەمێکە قسەی لەگەڵ ئینسان نەکردووە، ئەو هاوڕێی ئێمە نییە، ئەو لەگەڵ خواوەندا ئەدوێ.

خواوەندیش خۆی ناکاتە هاوڕێی وی چونکە سەعاتی گەردوون پێویستی بە لمە. خواوەند خەریکە لمی زیاتر درووست ئەکات.

لاپەڕەی نۆ:

دەستەکانی لە دوو کۆتری شینکە ئەچن کە هەمیشە لە هەوادا بن. ئەیانەوێ پەیامێکی عەدەمی بگەیەنن بە شوێنێ کە پێدەچێ هەرگیز پێی نەگەن.

هێندە لە ئاسمانی نۆڕیوە چاوانی پڕن لەمانگ و خۆر. پڕپڕن لە هەسارەی کشاو و چەخماخە و دووکەڵ و لم. تژین لە بەفرو زریان و گۆڕستانی ئومێدەکان.دڵم پێم ئەڵێ ڕۆژێ دادێ گەردوونی ئەو چاوانە ئاخر ئەبێ و گومانێکی تر ئەخەنە دڵی ئێمەوە.

لاپەڕەی دە:

ماوەیەکە زۆر لێرە نییە؟ بە ڕۆژا ئەچێتە نساریێ، دوندێ، پێدەشتێکی تر. هەر دەڵێی ئەوەی لە دوای ئەگەڕێ هاتووە ! هاتووە و ئەم نازانێ لەکوێیە؟

شەوێك هاتەوە و سەرمای بوو. شەوێك هاتەوە و شەلاڵی عارەق بوو. دەمەوبەیانێ هاتەوە و من هێشتا نەخەوتبووم،

هۆنهۆن ئەگریا.

شەوێکی تر هاتەوە و ڕووت ڕووت دەتووت هەر ئێستا لە دایك بووە. پێئەچێ جلەکانی دابێە هاوارێکی تەزیو یان بنەدەوەنێ داوای لێکردبێ.

یەکەمجار بوو بینیم ئەو لە مرۆڤ بچێ. دەنا ئاهورایەك بوو بۆ خۆی. ئەو هاوڕازی خواکان بوو. کەچی دەگەڕێتەوە لای مرۆڤ و خوا بۆ تەنها جارێکیش نەهات لەگەڵی دابنیشێ.

لاپەڕەی یانزە:

زۆر شەو بە ئاگادێم ئەو دانیشتووە و سۆفی نێو تابلۆکەی منی داوەتە بەر نیگا.

چەندین ساڵە ئەوە یەکەمین جارە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی ئەکات.

ترسی من لەو کاتەوە دەس پێدەکا کە بۆ هەوەڵجار لەگەڵ من دوا، هێشتا دەستەکانی نێو وێنەکەم تەواو نەکردبوو لە نا هومێدی ناو دڵێرا ئەو لەگەڵ مرۆڤ دوا، وتی " بەختەوەرم کە دوای هەزاران ساڵی دی کەسێ دێتە ئێرە و منیش وەك خواوەندی ڕۆژگارێ ئەژمێرێ ".

لاپەڕەی سیانزە:
کێ هەیە کاتێ هەست ئەکات یەکێکی تر هەیە وەك خۆی بیر لە کوشتنی یەکێکیان بکاتەوە؟ ئەو خۆرنیشینەی گەیشتمە کۆتایی کێشانی وێنەکەی سۆفی ئیتر هەستم کرد شـێکی تێـدا نییـە لـەو نەچێ جگە لە ڕۆح. ئەو ئێوارەیە تەنیا و نەومێد بەرامبەر وێنکە دانیشتبووم لە ناخەوە ئـەمووت " لەوانەیە من بم سۆفی ئەکوژم نەك خودا. لەوانەیە من بم نەمری ببەخشم بەسۆفی نەك خودا ".
نازانم چی سیحر و جادوییەك منی بردە ناو خەوێکی بێ ئاگایی تا ئاگاداری ئەو ساتانە نەبم سۆفی بۆ دواجار گەڕابۆوە و خۆیی بینیبوو ؟! ئای بۆ وام کرد کە ئـەمزانی لـەدایك بـوونی ئـەو وێنەیـە مردنی ئەوە؟ نازانم لەو نەبوونیەدا چ شیرێ، چ گیوتینێ دەستەکانی سۆفییان قرتاند؟
بەیانییەك هەر لەو بەیانییە ئەچوو منی گەیاندە نێو ئەم ئەفسانەیە لە هاوار و پێکەنینی سۆفی بە ئاگا هاتم! سەیرم ئەکرد و تاسـاو، حـیرەت مـابووم، ئـەو وەك هـەورێك ئەیگرمانـد لـە هـەردوو مەچەکییەوە خوێنی سوور فیچقەی ئەکرد و بەسەر ئێمەدا ئەباری. بەهارێکی پڕ کارەساتە:
یەکەم بارانی ئاگرە و دووەم بارانی خوێن! ئای چی لەم هەموو ڕەنگە سوورانە بکەم، دەسـتەکانی وەك دوو کۆتری شینکە کە تازە ڕاو کرابن ئەجوولانەوە. سۆفی بەدەم هاواری سەماوە دەلەنجا. .
ئەو لەجیاتی مالاوایی دەیووت " تەواو دوای ئەم بارانە چی دی چاوەڕوانی بارانێکی دی مەبن..
چی تر پێویستی بەدەستێك نابێت بۆ نوێژی ئیستیسقا، بۆ هێنانە خوارەوەی خـوا بـۆ سـەر زەوی. دەستەکانتان داگرن و بینێرنە باشوور خودا لەوێ بە تەنها فریای ئەو هەموو ڕۆحکێشانە ناکەوێت. "

---

**ئەم چیرۆکە لەفیستیڤالی گەلاوێژ لە سالی ٢٠٠٤ خەلاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.**



# شکانی سەر خەوێك

ماردین- هەڵەبجەی شەهید

بەر لەوەی پێڵوی چاوەکانم بکەمەوە گوێم لە سەدای دارکونکەرەی سەر درەختە وشکهەڵاتووەکەی تەنیشت پەنجەرەی ئەو ژووره بوو، کە لە پڕ خۆم تیادا دیبووەوە. لە کاتێکدا لەگەڵ خۆم ئەدوام: ئەریّ من لە کوێم؟ لێرە چی ئەکەم ؟(سەیری ژووره چۆڵەکەم دەکرد شپرزە بەڵام زۆر دڵڕفێن، لەگەڵ ئەو تابلۆیانەی کەلەگەڵ کردنەوەی پێڵوی چاوەکانمدا دیتنم، تاباۆیەك سەرنجی ڕاکێشام کە پۆرترێتی کچێك بوو پەری ئاسا بەڵام تالەکانی برژانگی پێکەوە نووسابوون. بۆ ئەو جێگایەی کە خۆشم نەمئەزانی چۆن هات بووم هیچ وتەیەکم نەبوو بەڵام وام هەست دەکرد پێشتر جێگایەکی لەوشێوەیەم لەخەونیشدا نەدیووە.

بەڵام ئەو تابلۆیە هەر بە یەکجاری خەیاڵی داگیر کردبووم. لەگەڵ یەکەم نیگای ئەو ئاوێنە شکاوەی کە لە بەرامبەرمەوە هەڵواسرابوو ڕۆچوومە نێو بیرکردنەوەیەکی قوڵ.

ژووری ستۆدیۆی هاوڕێکەم هاتەوە یاد کە هەموو کات بۆ وێنە گرتنی یادەوەرییەتاڵەکان دەچوومە ئەوێ بە ئاهێکەوە گووتم: بۆ ئێستا کامێرایەکم پێویست بوو کە بە داخەوە هەرگیز بە خۆمەوە نایبینم.

بە خەیاڵما هات هەستمە سەر پێ و ئەمویست بە تامەزرۆییەوە سەیرێکی ئاوێنە شکاوە هەڵواسراوەکە بکەم و کەمێك لە شپرزەیی خۆم و ژوورەکەش بڕوانم دواتریش بچمە بەردەم ئەو

پەنجەرەیەی کە خۆر نیگای لە شپرزەیی من و ژوورەکەش دەکردو بە لێوە زێڕینەکانی پێکەنینی بە سەرا سیمابوونم دەهات.
بە پڕتاو هێزم وەبەر خۆم دا بەلاّم هەر چەندم کردوکۆشام نەمتوانی لەجێی خۆم ببزوم بگرە هەر ئەوەندەم زانی لەگەلّ کردنەوەی ئەو دەرگایەی کەلای ڕاستمەوە بوو منیش هیچ گوێم پیّ نەدابوو کەوتمەوە سەر پشت.
لەناکاو دەنگێکی نەرم: ڕاکشیّ، هەستانەوە بەم زووییە بۆ تۆ کارێکی هەروا ئاسان نی‌یە ئەبیّ بۆ ماوەیەك بحەوێیتەوە تاکو برینەکانت سارێژ ئەبن،
منیش لەبەرئەوەی لەبەر ئازار نەمئەتوانی بەتەواوی چاوەکانم هەلّبهێنم تەنیا تارماییەکی سپیم بەرچاو کەوت کەبەرەو ئاوێنە شکاوەکە ئەڕۆیشت، لەنێو ئەو جانتا پەمەییەی کەبە دوو پەنجەی دەستی ڕاستی هەلّیگرت بوو ئاوێنەیەکی خنجیلانەی دەرهێناو لەجیّی ئاوێنە شکاوەکە هەلّیواسی، ئاوێنەکەی پێشوو جگە لەوەی شکابوو ڕەنگی چوارچێوەکەی ڕەشێکی سادە بوو بەلاّم ئاوێنەی ناو جانتا پەمەییەکە ڕەنگێکی سووری تۆخی هەبوو لە ئاوێنەیەکی نویّ ئەچوو، بەخۆمم وت لەوە ئەچیّ لەبازاڕ کڕیبێتی.
کە گفتوگۆم لەگەلّ خۆم ئەکرد لەناخەوە ئازارم ئەچەشت: باشە من لێرە چی ئەکەم؟ وا باشترە لێی بپرسم چی ڕوویداوە؟! من بیّ ئاگام، ئەو لای پەنجەرەکەوە سەیری دارکونکەرەی سەر درەختەکەی ئەکردو تیشکی خۆریش لە پرچەکانی ئالاّبوو پرچەڕەشەکانی بەهۆی دەست لەملانی تیشکە زێڕینەکانەوە زەرد زەرد بریسکەیان ئەهات ، تا ئەم ساتەش دەم و چاویم نەدیبوو.
بەلاّم کەئاوڕی دایەوە چیم بینی خودایە هەرگیز بیرم ناچێتەوە چاوێکی بەعیشوە، لێوێك بەخەندەوە، بەژنێك پڕ لەنهێنی لەنجەیەکی پڕ نازو وتەیەك پڕ لە هەست، کە ئەمانەم دی هەرچیم ئەویست بیلێم لەیادم چوو.
کە بەرەو ڕووم هات هەستم ئەکرد زۆرم سەرمایە هەرچەندە کەش و هەواش گەرم بوو بەلاّم دەست و پەنجەو قاچەکانم دەلەرزین و دلّیشم بە خێرایی لێی ئەداو لەگەلّ هەنگاوەکانی ئەودا بەرەو لای من ترپەی دلّم زیادی ئەکرد . لەسەر ئەو چرپایەی کەخۆمم تێدا دیبوەوە ڕاکشابووم ئەویش لەسەر

کورسیە تەختەکەی تەنیشت چەرپاکە دانیشت هەستم کرد زۆر نزیکم بووەتەوە بۆیە هەوڵمدا بۆ ئەوەی کەمێك خۆمی لێ دوور بخەمەوە،

بەڵام ئەو وەك کەسێکی زۆر خۆشەویست و دڵسۆزی من دەرئەکەوت بگرە وەك هەنگێك زەمەنێك دوور بوویێت لەگوڵ وەهابوو، ئەو لەنێوان من و خۆیدا هیچی نەهێشتبویەوە.

هێشتا لەسەر کورسیەکە بوو بەڵام ئەوەندە خۆی خزاندبووە پێشەوە بۆلای من دوور نەبوو گەرخۆی نەهاویشتایەتە سەر چەرپاکە لەسەر کورسیە تەختەکە بکەوتایەتە خوارێ.

بەڵام من نەمئەزانی ئەمە وەهمە یان هەقیقەت ئەو بەو هەموو جوانییەوە بەبەرگێکی ئاوریشم ئاسای سپی خەیاڵییەوە لەتەنیشت منداو لەسەر ئەو چەرپا تەختە شکاوە کە تەنها پێستە مەرمەڕیەکەی نێوا نمانی جیا دەکردەوە ڕاکشاوە، من گەیشتبوومە دوا پلەی پەیژەکە بەڵام ئەو هێندەی نەمابوو بگاتە دوا پلە بە دەنگی تەقەی دەرگاکە هەردووکمان بە ئاگا هاتینەوە، بە شپرزەییەکی زۆرەوە : وابزانم باپیرم هاتەوە، لەگەڵ هەنگاو نانی بۆ لای ئەو دەرگایەی کە گوێ بیستی دەنگی تەقەکەی بووین پێی گووتم: دڵنیام باپیرم زۆر خۆشحاڵە بە چاك بوونەوەت ئەمەی گووت و دەرگاکەی کردەوە، لە دەرگاکەوە پیاوێکم بینی کە زۆر بەخۆشحاڵییەوە بەرەو لای من ئەهات، هەر وەك خۆی وتبووی باپیری بوو.

پیاوێکی پیر بەڵام جل و بەرگێکی گەنجانەو قەشەنگ، هاتە پێشەوەو توند دەستی گوشیم و خۆشحاڵی خۆی دەر بڕی بەچاك بوونەوەم، لەسەرەتادا وەك پیرێکی لاواز دەهاتە بەر چاوم بەڵام کە دەستی گوشیم تێگەیشتم ئەو پیاوە پیرەلاوە !!

دیار بوو پیرەلاوەکە وێنەکیش بوو هەموو ئەو تابلۆیانەی کە بە ژووره شپرزەکەشدا بلاّو بووبوونەوە هی خۆی بوون.

بەڵام سەیر لەوە دابوو هەرچەندە تابلۆکانی زۆر جوان و قەشەنگ بوون کەچی خۆی ئەیوت: من وێنەکێش نیم بەڵکو حەزم لەوێنە کێشانە چونکە هەرکات کە حاڵەتێکی بێزاری بەرەو ڕووم دەبێتەوە بێ سێ و دوو دەست دەدەمە فلچەو بۆیەکان و سەر قاڵی کێشانی وێنەیەك دەبم، ئێی: شتێك هەر دەردەچێت بێگومان ئەمەش ئارامم دەکاتەوە کەچاوم کردەوە ئەوان لە تەنیشتمەوە

نەمابوون تەنها قاچێکم بەسەر چەرپاکەوە مابوویەوە لەم کاتەدا گوێم لە دەنگی تەقەی دەر گاکە بوو زۆر خەواڵوو بووم دیسانەوە دەنگە نەرمەکە: ئەتوانم بێمە ژووری؟

منیش کەوا دیار بوو لەبەر ماندوێتی نەمتوانی بوو لەگەڵیان دابنیشم و هەندێ گفتو گۆیان لەگەڵدا بکەم لە بارەی خۆمەوە هەر بۆیە خەو زۆری بۆ هێنابووم و ئەوانیش لەبەر ئەوەی بێدار نەبمەوەو بحەسێمەوە منیان لە ژوورەکەدا بە هێمنی و هێواشی جێهێشت بوو خۆیان چووبوونە میوانخانەکەیانەوە، وە ئاگا هاتمەوە کە تا ئەو ئەو کات کەمێ باشتر بووم هەر چۆنێك بێ توانیم هەستمە سەر پێو خۆم بگەیەنمە لای ئاوێنە سورە تۆخەکەو تۆزێ شپرزەیی و شوێنەواری خەوتنەکەشم لە بەر دەمیدا کەم بکەمەوە، دووبارە گوێ بیستی دەنگی تەقەی دەرگاکە بوومەوە: بەڵێ بە دڵنیییەوە بۆ نا.

کە هاتە ژووریٚ سینیەکی بریقەداری پڕ لە میوەی بە دەستەوە بوو.

بەبیرم دێ و تا ئێستەش لەیادم ناچێتەوە کە منداڵ بووم کاتێ ئەگریام نەنکم بۆ ژێر کردنەوەم ئەیوت : ئاخ ! ئەزانم بەچی ژێر ئەبیتەوە و بۆچیش ئەگریت وەرە وەرە، بە خێرایی ئەیبردمە سەر زەمبیلە پینە کراوە ڕەنگ قاوەییەکەی خۆیی و وەك هەمیشە : ها ئەمەش سێوە لاسورەکەی تۆ .....

ئیدی هەر لەو ساتەوە من عاشقی سێوە لاسورە بووم .

پێم وا بوو ئەو سێوە لاسورەیەی کە لە ناوەڕاستی سینییە بریقەدارەکەدا بوو هەمان سێوە لاسورەکەی نەنکمە کە لەناو هەموو میوەکانی تردا دیار بوو،

زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا بوو هەر بۆیە کاتێ کە سینییە بریقەدارەکەی لەسەر مێزە تازە ڕەنگ کراوەکەدا دانا کە لەنێوەندی ژوورەکەدا بوو بێئەوەی بزانم ئایا ئەم سینییە پڕ لە میوەیە بۆ کێ هاتووە بە پڕتاو خۆمم گەیاندێ.

دەستم برد بۆ نێوەندی میوەکان کە ئەو یادەوەرییەی بیر خستبوومەوەو دیم ئەو پێش من دەستی لەسەر سێوەکەی خەیاڵم دانا بوو، لەم ساتەدا دەستم لە دەستی خشاو سێوەکەش لە نێوان هەردووکمانەوە کەوتە خوارێ، کە داوای لێ بووردنم لێ ئەکرد بۆ ئەوەی کە ڕوویدا بوو نووشتامەوە لە پێناو هەڵگرتنەوەی سێوەکە بۆ ئەوەی بیدەمەوە دەستی، لەگەڵ هەڵگرتنەوەی

سێوەکەدا وێنەی کچە پەری ئاساکەی یەکەم ساتم بەر چاو کەوت کەلە ژوورەکەدا چاوم هەڵهێنا، هێشتا سێوەکەم بەدەستەوە بوو ئەو دانیشت بوو لە سەر کورسی تەنیشت مێزەکەو منیش کورسی تەنیشت چەرپاکەم هێناو بەبەرامبەرییەوە هەردوو ئەنیشکم لە سەر مێزە تازە ڕەنگ کراوەکەدا داناو دەستی چەپم لە ژێر چەناگەم و دەستی ڕاستیشم سێوەکەی هەڵگرت بوو ، ئەمویست پێی بڵێم: ئەریٚ ئەو کچە پەری ئاسایە کێیە؟ بەلاٚم ئەفسونی چاوەکانی وایلێکردبووم هەر پرسیارێك کە دەمویست بیکەم لە یادم ئەچووەوە، ئەوکات هەر خەیاڵم لای وێنەکە بوو، بەلاٚم کە بەدەم قسە کردنەوە نیگای لیٚ ئەکردم تەنانەت ناوی خۆیشمی لە بیر ئەبردمەوە.

لەو کاتەدا نەمئەزانی چی بکەم ؟ گۆیٚ بگرم یان قسە بکەم .

ئەو هەر لە سەر قسەکردنی خۆی بەردەوام بوو لەپڕ قسەکانیم پیٚ بڕی: زۆر خۆشحاڵم بە گەیشتن بە بەڕێزتان، بەلاٚم من کۆمەڵێك پرسیارم هەیە: ئێرە کوێیە؟ من لێرە چی ئەکەم؟ چۆن هاتووم بۆ ئێرەو بۆچی هاتووم !!؟ خۆشحاڵتر ئەبم بشزانم ناوت چییە ؟! ئەی باپیرت؟.. لەم قسانەدابووم ئەمویست پرسیاری زۆرتری لیٚ بکەم و ناوی خۆیشمی پیٚ بڵێم، گرنگتر لەوەش پێی بڵێم: تکام وایە بڵێی بە باپیرت ئەو وێنەیەی کە زەمەنێکە خەیاڵم ئەهەژێنیٚ پێم بناسێنیٚ و بە دیاری پێم ببەخشیٚ، چاوەڕێی وەلاٚمم ئەکرد بەلاٚم بە دەنگی دایکم پێڵوەکانم لێکترازان و کرانەوە.

ڕۆڵە هەستە درەنگە وا نیوەڕۆیە نان و چاکەت بخۆو ناوی خوای لێبهێنە، کە هەستام هێشتا بەیانی بوو دایکم بەدەم چا تێکردنەوە بۆ برا بچوکەکەم ، گوێم لیٚ بوو لەبەر خۆیەوە پێی ئەوت : گەر بەدەستی خاڵی بچیتە دەرەوەو بسوڕێیتەوە ئەوا خەڵکی هەزارویەك قسەت بۆ ئەقۆزنەوە، بەلاٚم کوڕە گەورەکەم گەر دەستت بەعارەبانەکەتەوە بێت ئەوا کەس ناتوانیٚ هیچت پێبڵێت.

# کۆماری حەسحەسە سوور و ڕەشەکان

**دڵشاد کاوانی– شەقڵاوە**



ماوەیەك بوو خۆت خزاندبووە نێو کۆشکی کۆماری مێشکم بە دوامەنزڵی ئە فسوناوی خۆت دەزانی، وەکو زریان و رەهێڵ دەشتایی کاکی بە کاکی پڕ لە گوڵزاری شادەمارەکانی بیرکردنەوەت دەکوتام، پایزئاسا خۆت بە دیوارە بەردیینەکانی ناخم دەخشاند، سەرم وەك چەرخ و فە لەك بە دوای گەردەلوولی چیرۆکەکەت گەڕاپێچی ئەدا.گێڕانەوەی تۆش لە "کۆماری حەسحەسە سوورو رەشەکان" تێکەڵ بە دەریای سەدان رووداو و کارە ساتی ئەم گێتیە شوومە و لێڵە دەبێت، تامرۆ لە ئاووسی ترسی هەمبانی ووشە بێ دەسەلاتەکان ڕزگاری بێت، ئەوا لە نووکەوە دەینووسمەوە، جا گرینگ نیە چ نێویێك هەڵدەگرێت، دەق، چیرۆك، نۆڤلێت، ڕۆمان، یان هەر ژانرێکی تر کە مەیلی مرۆڤی بۆ دەچێت." بۆ هەیڤێك دەچوو هەموو ئەو شوێنە گشتیانەم لا قێزەوەن بوون، کە حەشاماتی خەڵك لێدەبینران بۆدابین کردنی پێداوستیە کانی بژێوی ژیان وکۆکردنەوەی پارەو پوولّ رۆژ بەڕێ کردن، تێرکردنی حەزەکانیان یاخوود بۆ پەیداکردنی لە تێك نان روویان تێدەکرد"هەراو زەنای مرۆڤ لە هەموو جێگای ئەم شارە دەبیسترێت کۆلاّن و بازێر جمەی دێت، گەرماش بە تەواووی هێزی لە بەربڕیوم، هەر بۆ خۆ لەبیرچوونەوە.

بەدەم هەنگاونانەوە، کەوتمە ژماردن و خوێندنەوەی تایتێڵ و تابلۆ رەنگینەکانی سەر دوکان و بازارەکان و ئەپارتمانەکان، کە هەندێکیان بە بۆیەی نەشازو هەندێکیشیان بەبلحیەوە نووسراون "نانەواخانەی ساردا‌و، ساردەمەنی گەرمیان، گەرماوی فێنك، کارگەی سەهۆڵی ئاگرین، دارتاشی بەردین، ئاسنگری نەرمین، پەرەچی پۆلا، خەڵووزخانەی بەفرین، سکرابچی ژیان، بەنزینخانەی ویژدان، قەسابخانەی راستی، چێشتخانەی دڵی دڵم، چاوی چاوم، جەرگی جەرگم، مزگەوتی پیرێژن، وەرشەی خەندەو پێکەنین، شیرنەمەنی حەمەلاو، باخچەی منداڵانی شەهید معتەسیم کە لەشەرێکی دەستەو یەخەدا قارەمانانە گیانی سپارد، حزبی وانێك تەنیا لە رۆژێکدا چوار کەرەت نێوی گۆڕدرا...کۆمپانیای وڵات بۆ بەڵێندەرایەتی دەسەڵات و چاکسازی بازرگانی و لە کۆڵبردنی کۆمەڵایەتی، ئاودیوکردنی ئابوری".

هەر چۆنێك بوو خۆم لە کۆنە چایخانەکە نزیك کردەوە کە ناوییان نابوو لاتخانە، کەوتبووە لاپەڕگەیەکی شار. لە بەرزایی دارچنارێکەوە دەیڕوانیە نێو شەقامە چۆڵ وبێدەنگەکەی بەردەمی، تاکو تەرا خەڵك ڕوویان لەم لاتخانەیە دەکرد، ئەویش ڕێبوارە ماندووەکان بوون بۆ حە سانەوە و پشوو ویستگەیەکی ئارام بوو، بەردەوام نیگای چاوەکانم پاسەوانی لاتخانەکە بوون بە دوای هە نگاوی قاچی گەریداکان هاتوو چۆیان دە کرد، لە چاوەڕوانی ئەو پیاوە بالا بەرزە دابووم کە هەمیشە بە کردەوە نائاسایەکانی سەرنجی رائەکێشام، بەتەواوی کە وتمە گێژاووی نهێنیە کانی. لە هەموو رێگایەکەوە لە پێشمەوەیە من هە نگاوەکانم خێراتر ئەو خێراتردەبوو ، لەڕاکردنیشدا دەتگووت برووسکە بەچرکەیەك لە چاوان وندەبێت، خدری زندەیە، پیری لاسە، شێخی مەمە، لێی تێناگەم تۆبڵێی چیبێت؟ بەڵێ ئەمەسەرابی بیابانە خاوەن حەقیقەتێکی ونە دەبێ بیدۆزمەوە " هەموو خەون و خەیاڵم وەکو پیرەدارێکە پایز هەمیشە خراباتێکە گەڵاکانی ئەوەرێنێتە سەرزەوی یەك بەدوای یەك ریزدەبەستێت وەکو کچێکی نیمچە پۆشراوی شەرمن خۆی نیشان ئەدا"، من هەرلە بازنەی بیرکردنەوەدابووم کاتێ پیاوە قەڵافەتدارەکەم بینی، خۆی بەلاتخانەکە داکرد جیا لە جاران کە بەجلی شروو دڕاوەوە دەمبینی چاویلکەیەکی ڕەشی گەورە و جووتێ کڵاشی سپی، قاتێ بووزووی تازەی کردبووەبەر، لەلایەکی لاتخانەدا هەڵکوڕما، تەسبیحە قەزوانە سەت و یەك دانەکەشی بەپەنجە هەرجارێ بەلایەکدا دەسوڕاندەوە، هەرهێندەی مژێکی قووڵی

جگەرە توتکەی کرد بێدەنگ خشی و چووە دەرەوە دەستەکانی وەکو یاسای سەربازی هەڵئە داو سەری بۆسەرەوە بەرزئەکردەوە، هێندێك جاریش لە بەرخۆتەوە وڕێنەیەکت دەکرد:" هەرچۆنێك بێت دەبێ بیدوێنم بەدوای بکەوم و بیدۆزمەوە هەمووکوچەوکۆڵانەکانی شار بەدوایدا تەبیکەم ..نەخێر..مەگەر من ڕاپۆرت نوسە بەشەرەفەکانی لای خۆمانبم بەدوای خەڵك بکەوم " لاتەچیەکە لەبەردەمم ئامادەبوو: "مامۆستا ئیمرۆ داوای هیچت نەکرد".

دوای کەمێك خۆ خافلاندن بیرم کردەوە ئێخۆ دەرفەتێکی باشە بەکابرام ووت: ((تۆ ئەمە دەناسی)) ئەویش بێ یەك و دوو کامە پیاو؟. خودان چاویلکەی ڕەش:

بە پێکەنینێکی گڵحاوویەوە" ئەمە چۆن نایناسی دەڵێی لەم شارەدا نەژیاوی کێ هەیە فێریارە شێت نەناسکات".

بۆ رۆژی دواتر خۆم گەیاندەوە لاتخانەکە لە شوێنی خۆم دانیشتمەوە ئەویش لە جێگای خۆی، دەتوت دوێنێ لە ئیمرۆ کۆپی کراوە "تۆ بڵێ خاوەنی وێنەکە خۆی بێت؟ نەخێر باوەڕناکەم! ئەویان جووتێ سمێڵی زڵی ڕەش و لووتێکی مام ناوەندی دووگۆنای خڕپن، کەچی ئەمەیان ڕوومەتێکی قۆپاو لووتیشی لە شێوەی دەنووکی هەڵۆ بەسەر سمێڵە ماش و برینجیەکەدا شۆڕبۆتەوە، بەڵام چاوەکانی هەمان ئەم دووچاوەن کەلەوێنەکەدا سەیری ئەکردین بە هەرلایەکدا دەچووین تیلەی چاوی تێئەگرتین، دەیزانی ئێمە حەرامزادەین بە پارەیەکی کەم دەخزێینە باوەشی گەرمی خێزانەکەی." پەنجەی ئەسپێ کووژەت هێندە بە تامەزرۆوە ئەکرۆشت ئاگات لە مام شەهابیش نەمابوو."

لەژیانم دا بۆیە کەم جارە شتی وام بەسەر داتێپەرێت ئەو رۆژە لە بازاری هەرزانفرۆشەکاندا تێئەپەریم لەبەردەم دووکانێکدا مامڵەتی هەوارکراسێکی ژنانەم ئەکرد ئاسۆ خولە بێشەرمانە سەری ڕاوەشاند:هەمانە هی زۆر لەمە جوانترمان هەیە."منیش بەدڵسافیەوە لێم پرسی کامانە" ئاسۆی بەدفەڕ لالێویکی گەست: "بەژن زراڤ، مەمك لیمۆ، نازکتر لە لاولاوە، پەپولەیە، گوولڕەنگخان" ئەوسا لێی تێگەیشتم ئاهێکم هەڵکێشا، کەچی ئەو درێژەی بە باسەکە ئەدا" هەر ئەوەندەی بیبینی گەنم رەنگی گەردن زەردێکە برای خۆی عەشقی دەبێت، هەربۆخۆی پەرییەکە خواوەند رەوانی کردووە. خەمی پارەشت نەبێ تەنیا نرخی لوقمە نانێکی سەرپێیە "

هەر هێندە گوێم بۆشلّ کرد گازی مێردمنداڵێکی کرد بە گوێی داچرپاند ((مامۆستاش میوانە، بلّێ خزمەتێکی باشی بکەن )) من هەر لەبیری ڕاپۆرتەکەم دابووم " ئەمە بابەتێکی باشە تۆ بلّێی دەستی بەر پرسێکیش لەمەدا نەبێت کێشەمان بۆبنێتەوە " کوڕە وەپێشم کەوت منیش گالیسکە ئاسا بەدوایەوە بەلادا ئەهاتم قاچەکانم تێك دەئالاّن ئەو کەوتە گوورگە لۆقە زۆر بە گووڕ چەند کۆلانێکی پێکردم دەکەوتینە بەر تانەو تەشەری ئەو ژنانەی کە لەنێو دەرگاکان بەدەم بنیشت جوینەوە خەریکی بژاردنی ماش وبرنج بوون، یاخوود لە چاوەڕوانی مێردەکانیان دابوون یان ئەوەتە لە تاقیبکردنی هاتن وچوونی ماڵە دراوسێیەکانیان دا سەنگەریان گرتبوو.

لە گەلّ دەنگی تەرەقەی زارۆیانیش رادەچلّەکیم، لامان دایە کووچەیێکی کۆن وپڕ لە قووڕو چرپاو کوڕە دەستی بە لووتیەوە گرت منیش هەروا تاکو لە بۆگەنی زبلّخانەکە ڕزگارمان بوو لەوێشەوە پێچپێکماندا گەیشتینە بەردەم خانوویەکی بە کەرپووچ دروستکراو خشتەکانی لە شێوە بەندەی سینگی مرۆڤێکی لەروو لاوازی نەخۆش دەرکەووتبوون، دەرگا دارییەنە کۆنەکەشی لە سەرپشت کەوتبوو دەتگووت ترسی نەخشەی نینۆکی هەزاران مرۆڤی شەهوەتبازی بەسەرەوەیە، خۆمان خزاندە نێو ماڵەکە دوولاوی تر بە هێواشی لەبەردەممان چوونەدەرەوە لەکوڕەم پرسی: ئەمانە؟! ... ئەودەیگووت: "ئەمانە وەکتۆن" کە پێم خستە ژوورەوە وامزانی هەنگاوێك بەرەو بەهەشت هەلّکشام مرۆڤێکی بێ گیان وەکو دارێکی ڕەقهەلاّتوو لەم شوێنەدا وشك بووم، لالّبووم، شەتبووم، واق وڕمام مێردمنداڵەکە داوای بەخشیشی کرد دەستم بەگیرفانەکانم داهێنا چەند عانەیێك و خەرجییەکم کردە دەستیەوە ئەو بۆی دەرچوو.

منیش دۆشدامام کەوتمە بەر تاقیکردنەوەیێکی زۆر مەزن لەبەردەم تووحفەی پیرۆزدام، ڕەنگە پێکێ شەراب بوایە بە فڕێك هەلّم قوورتاندبایە، یاخود نوقلّێ بووایە شیرینی دوولێوە نەخشینەکانم دەکرۆشت، سنگ ومەمکێکی گرمۆڵە و قیت، قەشەنگ بالاّ نازکتر لەشەنگە بێری، هەرگیز لەزهنم ناچێتەوە ئارەزووەکان دووپشیلەی خڕین و دەستەمۆبوون لەناوەراستی ژوورەکە لەسەر چوار پاکەدا کفت دانیشتم جوانی لەش و لاری لەناو ئاوەلّکراسە تەسك وتریسکەکەیدا هێندەجوان خۆی نیشان ئەدا دەتگووت (عەینەت ولەرزایە) لەلامەوەدانیشت، دووکۆتری سەربراوبوین دوومامزی بیرندار، شەپۆلّی بیرکردنەومان هەریەکەو لەزەریایێکی بێبنی تاواندا لەپەلەقاژەیێکی

نیوەخنکاودابووین، بلبیلەی چاوەکانمان سوور هەڵگەڕابوون بەجووتە لەنێو دۆزەخێکدا بووین، دووداری سووتاو بووین هەریەکەمان لەدارستانێکی چڕی ترس و شەرمدا چەندین ڕازوو نیازی قوڕس خۆی لەپەناگەی ناخماندا مەڵاس دابوو دوونێچیری بێ ڕاوکەر لە سەر خوانێکی داوێن پیسیدا خاڵی یەکتر گرتنەوەمان بوو، گۆم شڵەقا بەدەنگێکی نازك و نیمچەتووڕەوە، دەرگای مەنزڵی چاوەڕوانی خستە سەر پشت هەوارکراسەکەی بەرەو بەرزایی چیا بەفرینەکەی هەڵدەکرد چ ڕەشە بایەك بوو چ زریان و کلۆبەفرێك بوو ڕان ولەشە سپیەکەی خستەبەرنیگای چاوەکانم دەیقیژاند" دەی لە باوەشم بگرە پەلامارم بدە ڕزگارم کە ئۆقرەم نەما" ئای چ گەردەلوول و ڕەشە بایەك بوو هەڵی کرد چ گڕکان و زەلزەلەیەك بوو ناخی ناوەوەی هەژاندم، چ ئاگرو سۆیەك دەیچزاندم، تەپۆڵکە شاخێك بووم داڕمام لەبەردەمی دا چۆکم ئەدا نووزامەوە.

" من نەهاتووم بەلاولاوەی بەژنتدا هەڵگەڕێم مەکەکانت بگووشم لیتاوەکانت هەڵمژم، من هاتووم زامەکانت سارێژبکەم هاتووم لە ژانەکانی مەنگی ژیان شتێك فێربم لە ئۆخژنی مرۆڤە تازەکان تێبگەم بەدوای تەتەری بەختیاریدا دەگەڕێم ئاخۆ بۆسووچیی کامەلای شارنشین چووە، بە دەستی کام جەلادی ئازارچێندا سەربڕاوە یان لەسەر تەختی کامە شاهانە پاڵکەوتوە لەئاوی چ حەزێکدا لێوەکانی تەڕ ئەکاتەوە" ژنە گوورج هەڵسایەوە سەرپێ بەرەو رووی پەنجەرەکە چوو دەستە گۆشتنە سپیەکانی بەسەر گوڵی نێو ئینجانەکەدا دەهێناو دەی لاواندەوە، دەتگووت لە ژێیەکانی روحمدا دەخشێنێ ماڵیم دەکات بەنیمچە ئامۆژگاریەکەوە سەرزەنشتی گوڵەکەی ئەکرد، "دەزانم تاکو لە هەنگووینی جوانیمان تێرئەخۆن بۆمان ئەکەن تاسەر چاوە شیرینەکانمان وشك ئەکەن خۆشەویستین" گووڵی نێو ئینجانەکەی بەرزدەکردەوە سەمای لە گەڵدا دەکرد " هەرهێندە بژین تاکو وەك تاڤگە تەڕین دەست لەملانێی خاك بێن بە لێوارەکانی دابخشێین تۆ پەروانە گوڵەکانت دەوەرێت و منیش خاودەبمەوە وشکەڵۆ دەبم دەبمەدڵۆپێ ئاو دەڕژێمە نێو زەڵکاوەکانی مێژووی داوێن پیسەکان."

نا هەرگیز باورناکەم تۆ سۆزانی نیت تۆ لە گەمژەکانی کلتور نیت تۆ پەپولەیت تۆ رووناکی شەوڕەوێنی دەیجوورەییەکانی تاریکستانی، من دەمەوێت بیلێیمەوە دووهەزار ساڵ بلێیمەوە .

ئەو دەیگووت:" نەخێر تۆش لە درۆزنە ئەحمەقەکانی مێژووی ئەم کۆمەڵەیت کە نازانن مرڤی شەکەت هەنگاو بۆ کوێ دەنێ، گەر ڕاست دەکەیت برۆ گوێ لە درزی دیوارەکان بگرە بزانە چیت

پێدەڵێن سەر لە پەنجەرەی ماڵە ماندووەکان هەڵکێشە پەنجەکانت بە دەرگا بێ زەنگەکان بکێشە سەیری ڕشانەوەی مرۆڤی نەخۆش بکە بەدوای پاشماوەو نایلۆنی سەر زبڵەکان بکەوە، خۆت کوور کەوە بەنیۆ مەزراو ئاوەڕۆکاندا بسوڕێ، بۆنی خۆڵی کوچەو شەقامەکان بکە بەگردۆڵکەو لووتکە شاخە چیایە هەڵدێرە وهەڵموتە بەرزەکاندا هەڵزنێ، لە کۆنە ڕەبیەو ڕێچکە لاڕێکاندا لە سەرێگای ژوانی دلداران و ڕێبوار و گەعدە لاچەپەکاندا لەدزو جەردەو چەتەکان بپرسە، بزانە چیت پێ دەڵێن؟!!.ئیتر منی سۆزانی هیچ هیواو ئاواتێکم بەم ژیانە نیە خۆزگە هەرچی زووترە بە دەستی ناموسپارێزان دەکوژرام، یاخوود بەر فتوای کوشتنی سەر مینبەرەکان دەکەوتم، هیچ جوانێك لە ڕۆژگاری تەمەنم بەدی ناکەم وادەزانم ئەم ئاسمانی جیهانە تاریکە بەسەرماندا دەڕوخێ بەشەو لەتاریکی بێ دەنگی گوناهەکانم دادەمرم و بەڕۆژیش لەبەر ڕووناکی شەرم دامدەگرێت. بەدەیان کوڕو پیاوی ئەم شارە مەی دەخۆنەوەو سەرخۆش دەبن کەشتی حەزەگلاوەکانیان لەباوەشی منی بێمەفەردا لەنگەردەگرێت و دەگەڵم دا جووتدەبن، بەنێو تونێڵی گەرمبوونەوەمدا دێن ودەچن. دەی زووکە چیتر کاتت نەماوە بەدیارمەوە دەستەو وەستان دابنیشیت ئێشك بگری مێبازە چلێسەکانی تر لەدەرەوە چاوەڕێمانن. ئیتر لەو ڕۆژەوی ئەوێم جێهێشت هەمووبەیانیان لەبەردەم دووکانەکانی سیسەی گەواد، قۆیتاس، ئاسۆخولە، هۆزاك..هتد پارەی خۆم ئەداو هەرزەکارانە نۆبەتم ئەگرت لەدەرگای ژوورە بچووکەکانی ناوەوی لەنگەفرۆشەکان دەچووینە ژوورەوە بەخەستی تێکەڵی بازاڕی لەشفرۆشان بووم، هەمووئەوسەربردانەیان دەگێڕایەوە شۆخان ، شیلان، ڤیان ، هودا...، هتد، ڕازەکانیان بۆهەڵدەڕشتم منیش دەمنووسیەوە بەڵام هاوڕێیەتیەکان تەمەنیان زۆر کورت بوو دواتر یەکە یەکە دەمدیتنەوە لەبیمارستان و مردووستان ونوێژگاکان هەندێکیشیان لەمانشێتی ڕۆژنامە نیمچە سەربەخۆکان هەواڵم دەبیستن کە لاشەکانیان لە مەعەسکەر ڕەشید کەووتوون، فەرهەنگی کوشتنەکانیان بریتی بوون لە بیور، تەور، پاچ، چەقۆ، کندر، گوللە، شۆخان هەمیشە دەیگووت تەنیاو تەنیا تۆ لەژیان و سەرگوزشتەی پەیوەندی نێوانی ئێمەو حیزو گەوادەکان و بەرپرسە باڵادەستەکان دەزانی، دەبێت تۆش ئەم نهێنیانە بپارێزی گەرنا ڕەنگە هەمووماں تیابچین. دوودڵنیم لەوەی ئەو وێنەیەی لەلای شۆخان بوو هەمان ئەو وێنەیە کە پەرۆیەکی ڕەشی بەبنمیچەکەیەوە بوو لەماڵی گولڕەنگ هەڵواسرابوو هەمان ئەو پیاوە قەڵافەت گەورەکەی

لاتخانەکەش بوو، کە شۆخان  زۆربەرێزەوە تێی دەروانی دەشیگووت: من بەرپرسی بەشێکی گرنگی نێو شانەی رێکخستنەکانی ناوشارم بەلاّم خاوەنی ئەم وێنەیە لەسەرووی دەسەلاّتی هەموومانە فێریاری ئێمەیە رەنگە تۆ نەتوانی بەئاسانی بیبینی دونیایەکە لە غەیب لەپایزی وەرزەکاندا ونبوو تاکوئێستا تارماییەکە لەمردووستان دا دەبینرێت بۆهەمیشە نەگەرایەوە. شۆخان دەشیگووت: هەموو نەهامەتیەکانی لەش فرۆشی من، لەنویژخانەی مەزارگەکەوە دەستی پێکرد ئەو کاتە تەمەنم لە دوانزە بە هارەوە تێنەئەپەڕی کاتێ کە دایکم دەستەخرپنەکانی ئەگرتم بەدوای خۆی دا پەلکێشی نویژخانەکەی ئەکردم و دەیگووت " کچم ئەم پیاوەی نەزەرگە مرۆڤیکە ئێجگار مەزنە ئاگاداری هەر هەنگاوێکە کەمرۆڤ دەیهاوێژێت خەلکی بینویانە کە دووباڵی سپی هەن شەوان بۆئاسمان دەفڕێت دەچێتە لای فریشتەکان لە بەیانیشدا دەگەڕێتەوە، باوکی خوالێخۆشبووشت نەزۆك بوو تۆم لێرە خواستوە، پێی بڵێ باوە، لەسەر دەستە پیرۆزەکەیدا هاتویتە دونیا تەنیا ئەو دەتوانێ کچی تاقانەکەم بپارێزێ لە چاوی پیس وحەسوود هەمیشە دەشیگووت: هەموو دێو درنجەکانی زنجیر کردوە کلیلەکەشی لە دیووی ناوەوەی میحرابەکەوەیە هەرکاتێ ئەوەی گووتی، گوێرایەڵ نەبیت دەرگاکان دەکاتەوەو دەکەونە گیانت" منیش سەیرم لێ دەهات هەرکاتێ ڕوومان لەوێ دەکرد لەرز دەیگرتم ئیفلیج دەبووم، حیزدەبووم زۆر دەترسام شەوانەش ئەو دێوو درنجانە. ئەوێم هەمیشە لەئاسمانی سەربانی ماڵەکەمان دەبینی بە هەموو هێزمەوە دەمقیژاند، قژی سەرم دەڕنیەوە، کە فم دەکرد، بۆیەکەم جار لەژووری تاریکەکەی خۆی داینام سەرێکی لە دایکم ڕاوەشاند، دایکم چووە دەرەوە ئیتر کەوتمە جیهانێکی ئیغتیسابیەوە کە بەخەون و خەیاڵیش نەمبینی بوو، بەدەنگێکی کەمێك بەرز شتێکی دەخوێند ورتە ورتی ئەکرد بەپەنجەکانیشی گەمەی بە هەردوولێوە تەنکەکانم دەکرد، هێندە ترسام خەریك بوو زیقم دەکرد، دەستە بچووکەکانی گرتم بەرەو سەرووی ژووری دووهەمی بردم لەپێکی بەسەر سینگە تەخت و ڕاستەکەی داهێنام، بۆ یەکەم جاربوو هەستم بە نیمچە بەرزاییەکەوە کرد دواتر بە سەر زگمەوە بۆناو ڕانە نەرم و شلەکانم بەنەرمیەوە گووتی" پاشان فێردەبیت .. رادێیت... مەترسە،پاڵکەوە ئیدی...!" دەمی هێندە لێم نزیك کردەوە هەناسە بڕکێم بوو هەردوو قاچەکانی گرتم خۆی پیادا کێشام زیڕەی لێهەڵساندم لێی دوورکەوتمەوە خۆم لە بنمیچی ژوورەکە گلدا. ئەم جارەش درێژی کردمەوە هەر چۆنێك بوو

کەڵوکۆڤی ئارەزووەکانی دامرکاندەوە لەگەڵمدا سێکسا دواتر بە دایکمی وتبوو" ئەم کچە بەرگەی هەمووشتێك ناگرێت!" دەبوو هەفتانە چەند جارێ تەشریفمان بۆلای ئەو زەریف زادەیە بردبوایە.

هەرچەند سەرێکم دەهێناو سەرێکم دەبرد نەمدەزانی چۆن بیدوێنم لەچیەوە دەست پێ بکەم لەبەردەم مێزو کورسیەکەیەوە وەستام سلاوم لێکرد نەوەك تەنیا وەلامی نەدامەوە، بەڵکو وەکو هەندێك لە فەرمانبەرو مشەخۆرەکانی میری هەر سەریشی بەرزنەکردەوە، منیش بێ چاوەروانی ودوو دڵیەوە لێم پرسی" بەیارمەتیت هاورێ نامناسیتەوە" کەچی ئەو زۆر بێ باکانە بە نەخێر وەلامی دامەوە، کەمێك شڵەژام بەهەرحاڵ بەسەر خۆم نەهێنا هەروەك بڵێی هەڤاڵێکی دێرینم بێت" چۆن نامناسیەوە من فریاد رەسم " دەستێکی ڕاوەشاند زۆربەتووڕەییەوە" کابرا دەڵێی ئەقڵت ونکردوە یان شەرم پێ دفرۆشیت، ووتم ناتناسم ئەوەنیە لەبەرچاوانمی، گەر تۆ من دەناسی ئەوا کێشەی خۆتە" هەرزو کەوتمە خۆ گەر کار وابروات ڕەنگە خراپ بکەوێتەوە ناچار بەرووم داهێنا" نا..نا...بەرێزتانم لەمەو بەر نەبینیوە بەلام بەدوای پالەوانی چیرۆکەکەم دائەگەڕێم، وتم مەگەرجەنابتان ..." هێندەی تر گرژ بوەوە، شرقەی لە مێزەکەوە هەڵساند " پیاو تۆلێرەیت بەلام زەحمەت نەبێت ئەقڵت بە تەتەر بۆکوێ ناردوە..یان ئەوەتە خەوتویت مەگەر خەوتن لەم جۆرە بێداریە باشترنەبێت کە تۆو کەسانی تر تیا دەژین هیچ کات بە چاوی ویژدان بیر ناکەنەوە بەڵکو بە دەروونێکی پیس و گلاوەوە دەڕواننە جوانی ژیان، ئێوەمانان بە خە یالێش بە لای راستیەکانی سەر ئەم زەمینە تێناپەرن، کەچی جیهان هێندە بچووك بۆتەوە نەوەك گوندێ بە لکو لە چواچێوەی چاووگوێ و مێشکدا گلێ بۆتەوە، لەم گەردوونە پڕ لە جەنگەڵستانە فرەیە، سەیرکە کۆمەڵی مرۆڤ چۆن لەپێستی مرۆڤاییەتی دەرچوون، لەنێو زیندەوەرو بوونەوەراندا کەڕوومان هەڵێناوە بووین بە ئەژدیها، دێو، درنج، هەمووراستی و حەقیقەتەکانمان ناشیرین کردووە، هەمووشتێکمان بەرهەم هێنا، فەلسەفە، ئاین، زانست، تەکنەلۆژیا، پێشکەوتن، بەهەمان شێوەش ترس، شەرمە، عەیبە، حەرام، حەلاڵ، دزی و درۆو فرت وفێڵ، جا گرنگ ئەوەیە بتوانین چۆن لەبەها یاساییەکانی سرووشت سوود مەند دەبین، ئەو کارەکتەرەی کە تۆش چیرۆکەکەت پێ گرێ ئەدەیت سەرەتا مەلۆتکەیەکە دەمی بە شیری خاو ئاو دەدرێت دواتر لەگەڵ سوڕانەوەی میلی تەمەن ژمێری کات بەدەوری بازنەیەك دا لەبەردەم قیبلە نومای غەریزەو حەزەکان گەشە ئەکات ململانێی ڕاستەقینەی

ژیان دەست پێ ئەکات، ئینجا یان ئەوەتە پاڵەوانێکی نەزۆك بە کەڵك ژین نایێت، یاخود ویژدان و ڕەگەزی مرۆڤ دەپارێزێت" کەمێك دۆشداما، منیش بە شاگەشکەیی لێی چوومە پێش دەپارامەوە دەکروزامەوە" ئەی فێریارو مامۆستای مەزن لێکدانەوەی هەموو ڕاستیەکان لەلامدا چەکەرەبووە، سالأنێکە وێڵ و سەرگەردانی حەقیقەتم منیش یەکێکم لەدێوانەکانی تۆ" کەوتمە سووژدە لەبەردەم خواوەندی ڕاستیەکان ئەو فرچکێکی بۆهەڵدا بەدەم ڕێکردنەوە دەیگووت " نا...نا...تۆماوتە ناتوانی بەئاسانی بەرگی مرۆڤ لە خۆت داماڵی، جیهانی ئەو زیندوەرە بێنرخانە جێبهێڵی" ئەو هەنگاوی گەوەرەی هەڵدەهێنا منیش بەدوایەوە دەرۆیشتم " بیربکەرەوە وردە وردە بیرلە سەردەمانی کۆن چیرۆکەکانی ژیان بکەوە لەبەردەم بالاخانەکان و کوچەو کۆلأن، چایخانەو لاتخانەو مەیخانەکان بگێرەوە، ئیتر لەمە بەدواوە ڕەنگە لە ماناو حەقیقەتی بوونی خۆت تێبگەیت، کەتۆش خۆپەسندی و پاوانکارو منۆکێت " هەمو گەڕەکەکانی شارو ئاوەدانیم بەدوای دابڕی تاکو بەردەم مردووستانەکە لەوێوەش بینیم چۆن سواری سەرپشتی پەپولە ولأخینە زیوەکە بوو جووتەی ئەکردو لەشەقەی باڵەکانی ئەدا کۆمەڵێ ئەستێرە برۆنزیەکانی بەدوا ئەکشایەوە، دواتر ونبون بوونە ڕەشەبا بەئاسپایی ئاسماندا بەرزبوونەوە، ئینجا گەردەلوول و گێژاوێك هەمووداری جەنگەڵستانی نێو مردووستانەکەی هەڵلوشی، پاشان پێچی بۆناو شارکردەوە هەموو دەرگەو پەنجەرەی ماڵە هەژارەکان و کۆخ و ساباتی ماڵە جوتیارە دێییەکانی چوار دەورەی شارنشینی هەڵگرت و بەرەو قووپایی ئاسمانە توورەکە هەڵکشایەوە، خۆربارانێك کورتەك وشەرواڵ و لیچکە جامانە، ئالأ، سوخمەو دەرپێ و مەمەی منداڵانی دەباراند، بوە لافاوێك تەواوی ولأتی چۆراندەوە، خەڵکەکەش هەریەکەو بەجۆرێ چیرۆکی ڕەشەباکەی دەگێرایەوە، ئەڵێن لەعەرعەرەوە هاتووە، هەندێکیش دەڵێن لەبەرەی جەنگەکانی بیابانەوە، هەندێکی ترلەکوشتنی هابیل و قابیلەوە...تاد، لەم ڕۆژە بەدواوە چیرۆکە ڕاستەقینەکەی ژیانم بۆخەڵك دەگوتەوە لەدەرگای ئاودەستەکانی نوێژخانەکان و لەسەر دیوارو زارکی ئەشکەوتەکان و شوێنە پەنهانەکان دەمنووسیەوە بەخەتێکی کاڵ کاڵترلە سیمای مرۆڤەماندووەکان. کەچی بۆ دواجارکەسیش گوێی لێنەگرتی.

بەهاری ٢٠٠٤

# خولیاکانی شاعیرێکی چیرۆکنووس

جەماڵ نەجاڕی

که لەخەو هەستا لەبەر خۆوە وتی:شێت بووم بە دەس ئەو خەوانە، دەبێ سبەینێ خەوە ڕەنگینەکانم بۆ کچانی فاڵگێری شار بگێڕمەوە تا ئەمجار ئەوان سەفەری وڵاتی کۆلکە زێڕینە دەس پێبکەن.

ئاسمان سەرانسەر ماتەم و خولیاکانم لەباوەش دەگرم، شەقامەکانی تەنیایی و کۆڵانەکانی حەزو تاسەم بەجێدێڵم. ماوەیەکە لەگەڵ هیچ درەختێکا نەمتوانیوە گەمە بکەم...تادارستان دەبێ چەنێ ڕێگە

مابێ...دەبێ چەنێ بەڕێوە بم...پتر لە ١٠٠١هەنگاوی هەتاوی.

دەمهەوێ هێندە دووربم، هێندە لە خۆم و لە شارۆچکەی وشەکانم دوور ببمەوە تا بۆ هەمیشە ئەو نێوەم لە سەر لاچێ...تا ڕزگار بم و ئیتر خۆم بەو نێوە فریو نەدەم...

دەمهەوێ تا ڕووخانێکیتر دووپات دەکەم، هەر لە سەفەردا بم...

هەر لەسەفەری خۆمدا...ڕەنگە بە شوێن ئەو باویلکەیە سەرگەردان بم،هەمیشە خەونی بە



سەفەری بێکۆتایی ئەبینی، حەزی لەو سەفەرانە بووکە نەیدەزانی کەنگێ تەواو دەبێ و ڕێگاکان بەرەو کوێ دەچن، هەر بۆیە من ناوی ئەنێم باویلکەی سەرگەردان..

من باویلکەکانی وڵاتی دوورم گەلێ جاران خۆش ویستوە...

بە نەوازشی لەشیان، مەست بووم و یاخی و سەرکەش هەوای هەڵفڕین لە سەری داوم

-من، منی ترسەنۆکتر لە ئێوە...کوا دەرفەتێ بۆ مانەوەم ! ڕەنگە هەر ئەم ترسە ڕۆژێ بێت و لەگەڵ هەنگاوەکانما تێکەڵ بێو ١٠٠١ هەنگاوی هەتاوی ترسەنۆك...

هەرچی بیر دەکەمەوە، نابێ ئەم وشانە بێتە

چوارچێوەی زەینم، بەڵام چ بکەم ؟...بۆ ئەوەی ئەم ناوە لەسەرم لاچێ، دەبێ بڕۆم...دەبێ بە چیرۆك دەس پێ بکەم...دەبێ خۆم قارەمانی ئەم چیرۆکە بم...چیرۆکی سەفەر...چیرۆکی تا دارستان...

نا با خۆم بەو وشانە فریو نەدەم...با ئاوا دەس پێبکەم...

((ئێوارەیەکی تەماوی دێمەوە لات...تۆ لە باوەش خۆردا نوور بەش دەکەی و من...))نا نا، ئەمە ناتوانێ سەرەتایەکی باش بێ...ئەی ئاوا چۆنە؟((دەمەو بەیانی دەتبینم، بە جانتای پڕ لە شکۆفەو ئەرخەوان...چاوەکانت عاشقترن لە بەهارو مەمکەکانت دوو هەنارە پایزەی گەیشتوون...))

خەریکە شێت دەبم، نازانم بۆچی ناتوانم خۆم دەربازکەم لەو وشانە...دەبێ هەڵێم...دەبێ شەقێ لەم وشانە هەڵدەم، دەبێ گشتیان بدڕێنم،

دە ید ڕێنم د ە ی د ڕ ێ ن م...

دەخەوم بەڵکو خەو بە چیرۆکێکی تازەوە ببینم، تەواوی لەشم چراخانە، قاقا دەکێشم..باوکم لەسەر بەرماڵەکەی دایکم قورئان دەخوێنێ، نا، پێم وایە گۆرانی دەڵێ، دایکیشم چەپڵە لێدەدات و جار جارە دەم دێنێتە پێشێو دەستە نەوتاوییەکەی باوکم ماچ دەکا..

-کاکە، باوکم نەوت لە خۆمان دەدزێو بە ژنانی هاوسێی دەفرۆشێ، ئەویش بێ پارە...بۆیە دەستەکانی هەمیشە بۆنی نەوتی لێدێ هەرچی دەیانشوات دیسان بۆنی نەوت، ڕۆژە ڕێیەك دەڕوا...ژنێکی قەرەج جارێکیان فالی بۆ گرتەوەو پێی وت دەبێ کوڕەکەت میز بە دەستت داکا، ئەو کات خاوێن دەبێتەوەو بۆنیان لێنایە...

-سەگباب جا من کەی بە میزی ئەو سەگە دەهێڵم دەسنوێژم بشکێ..قەیناکا با بۆنیان لێبێ، بەڵام جا چۆن...ئاخری زەمانەیە،هەی ڕۆڵە ڕەببی گۆڕبەگۆڕت کەن...ئەوەبوو بەگۆچانی پیریم، وەڵڵا هەر ئەوە مابوو میزم پێداکا...

ڕادەپەڕم...خەوێکیبە سام بوو...چاوەکانم و ڕێگەی خەو و ولاتی بێ خەبەری ...قەڵەمەکە هێشتا لە دەستم دایە ..نا، وشەکان تازەنین، دەڵێم با ناوی"لەیلا"شی تێدا بێ، جارێك وتی، ئەمجار ئەگەر شیعرت نووسی...نا من تازە بڕیارم داوە شتی ئاوا نەنووسم...

باشە ئەگەر ویستت بینووسی...مەبەستت چیرۆکە؟...ئەرێ، تکایە با ناوی منیشی تێدابێ...دەڵێم چیرۆکی دڵداری من و لەیلا دەبێ چۆن بێ؟ ناوی لەیلا بوو...خۆی دەیوت:ئاشقی بالای شیعرەکانتم...ئەی خۆم...ئاشقی...من و حەز و چاوەکانی...زۆر جار لەگەڵ یەکا تەواوی شار ئەگەڕاین...کۆلان بە کۆلان، شەقام بە شەقام...بەڵام کە بە وردی بیر ئەکەمەوە، هێشتا ١٠٠١ کۆڵانی تر ماوە،

من و لەیلا تێیدا پیاسە بکەین...١٠٠١کۆڵان کە ڕەنگە هێشتا لەوێ باران نەبارییێ و لەیلا بە بۆنی تۆزی ئەم شوێنانە دڵی بگیرێ و هەزار جار دوعام لێبکا...خوایە وای لێ بکەی قەت نەتوانێ شیعر بنووسێ...منیش لە دەستەکانی ئەودا ئیشتیای گریانم دەکرد...بەلاّم ئێستا، خوایە تکات لێ دەکەم دوعای لەیلا قەبووڵ کەی، یاخوا ماڵی شیعر وێران بێ...کاتێ دەستم پێ کرد، هەر خۆم بووم و هێندێ وشەی وێڵ و سەر شێت و دوو چاوی شینی لەیلا...دەبێ لەیلاش شەریکی تاوانەکانم بێ، خۆ ئەگەر ئەو نەبوایە من ئێستا نەمدەزانی تا دارستان دەبێ ١٠٠١ ڕۆژی سەوز بەڕێوە بم.

لەیلا تازە بۆتە ١٨ ساڵ، ١٨ ساڵە لەگەڵ خەمەکانی منا گەورە دەبێ، کچێکە ڕەزا سووکە...ئێستا لەجاران جوانترە، ئەگەر باوەڕ ناکەن سوێندتان بۆ دەخۆم هەر چاوێکی بە قەد دوو چاوی منە، کەلەگەت و بالاّ بەرزە،

دەڵێی چنارە بە ڕێدا دەڕوا...حەزی لە شتی جۆراوجۆرە...جارێ پێی وتم وەرە با پێکەوە سواری ماتۆڕ بین ، من لێی دەخورِم، گریانم هات، وەمزانی شێت بووە...ئەترسام تەواوی خەڵکی شار پێمان پێبکەنن...چا چا ئەوە کوڕە شاعیرەکەیە وا لە پشت ئەو کچە...هەر بۆیە دەبێ چیرۆك بنووسم .

- نا نا من دەبێ شان بە شانی لەیلا بە ڕێگادا بڕۆم

-تووڕەم...بە خوا ئیتر گەمەت لەگەڵ ناکەم...دەڵێم تۆ بە باویلکەیەکی وڵاتی زۆر دوورتر لە ئێرە بگۆڕمەوە...

تا چاو هەتەر دەکا ڕێگایە...فرمێسکەکانت دەسڕی...مەگری، مەگری...ها مستێ لەم عەترە بۆن کە با دڵت نەگیرێ..چاوت هەڵێنە...دارەکان دانە دانە بژمێرە...ئەم ئاسمانە کوڵی گریانی هەستاوە...لەیلا چەترەکانت لەبیر نەچووە؟ ڕاوەستە...جێم مەهێڵە...هێشتا تا سنووری ماچ دەبێ پێکەوەبین،

دوایی بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ...نا..نا...ئەترسم لەناو خەوەکانتا ونم کەی...من لەناو وڵاتی تاریکی و تارمایی دا بە شوێن کەسێکا ئەگەڕێم، ناوی لەیلایە...١٨ ساڵێتی...دوو چاوی شینی هەیە...نەختێ شێوەی ئەم مانگە چاردەیە ئەدا...ئێوە هیچ کام نەتاندیوە...پاڵی دابوو بە دارەگوێزەکەوە...دەمزانی بیر لەچی دەکاتەوە...هەر بۆیە بێدەنگ بووم...نەمتوانی خۆم ڕاگرم..."ئەگەر زۆرم ڕق هەستێنی بەجێت دێڵم..دوایی نەڵێی ڕۆیشت و منی لە شەقامێکی پڕ لە ماتۆڕدا بە جێهێشت" کە مناڵ بووین بەو قسانە پێدەکەنین بەلاّم ئێستا لەیلاش لاسار بووە.

ڕۆڵە خودا ڕوحمی پێ بکا...دەڵێی جندۆکەی لەگەڵە...جارو بار شتی وا دەڵێ پیاو سەری سووڕ دەمێنێ، بۆ وێنە دەڵێ: دەبێ ئەم دارە

گوێزه له حەوشه لاچێ، لەبەر لق و پۆپی ئەم داره خۆر دیار نییه، یان کوڕه چووزانم، پیاو شتی وا دەبیستێ بۆباسکردن نابێ...

ئێواره...ئاسمان چۆڵ...هەر ئەوەندەم له بیره له ڕێدام و دەبێ به ڕێوەبم...کەسێك له کۆتایی جادەکاندا دەیقیژاند، زەنا زەنا و هاواری هەی ڕۆ هەیڕۆی ژنێك لەوانەبوو گوێچکەم کەڕ کا...

-کاکه دەڵێن لەیلا به ماتۆڕ خۆی به دارەگوێزەکەی حەوشەدا داوەو ئێستا له نەخۆشخانەیەو له گیانەڵڵا دایه..."با تۆش"...بێدەنگ به...توخودا لەیلا با ناوی تۆ لەم چیرۆکەدا نەبێ گوێچکەت بێنه: بڕیار دەدەم شیعرێکی درێژت بۆ بنووسم بەڵام کەس تێنەگا، بەو مەرجەی تۆ چا ببیەوه...ناوی ئەنێم"شیعرێکی درێژ بۆ لەیلا"

"نا نا تازه بڕیارت دا ناوی لەیلای تێدا بێ...پیاو ئەگەر پیاو بێ له سەر قسەی خۆی دەمێنێ"

با غرووری خۆم بشکێنم و دەس له نووسینی ئەم چیرۆکه هەڵگرم، لەوەتای ئەنووسم تەنیا جارێك نووسراوەکانی خۆم دڕاندووه، بڕوا ناکەن ئەم نوسراوەیەش تام و بۆنی شیعری لێ دێ...تو خوا به لەیلا مەڵێن،

دەمهەوێ به شاهیدی گشتتان ئەم نوسراوەیه بدڕێنم...دە یدڕێنم د ە ی د ڕ ێ ن م ، دەمێکه خەونی ڕەنگینم نەدیوه...کچانی شار چاوەڕوانی خەونه ڕەنگینەکانمن"ئەی بێ ویژدان، ئەی بێ شەرم، مەگەر نەموت دەس هەڵگره لەو کچه..."

"با چەن ڕۆژان له دەرەوەی شار بمێنمەوه"..."تا باران نەبارێ نایەمەوه سەر شەقام"...خۆم لەبن چەترێکا دەشارمەوه...چاو دەبڕمه ئەوانەی دوو به دوو سواری ماتۆڕ دەبن .

-"کاکه، باران تەواو بووه، چەترەکەت لانابەی؟ "

-نا هێشتا ۱۰۰۱ دڵۆپی تر لەئاسمانەوه بەڕێوەن، پێشتر ئەم هەواڵه له ڕادیۆکانی باکووردا بڵاوبۆتەوه...با چاوەکانم لێك بنێم و ساتێ بیر لەهیچ شتێ نەکەمەوه، تەنانەت له ۱۰۰۱یش،به منداڵی لەبن دارەگوێزەکەدا وتی:۱۰۰۰ لەهەموو شتێك زۆرتره...منیش وتم ئەی ۱۰۰۱ ؟ بەو قسەیه هەردووکمان تا ئێواره پێکەنین...دایکم دەیوت لەیلا شتی سەیر دەڵێ، بڵێی مەبەستی لەیلا...نا نا با بیر لەوانه نەکەمەوه...

ئێستا لەو داره گوێزه هیچ نەماوه...لەیلا به ئاواتی خۆی گەیی...ئەو قسەیەم له دوو سێ جێگه بیستووه...حەوشەکەش لەجیات گەورەتربێ، بچووك بۆتەوه...بۆته دووبەش بەشێك بۆ بیرەوەرییەکانی من و بەشێك بۆ بیرەوەرییەکانی لەیلا...۱۰۰۱ بیرەوەری تاڵ و

شیرین...نا، ناتوانم بیر لەوانەی نەکەمەوە، من بەو شتانە ژیاوم،
من لەگەڵ تۆدا گەورەبووم و تۆ لەناو خەمەکانی منا گەورەبووی، خەمەکانم بوون بە شیعر و لە شیعرەکانما گەز گەز باڵات کرد. باڵات ١٧٥ سانتیمەترە، منیش سانتێ لە تۆو لە ١٧٥ زیاترم. ١٨ ساڵی تەواو لەو حەوشەیەدا پێکەوە بووین...١٠٠١ جار لەبن دارەگوێزەکە من پشتی لەیلام خوراند و ١٠٠٠جاریش لەیلا پشتی منی خوراند، تائەو سەری حەوشە هەڵدەهاتین، جار و بار ئەو دەبوو بە بووک و تارایەکی سووری لەسەر دەنا، منیش لەپاڵ ئەودا ڕادەوەستام...زاوا..نا، مەحاڵە.."ئێمە ئەو کچە بەو هەتیوە سەر شێتە نادەین، کەس نازانێ چی دەڵێ و چی دەنووسێ؟
"دەڵێ بوومەتە نووسەر، هەی خوێناو هەڵێنێ بە خۆت و بەو نووسراوانەت" کچەکەی ئێمەشی شێت و شۆڕ کردووە...نە ئاو دەخوا..ئەی خودایە لەدەس ئەم شێتە..هەر بۆ خۆتی بەریەوە..خۆم دەزانم هەرچی دەیکێشم لەو نووسراوانەیە، ئەویش خەتای خۆی و ئەو چاوانەی بوو، دەنا کوا من ئەوەندە سەرو کارم لەگەڵ قەڵەم و کاغەز بوو...
-سەگباب...خودا لە منت بستێنێ، ئابڕووت بردووم لەلای جیران و کەس و کار...ئەو حەرامزادەیە هەر دەڵێی لە منیش نەبووە...تەواو چۆتە سەر دایکە سەگەکەی...دایکە گا...
-بە خودا ئەگەر باوکم نەبوایەی...هیچ...
"دەڵێم نیوە شەوێك هەستم بێ ئەوەی خۆی بزانێ، ئەوەندە میز بە دەستەکانی داکەم تا.....چەند ڕۆژە نەخشەی ئەم شەوە دەکێشم و هێشتا میزم نەکردووە"
-ئۆ ڕۆڵە دەمێکە نەخەوتووی...شەوانە کەس نازانێ خەریکی چیت؟ ڕۆڵە تکات لێئەکەم بنوو، واز بێنە لە لەیلا...لەیلاش سەگێکی وەك تۆ، ئەمەیان باوکت ئەیوت.
لەیلا دەمێکە تەلیفۆن ناکا... دەمێکە لێی بێخەبەرم..دەمێکە نەمدیوە...
-"دەڵێم ڕۆڵە بڵێی شووی بە پیاوێکی ماتۆڕ سوار نەکردبێ؟...دەڵێن جارێکیان لە شەقام لەگەڵ پیاوێکا بە ماتۆڕ دیویانە..."
پڕ بە تەواوی شەقام هاواردەکەم: لەیلایەکم لێ ون بووە...١٨ ساڵیەتی...دووچاوی شینی هەیە، ئێوە هیچ کامێکتان نەتاندیوە؟...دەزانم ئەوانە وا دەیناسن خۆیان گێل دەکەن و بەلای مندا تێدەپەڕن...ئەچمە ناو شەقام، نووسراوەکە هەڵدەهێنم..."من ئەو شیعرە درێژەم بۆ لەیلا نووسیوە..."
١٠٠١ جار خۆم لەعنەت دەکەم
دارەکان دانە دانە دەژمێرم...

# دار

## خەبات ڕەسوولی

ماندووی، لاقت لە سەر لاقت داناوەو چاوت بڕیوەتە ئاسۆی پەرتووکەکەت ... نا، نازانی.

سەرت دێشێ.

دەستت بۆ قەڵەم دەبەی‌و ...

کە گەیشتمێ مینی‌بووسەکە پڕ ببوو. دەرزیت هەڵاویشتبایە وەئەرزی نەدەکەوت.

لە سەر چوارپایەیەکی خاڵی، بەرامبەر بە پیرێژنێك دانیشتم، گەرما جاربە جار زیاتر گوشاری دێنا.

ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەلاجانگمدا دەتکا.

ـ هەرام کرد: کاکی شوفێر بۆ ناڕۆی ... بەڵام ... بەڵام دەتگوت گوێی لە دەنگم نەبوو.

یەکێ لە پشتەوە هەرای کرد: ئەرێ کاکە مردین بۆ ناڕۆی؟

شوفێرەکە بە ناقایلی‌یەوە گوتی: با ئەو چوارپایەیەش پڕ بێ.

ئاوڕم داوە چوارپایەی خاڵیم نەدی. پاش تاوێك وەرێ کەوت.

بەڵام...

دڵم گەرم داهاتوە.

نازانم قارەمانی چیرۆکەکەم بۆ سواری ئەو مینی‌بووسە کردوە،

ئەرێ چۆنە بینێرمە ڕێگای بورهان (*)و لەوێ وەری گەڕێنم‌و پاشان پرسەیەك بۆ قارەمانی چیرۆك. یان ...

مینی‌بووسەکە باڵ بگرێ‌و وەك بادەوەکەی منالّی بە سەر شاردا بسوورێتەوە.

نازانی نا. نازانی بۆ سوار بووی بۆ کوێ دەچی ... بۆچی دەچێ ... چۆن؟

نا.

تەنیا دەزانی سوار بووی‌و سوار بوونت لە دابەزین پێ‌باشترە.

سەرم دێشێ، ئەو پیرێژنەش هەر چاوم لێ دەکا. لە خۆوە خۆفی لێدەکەم.

پڕ بە مێشکم دەقریشکێنم، ئەرێ کاکی نووسەر ئەوە کێیە؟!

ئاوا بڕواتە پێشێ من بەشداری ناکەم یانی چی؟ بۆ دەبێ قارەمانی چیرۆك لە رووداوەکە بێ خەبەر بێ ..........( وازی لێناهێنم).

هەڵکێشێکی رەشی هەڵ کێشاوەو چارەکەیەکی سەوزی گوڵ سووری بە کۆڵەوەیە سەریشی وەك بەفری کوێستان، نا، چۆڕی شیر سپی‌یە.

تەلیسێکی بەنی پڕ لە قاپ‌و دیزەو گۆزەی لە بن پێیە.

سەرم دادەخەم. سەرم هەڵدێنمەوە. دەستی وەك ژنێکی منداڵەبەر لە سەر سنگی کۆدەکاتەوەو رایدەژێنێ. پاشان فرمێسك لە چاوی‌دا قەتیس دەبێ.

دیسان دڵم رادەچڵەکێ، خودایە ئەو ژنە لە بیری چی‌دایە؟

لەناکاو ... تینێك لە چاوی‌دا هەست پێ دەکەم. هێز دەگرێت‌و هەڵدەستێنە پێ.

ـ کاکە بە قوربانی دەستت بم لێرە رایگرە.

دەشتێکی قاقر. یانی چی؟ هەستێك هانم دەدا تۆش دابەزە.

دادەبەزم‌و دوورو نزیك بەدوویەوەم.

یانی چی. قەڵەمەکەی دادەنێ‌و دەگری. چیرۆك لێم یاخی‌یە.

قارەمانەکان لێم یاخی بوون.

بە تەپۆڵکێك‌دا هەڵدەگەڕێ. منیش بە دووی‌دا. وەسەر دەکەوێ.

منیش بەدووی‌دا، لە پەنا گۆڕێك رادەوەستێ.

دەست دەباو پێمەڕەیەکی چکۆلە دەردێنێ. واقم وڕما. چ دەکا؟

خەیاڵم باڵ دەگرێ‌و تا ئەوپەڕی خاك ... نا .. نازانم.

لە تەك هەر پێمەڕەیەك فرمێسك دەبارێنێ.

لاواندنەوەیەکی تێکەڵ بە گریان:

"رۆڵە جوانەمەرگەکەی بەهاری سوور "

بەردەپانەکانی لادەبا ... وردە وردە دیاردەی قەبرێك وەدیار دەکەوێ.

دار... دار... داربەڕوو ... نەمامێکە نێژراوە.

بە لق و پۆپ و گەڵاکانیەوە. پیرێژن بە سەڵا دەگری. هەی ڕۆ...

هەی ڕۆ ... شەماڵم ڕۆ... نەمامم ڕۆ....

تەزوویەك بە پشتمدا دێ.

پیرێژن دەست دەبا دەری بێنێ.

بەڵام نەمام جار بە جار ئەستوورتر دەبێ و ریشە دادەکوتێ.

متمانەم بە چاوم نەماوە. ئەو دارە ئەستوورە چۆن ...

ئەو قەبرە .. چۆن ... نا.

دڵم لە ژێڵڵا دێ و هێق هێق بە سەر چیرۆکەکەمدا دەڕشێمەوە.

هێندە دەڕشێمەوە تا ریخۆڵەم بە دەممدا دێتەدەر.

وڵات لەبەر چاوم روناکتر بووە. هەست دەکەم تینێك لە لەشمدا دەگەڕێ دیسان سەر هەڵدەدەمەوە و دەمەوە دار ... دار... داربەڕوو.

باڵا بەرزو سەربەخۆ......

گێژ بووم.

چاوم تا بستێك بڕناکا. قەڵەمەکە لە دەستم بەردەبێتەوە خوارێ. چی بکەم؟

چۆنە دیسان دارەکە گەورە بێ و گەورە بێ.

تا دەبێتە پیرەدارێك و تەواوی شەهیدەکانی دونیا لە کەللە سەرە منارە کراوەکانی تەیموورە شەلەوە تا لەشە سابوونکراوەکانی کوورەی مرۆڤ سووتانی هیتلێر،

تا کوردەکانی قارنێ و قەلاتانو ... هەموو کۆببنەوە دەستی یەك بگرن و بەدەوریدا، گەڕی هەڵپەڕکێ بگرن.

ئاخ، هەست دەکەم ریخۆڵەم لە دارەکە دەهاڵێ و دەری دەکێشنە دەرێ.

رەنگە بۆخۆم بم بوومەتە لقێك لە دارە بەڕووەکە. نازانم.

..............................

**هێور دەڵێ: قارەمان کێ بوو.**

**"پەپوولەیەك بە باڵی سەوزو سوورەوە.**

**(*) گوندێك لە نێوان مەهاباد ـ بۆکان**

# جیابوونەوە



تحسين خالد حمد

زەمانێکە حەزی چاوەکانم ڕێگا دەبڕێ، بۆیە ویستم کەمێك هەناسەی پشوو هەڵکێشێ. (لەپڕ ئاوڕێکم دایەوە زەردەخەنەیەك ئۆقرەی پێگرتم) دەزانی دەمێکە چاوەڕوانی تۆم دەکرد؟ (بە سەرسوڕمانەوە زمانم گەڕا) بەم هەموو جوانی و بەخششە خوداییە بۆم دەڕوانی (دەستی درێژ کرد) منیش تۆزێك دوور هەڵوێستم گرت (بە هەناسەوە) فەرمووی دەترسێی لێم؟! (تەنها بە ئاماژەیەك وەڵامم دایەوەو دووبارە سەیرم کردەوە) پاشان بێدەنگی پچڕاند: دەزانم دەترسێی لە دەست بڕین...دەترسێی لە تاریکییەکی نامۆ... لە جیابوونەوە،( بەخوێندنەوەیەکی خێرا ): بەڵێ دەترسێم و هاودۆستی کاروانی هێواشم. (ئەویش هەڵیدایەوە) دەباشە ژیان لێرەو لەوێ تێفکرینە، دەزانم خاتوون بەلام ژوان گرتن کاری بەردەوامی دەوێت. (بەهەناسەیەکی درێژ) گرنگی ژیان بە پاکیو خۆشەویستییە، ئەویشیان دەزانم خاتوون چونکە تاڵی و شیرینی چارەنووسی حەزەکانەو حەزەکانیش هەریەکەو بە شێوازێك بڕیار دەدەن. (کەمێك داماو زولفی خستەوە ژێر لەچەك و بەئومێدەوە) لە چاوتا خوێندوومەتەوە، دەزانم چەند ئارامگری لە تاریکی، دەشزانم چەند بەختەوەری لە ڕووناکی تەمەن، بۆیە دەخوازم پەیمانم پێبدەی بۆ ئەو ساتە کورتانەی ڕۆژگار(بێ ئەوەی دڵم خورپە بکات دەستم خستە ناو دەستی.) کاتێك لەخەو هیشیار بوومەوە ئینجا زانیم کە ژیان ساتێك بە یەکگەیشتنە ساتێکیش جیابوونەوە.

٢٠٠٣-٧-١٩



# مەراق

**هیوا-أ-عصاف**

چاوی بڕیبووە ناوەراستی گۆمەکە، بەلام لەناوەوە سەیری فلمێکی تری ئەکرد، بێ ویستی خۆی دەستی دایە بەردێك و گرتییە خالّی ئامانجی وەك ئەوەی ئەکتەرێکی فلمەکەی خەیالّی لێی بەرقا چووبێ و ئەمیش لێی بدا، بەردەکە لەچەقی گۆمەکەوە شەپۆلێکی بازنەیی دروست کردو ئەویش فلمەکەی ڕاگرت و دوو سێ جار چاوی پروکاندو تفێکی قوتداو چاوی بڕییە شەپۆلەکە تا بەرکەناری گۆمەکەکەوت، دیار بوو گۆمەکەی زۆر لا جوان بوو وەك ئەوەی قەت ئەوەی نەدیبێ. ماوەیەکی تر خۆی بەوەوە خەریککرد، هەورەکە بەتوندی گرماندی، چنگە بەردەکەی دەستی فڕێدایە ئاوەکەوەو هەستایەوە وردە وردە بەرەو هەورازەکەی گردەکەوە ڕێی گرتەبەر، نەعرەتەی هەورە تریشقە هەڕەشەی بارانێکی بەهێزی دەکرد، بارانێکی بەلێزمە دەستی پێکرد ،ئەتگوت ئاسمان دڕاوە، ئەم لەڕۆیشتنیخۆی نەکەوت ڕووەو لوتکەو لوت لەزەوی سەرئەکەوت، هەوری چلّکن و تۆزی باران دنیایان تاریك کرد، هێندەی نەمابوو بگاتێ، هەلّخلیسکاو لەچاو تروکانێکدا خۆی لەخوارەوە بینییەوە، هەستایەوە سەرپێ و سەیرێکی لەشە قوراوییەکەی خۆی کردو چاوێکی بە چوار دەوریا گێڕاو بەرەو لوتکە کوتایەوە، تاگە یشتە بان دەیان جار کەوت و هەلّسایەوە، دانی وشکترینی سەراپای بوو، دەستی لەسەر گا بەردێك بۆنێوچەوانی ڕاخست و بەدەستەکەی تری بەردەکەی دایە بەرمست، گریا..گریا هێندە گریا تا گیانی لەبەر بڕا. کەچونە سەرتەرمەکەی کاغەزێکی خەساو لەگیرفانی ڕاستی دا  بوو،تەنیا دوا ڕستەی دەخوێندرایەوە، نوسرابوو "وەرە با بۆ دوا جار تێر سەیرت کەم".

# خەم

## ئەڤین ئاسۆس

مۆمەکان کز کز دەسوتان، ئەویش لەسەر قەرەوێلەساردوو سڕەکەی دۆش دامابوو،ژوورەکەشی لە زیندانێك دەچوو،نە تیشکی خۆر پێی ئەزانی و نەشەمالی بەیانیان وئێواران ئاوڕێکی لەو ئەدایەوە. لە قولآیی بیرکردنەوە دابوو، کەوتە بیری ئەو کاتەی منداڵەکانی بەردەم ترافیکەکان لە کاتی گەرماترین ساتە وەختەکانی هاوین و سادەترین ڕۆژەکانی زستان دەبنە خەمخۆری دنیاکەی ئەوبەر خۆیان،کەمێکی تر دانیشت و تۆزێك ڕاما ...

ئای چۆن دنیایەکە بچوکەکان خەمی گەورەکانیانە، لەکاتێکدا گەورەکان زۆر بێباکانە بەلایاندا تێدەپەڕن بێ ئەوەی هەست بە ناخی ئەوان بکەن !! لەو کاتەدا مۆمەکان کوژانەوە،ئەویش خۆی خستە نێو پێخەفەکەی تا خەویش بەرەو دنیایەکی تری ببات.

## دوا فرمێسکی ماڵئاوایی

ئەو ڕۆژە زۆر ئاسایی خۆی نواند، بەلآم لە ناخدا زۆر شێوا بوو. زۆر هەوڵیدا تا توانی بەو شێوەیە خۆی بنوێنێ،چونکە بروام نەدەکرد ئەوەی چاوەکانی بینییان شتێکی ڕاست بێت...

-ئەستەمە بڕوابکەم! تۆ بڵێی وا بێت؟!بلێی دوای ئەم هەموو پەیمانە بتوانێ ئەو کارە بکات؟!

م ە ح ا ڵ ە؟! لە بیرێکی زۆر قوڵدابوو، لەناکاو دەنگی هاوڕێکەی بیرەکەی پێ پچڕاند...

+ئەمڕۆ بەم جل و بەرگەوە زۆر قەشەنگ دەرکەوتووی !

_سوپاست دەکەم"ئەو هەر بیری لای ئەو کەسە بوو کە پێشتر هاوگیانی بوو"هەرچۆنێك بێ خۆی ڕاگرت تا لە هەلێك دا توانیخۆی لێ نزیك کاتەوە بە چاوێکی پڕ لە گلەییەوە:"پیرۆزە...ژیانێکی خۆش ...دواتر بەچاوێکی پڕ ئەسرینەوەو بە پەلە ئاهەنگەکەی جێهێشت..

# ژوان

**نوخشە محەمەد**

چاوەکانی تێبڕی بوو، نەیدەتوانی بۆ چرکەیەك لە خەیاڵی دەرکا، بیرو هۆشی هەر لای ئەو بوو، زۆر حەزی بەو تەنیاییە ئەکرد،چوون تەنها لە تەنیاییدا دەیتوانی بێ ترس وێنەکانی دەربێنێت و بەرامبەر خۆی دایانبنێت،

هەرچی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەیە بۆی بگێڕێتەوەو جارجاریش هەندێ گلەیی و نازی بەسەردا بکات،

ئەو هەم خۆیەتی و هەم ئەو قسەی لەگەڵدا ئەکات و هەرخۆیشی وەڵام ئەداتەوە.

لەگەڵ ئەودا کات زوو ئەڕوات، دواجار لەگەڵ بیستنی جیڕەی دەرگاکەدا ئەویش ناچار کۆتایی بەو ژوانە بێنێت و لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا ئەلبومەکە داخات.

# چاوەڕوانی



دوای چەند مانگێك چاوەڕوانی ڕۆژی ڤالانتاین و دانانی ڕێگاو خۆئامادەکردن بۆ بەخشینی گوڵی سوور بە خۆشەویستەکەی.

گوڵەکەی هەر لە دەست دابوو بۆنی پێوە دەکردو گۆرانی بەسەردا ئەوت.

ئەوڕۆژە هات و بەرەو لای ڕۆیشت، بەرامبەری وەشتاو گوڵەکەی لێ نزیك کردەوە.

لەوەدابوو دەستی بۆ بەرێ...بەخەبەر هات.

۲۰۰۵-۵-۳۱

# سادقی هیدایەت

## چیرۆکنووسی گەورەی ئێرانی



**پێشەکی:**

(سادق هیدایەت) نوێنەری ئەدەبیاتی نوێی ئێرانەو بێگومان لە مەیدانی چیرۆك نووسی نوێ لەئێران بە پلەی یەکەم دادەنرێت و شوێنێکی تایبەتی لە جیهانی ئەدەبی پێدراوە.

هیدایەت لە بیست وهەشتی ڕێبەندانی ١٢٨١ی هەتاوی(هەڤدەی فێوریەی ١٩٠٣) لەتاران لەدایك بووە. باپیرانی لەسەردەمی دەستەڵاتی (قاجارەکان)خاوەن پۆستی سیاسی گرنگ بوونە.باوکی‌ناوی(هیدایەت خان) ڕاگری قوتابخانەی (نیزام) بوە.و دایکی ناوی(زیوەرملووك) کچی پیاوێکی ناودار بوە.سادق دوو برا وخوشکێکی گەورەتر لە خۆی هەبوە.

هیدایەت لەتاران لە دارالفنون و قوتابخانەی سەن لوویی خوێندنی تەواو کردوە. لەساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ دەستەیەك قوتابی بە هاوکاری دەوڵەت ڕۆیشتە بەلژیك ولەوێ چەندین بەشی بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندن گۆڕی وسەرەنجام لەپاریس نیشتەجێ‌بوو و دووساڵ لە بەشی بیناسازی سەرقاڵی خوێندن بوو وچاپکردنی کتێبێکی قەبارە بچووك بەناوی سوودەکانی خواردنی سەوزە. لەساڵ ١٩٢٨ بۆ مەبەستی خۆکوشتن خۆی هەڵدا ناو رووباری مارێن لە فەڕانسە کە ڕزگاریان کرد.ساڵی ١٩٣٠ بۆ ئێران گەڕاوە و لە بانکی میللی دەستی بەکارکردن کرد. هەروەها بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی(زیندە بەگۆڕ) و بڵاوکردنەوەی شانۆنامەی(پەروین کچی ساسان) لەتاران و نووسینی (ئەفسانەی ئەفرانـدن). لەساڵی ١٩٣١

چیرۆکی(سێبەری مۆغۆلی) بڵاوکردەوە، هەروەها وتارێك بەناوی (پیلانێك بۆ توێژینەوە لەفۆلكلۆری ناوچەیەك) وبڵاوکردنەوەی چەند چیرۆکێکی وەرگێڕدراو.١٩٣٢ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی(سێ دڵۆپ خوێن)و هەروەها بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك چیرۆك و وتاری زانستی‌تر کەتاکو دوایین ساڵەکانی تەمەنی بەردەوام بوو.

لەساڵی ١٩٣٦ بۆ هیندستان ڕۆیشت ولەوێ بەرهەمی بەناوبانگ ونەمری خۆی بەناوی(کوندەبەبۆی کوێر) ی بە دەست خەتی خۆی وبەشێوەی پۆلۆکۆپی بڵاوکردەوە. هاوکات خۆی فێری زمانی پەهلەوی کرد. ئەمجارەیان کە گەڕاوە بۆ ئێران دەستی لەکار کێشاوەو لەم ماوەیەدا چەندین وتار وکۆمەڵە چیرۆکی جۆراوجۆری بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٤٥ سەفەرێکی بۆ تاشکەند کرد. دوایی ڕۆیشتە پاریس و لەڕۆژی ٨ی مارسی ساڵی ١٩٥١ لەباڵاخانەی ژمارە ٣٧ی شامپیۆنێ لەپاریس بە غاز خۆی خنکاند وکۆتایی بە ژیانی پڕلە نەهامەتی خۆی هێنا.و لەگۆڕستانی پێرلاشزی پاریس بەخاك سپێردرا.

سادق هیدایەت لە بواری جیاجیا کۆمەڵە بەرهەمێکی بەنرخی ڕسکاندوە. چیرۆکنووسی بە گرنگترین لایەنی هونەری ئەم نووسەرە دادەنرێت. زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە کە هیدایەت مرۆڤێکی ڕەشبینە وخۆی لەکۆمەڵگا جیاکردۆتەوە وگۆشەگیربوە. هەڵەی ئەم کەسانە لەوەدایە کە پێیان وایە ئەوە کەسایەتی خودی هیدایەتە کە لەناو چیرۆکەکانی‌دا بەرجەستەکراوە وخودی سادقە کە لەناو چیرۆکەکانیدا وەك پاڵەوان پیشاندراوە" ڕاستە کە کەسایەتی وباری دەروونی وکۆمەڵایەتی نووسەر کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانیدا دەبێت، بەڵام نووسەر لەزمانی کەسایەتی خولقێنراویەوە دەدوێت،

ئەمەش هەموو نووسەرێك دەگرێتەوە. هەروەها ئەگەر سادق دوورەپەرێز بایە هەرگیز نەیدەتوانی وا هونەرمەندانە ژیانی کەسایەتی ناو چیرۆکەکانی کە زۆربەیان لەناخی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و قوڕبەسەرو هەژار دەژیێن پیشان بدات. هەروەها لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر وداب ونەریت و کەلتووری میللی یەکێك لە بەرزترین بەرهەمەکانی نەدەبوو. جگەلەمانە لەبواری نوسینی گاڵتە وتەنز دەستێکی باڵای هەبوە.

* * *

# ســــــــیٚ دلۆپ خوێن

**و:حوسێن بەرەکەیی**

دوێنیٚ بوو کە ژوورەکەمیان جیاکردەوە، ئایا هەربەو جۆرەی کە ڕێکخەر بەڵێنیدا من بەیـەکجاری چاکبوومەتەوەو هەفتەیەکیتر ئازاد دەبم؟ یەك ساڵە، لەتەواوی ئەم ماوەیەدا هەرچـی دەپاڕامــەوە وکاغەز و پێنووسم دەویست پێیان نەدەدام. هەمیشە لەگەڵ خۆما دەمووت کـە هــەرکات کاغــەز وپێنووسم دەستکەویٚ چ شتهایەك کە دەنووسم...بەڵام دوێنیٚ بیٚئـەوەی کـە داوام کردبــیٚ کاغــەز وقەڵەمیان بۆم هێنا. ئەو شتەیکە ئەوەندە ئاواتم بوو، ئەو شتەی کە ئەوەنـدە چـاوەڕوانی بـووم..! بەڵام بێسوودە لە دوێنێوە هەرچی بیردەکەمەوە هیچم نییە کە بینووسم. وەك ئەوە وایە کە یەکێك دەستم دەگرێت یان دەستم بیٚهێز دەبێت. ئێســتا کــە لێــیورد دەبمــەوە لــەناو ئــەم هێڵــە تێکــەڵ پێکەڵانەی کە لەسەر کاغەزەکە کێشاومەتەوە تەنیا شتێك کە دەخوێنرێتەوە ئەمەیــە: (ســیٚدلۆپ خوێن).

"ئاسمانی شین، باخچەی سەوز، بۆنی گوڵەکانی ئەم گوڵزارەی لای سەرەوە کــە لەگــەڵ شــنەبایەکی ئارام بەرەو ئێرە دێت. بەڵام بە چ کەڵك دێت؟ من ئیتــر ناتوانم تام لە هیچ شتێك بکــەم، ئەمانــە هەمووی بۆ شاعیران ومناڵان وئــەو کەســانەی کــە تــاکو دوایــین ســاتەکانی ژیانیــان بــە منــاڵی دەمێننەوە خۆشە.ساڵێکە والێرەم، شەوانە تاکوو بەیانی لەبەر دەنگی پشیلە خەوم لێناکەویٚ. ئەم ناڵە ناڵە تۆقێنەرە،

ئەم قورگە هەڵدڕاوەی کــە گیــانم لێــی بێزاربــوە، بــەیانیش هێشــتا چــاوەکانم نەکراونەتــەوە کــە (ئەنژەکسیۆنی بەدکردار)..! چ ڕۆژانێکی دوورو درێژو دەم وساتێکی پڕلە مەترسیم ئــالێرە بەســەر بردووە. بە کراس وبێجامەی زەرد ڕۆژانی هاوین لەژێر زەمین لــەدەوری یــەکتری کۆدەبینــەوە و لــە زستاندا لەناو باخچە لەژێر تیشکی خۆر دادەنیشین. ساڵێکە وا لەناو ئەم خەڵکە ســەیر ونامۆیــەدا دەژییم. هیچ لایەنێکی لێکچوون لــەنێوان ئێمــەدا نییــە، مــن لــەزەوی تــاکوو ئاســمــان جیــاوازیم لەگەڵیانا هەیە. بەڵام ناڵینەکان، بێدەنگیەکان، جنێوەکان، گریانەکان وپێکەنینەکانی ئەم مرۆڤانە هەمیشە خەوم پڕلە کابووس دەکات.

((هێشتا کاتژمێرێکیتر ماوە کە نانی شەومان بخۆین، هەر ئەو خواردنە بەردەوامەکان: دۆکلێـو، شیربرنج، پلاو، نان وپەنیر، ئەویش هەرئەوەندە کە بخۆی وبژی. گەورەترین ئاواتی (حەسەن) ئەوەیـە کە لەگەنێك ترشاو لەگەڵ چوارنانی گەورە بخوات. کاتێك کە دەرچوو لەجێگەی کاغـەز و پێنـووس دەبێ لەگەنێك ترشاوی بۆ بێنن. ئەویش یەکێکیتر لە مرۆڤە بەختەوەرەکانی ئێرەیـە، بـەو بەژنـە کورتە، پێکەنینی گەمژانە، ملی ئەستوور،

سەری تاس و دەستی پینە پینە بۆ قورکێشان خولقاوە. گشت ئەندامەکانی لەشـی گـەواهی دەدەن کە بۆ قورکێشان خولقاوە. ئەگەر (حەمەعەلی) لەو سووچـە لـەکاتی خـواردنی ئێـوارە و نیـوەڕۆ لەسـەر سـەرمان ڕانەوەسـتابایە (حەسـەن) گشـتمانی لوولـدەدا. بـەڵام حەمەعـەلیش هـەر وەك مرۆڤەکانی ناو ئەم جیهانەیە. ئێرە جیهانێکە لەسەرووی جیهانی خەڵکانی ئاسایی. پزیشـکێکمان هەیە کە بەکاری خوا گێژەرو تووری لێکدەرناکات. من ئەگەر لە شوێنی ئەو بامایە شەوێك ژەهرم دەڕێشتە ناو خواردنی هەموویان ودەمدانێ بیخۆن، ئەو کات بەیانی لەناو باخدا ڕادەوەستام دەستم لەبەر پشتم دەنا، وئەوکات کە مردوەکانیان دەبرد سەیرم دەکرد. سەرەتا کە منیان هێنا بـۆ ئێـرە هەر ئەم دڵەڕاوکێیەم هەبوو کە نەوەك ژەهرم دەرخوارد بدەن. دەستم لەخواردن نەدەدا تائـەو کـات کە حەمەعەلی کەمێکی لێنەخواردبایە. شەوانە هەراسان لەخەو ڕادەپـەڕیم، وامـدەزانی هاتوونـە بمگوژن. ئەمانە گشتیان چەندە دوور ونادیار بوونە..! بەردەوام هەمان ئەم مرۆڤانـە، هـەمان ئـەم خۆراکیانە، هەمان ئەو ژووورە شینەی کە تاکوو ناوەڕاستی ڕەشە.

دوومانگ پێشبوو کە شێتێکیان خسـتبوە نـاو ئـەو بەندیخانەیـەی خـوارەوەی حەسـار، بـە کـەلا شووشەی شکاو سکی خۆی هەڵـدڕی، ریخەڵۆکـەکانی دەرکێشـابوو ویـاری پێـدەکردن. دەیـانووت قەسساب بوە، لە سك هەڵدڕین ڕاهاتوە. بەڵام ئەویتریان کە بە نینۆك چـاوی خـۆی کوێرکردبـوو، دەستیان لە پشتەوە بەستبۆوە. لەهاواری دەداو خوێن بەچاوانیەوە وشکببوو. من دەزانم کە ئەمانە هەمووی لەبن سەری ڕێکخەرە:

((خەڵکانی ئێرە هەموویان بەم چەشنەنین. زۆربـەیان ئەگـەر چارەسـەربکرێن ودەربچـن بەدبـەخت دەبن. بۆنموونە ئەم (سووخرا خاتوون) ەی کە لەبەشی ئافرەتانە، چەندجار دەیویست ڕابکـات بـەڵام گرتیان.

پیرەژنە بەڵام گێچی دیوار لە دەم وچاوی هەڵدەسوێت ولە کاتی نووستن گـوڵی شـەمدانی لەپشـت سەری دادەنێ. خۆی بەکچێکی چواردەساڵانە دادەنێ. ئەگەر چاپێتەوەو لە ئاوێنەدا سـەیری خـۆی بکات دڵی دەتۆقێت. لەهەموویان مـاڵ وێـرانتر (تـەقی) خۆمانـە کـە دەیویسـت جیهـان توشـی گۆڕانێکی گەورە بکات و لەگەڵ ئەوەشدا کەبڕوای وایە ژنە کە بۆتە هـۆی بەدبـەختی ونەهامـەتی کۆمەڵانی خەڵك و بۆ بونیاتنانەوەی دونیا دەبێ هەرچی ژنە لەناوببردرێت، عاشـق ودڵـدادەی ئـەم سوخراخاتوونە ببوو.

((ئەمانە هەمووی لەژێر سەری ڕێکخەری خۆمانە. دەستی گشت شـێتەکانی لەپشـتەوە بەسـتوە. هەمیشە بەو لووتە گەورەو چاوە بچـووکانەی وەکـوو نـەخۆش لەوپـەڕی بـاخ لـەژێرداری سـنۆبەر پیاسەی دەکرد. هەندێجار خواردەبێتەوە سەیری ژێر دار دەکات. هەرکەس کـە بیبێنـێ دەڵێـت چ کابرایێکی قوڕبەسەر وبێئازارە کە کەوتۆتە داوی کۆمەڵێك شـێتەوە. بـەڵام مـن دەیناسـم. مـن دەزانم کەلـەوێ لـەژێردار سـێدڵۆپ خـوێن پڕاوەتـە سـەر زەوی. قەفـەزێك لـەپێش پەنجەرەکـەی هەڵواسراوە، قەفەزەکە بەتاڵە، چونکە پشیلە کەناریەکەی گرتوە، بەڵام ئەو قەفەزەکەی لەبەر ئەوە داناوە تاکوو پشیلەکان بەهەوای قەفەز بێن وئەویش بیانگوژێت.

دوێنێبـوو بـەدوای پشـیلەیەکی خاڵـدار کـەوت، هەرکـە بەسـتەزمانەی لـە داری سـنۆبەری بـەر پەنجەرەکەی سەرکەوت، بەپاسەوانی پێش دەرگای ووت کە بە گوللە لێیبدە. ئەم سـێدڵۆپ خوێنـە هی پشیلەیە، بەڵام کە لەخۆی بپرسن دەڵێت هی کوندەبەبۆیە.

((لەهەمووی ئەوانە داماوتر وسـەیرتر (عـەباس) ی هـاوڕێ و دراوسـێمە. دووهەفتـە نابێـت کـە هێناویانە، لەگەڵ من زۆر خۆمانەیە. خۆی بە پێغەمبەر وشاعیر دادەنێ. بڕوای وایـە کـە هـەموو کارێك بەتایبەتی پەیامبەری وشاعیری بەنـدە بـە بـەخت و نێوچـاوانەوە. هەرکەسـێك نێوچـاوانی بەرزبێت، ئەگەر لە هیچیش نەگات، پـارووی دەکەوێتـە نـاو ڕۆن، و ئەگـەر زانـای ڕۆژگـار بێـت ونێوچاوانی سێزدە بێت قوڕی بەسەر دەبێت. عەباس خۆی بەتار ژەنێکی کارامەش دادەنێ. لەسەر تەختەدارێك پارچە سیمێکی کێشاوە وبەخەیاڵی خۆی تاری دروستکردوەو هۆنراوەیەکیشی دانـاوە کە ڕۆژێ هەشت جار بۆمی دەخوێنێتەوە. پێدەچێ هەر لەبـەر ئـەم پارچـە شـیعرەش بـێ کـە بـۆ ئێرەیان هێنابێت. هۆنراوەیەکی سەیری داناوە:

**((بەداخەوە جارێکیتر شەو داهات،**

**سەرانسەری جیهان تاریك داهات،**

**ژیای گشت خەڵکی ئاسوودەیی دایگرت،**

**جگە لەمن کە دەردو خەمم زۆرتربوو.**

**جیهان هەرگیز هیچ خۆشیەکی پێ نییە**

**جگە لەمەرگ بۆ خەمم هیچ چارەیەك نییە**

**بەڵام لەو سووچە لەژێرداری سنۆبەرە**

**کە پژاوەتە سەر خاك سێ دڵۆپ خوێن)).**

دوێنێبوو کە لەناو باخدا پیاسەمان دەکرد. عەباس ئەم هەڵبەستەی دەخوێندەوە، ژنێك و پیاوێك وکچێکی گەنج بۆ دیتنی ئەو هاتن. تاکو ئێستا ئەوە پێنجەمین جارە کە هاتوونە.

من ئەوانم بینیبوو ودەمناسین، کچە گەنجەکە چەپکە گوڵێکی هێنابوو. کچەکە بەڕومەوە پێدەکەنی، پێدەچوو منی خۆشدەوێ، هەر لەبەر من هاتبوو. سیمای زیبکاوی عەباس کە هیچ جۆرە جوانیەکی تێدا بەدینا‌کرێ. بەڵام ئەوکات کە ژنەکە لەگەڵ پزیشك دەدوا بینیم کە عەباس کچەگەنجەکەی بردە ئەولایە و ماچیکرد.

((تاکوو ئێستا ساڵێك دەبێ نەکەس هاتۆتە دیتنم ونەگوڵیان بۆ هێناوم.

دوایینجار سیاوەش بوو کە هاتە دیتنم، سیاوەش باشترین هاوڕێم بوو. ئێمە دراوسێ بووین، هەموو ڕۆژێ پێکەوە بۆ (دارالفنون) دەڕۆیشتین وپێکەوە دەگەڕاینەوە وپێکەوە وانەکانمان دەخوێند ولەکاتی پشوو من سیاوەشم فێری تارژەنین دەکرد.

(ڕوخسارە) یکچەمامی سیاوەشیش کە دەسگیرانی من بوو زۆرجار لە کۆڕی ئێمە ئامادە دەبوو. سیاوەش دەیویست خوشکی ڕوخسارە بێنێت. لەپڕا مانگێك بەر لە مارەکردنیان سیاوەش نەخۆش کەوت. من چەندجارێك بۆ دیتنی ڕۆیشتم بەڵام وتیان کە پزیشك قەدەغەی کردوە کە لەگەڵی قسەبکەن. هەرچی تکام کرد هەر ئەوەیان پێوتم. منیش زۆرتر بەدوایدا نەڕۆیشتم.

باش لەبیرمە، نزیك تاقیکردنەوەکان بوو، ڕۆژێك لای ئێوارە کە بۆلای ماڵێ گەڕامەوە کتێبەکانم و چەند دەرسگوتاری خوێندنگەم لەسەر مێز دانا، هەرکە ویستم خۆم بگۆڕم دەنگی گوللە هات.

دەنگەکە وەها نزیکبوو کە تۆقام، چونکە ماڵی ئێمە لەپشت خەندەك بوو، بیستبووم کە لە دەوروبەری ئێمە دز شوێنێکی بڕیوە. دەمانچەکەم لەناو چەکمەزەی مێزەکە هەڵگرت و هاتمە ناو حەسار، گوێڕایەڵ ڕاوەستام، دوایی لەپەیژەکانەوە بۆ سەربان ڕۆیشتم بەڵام هیچم نەبینی. کاتێك کە دەگەڕامەوە لەوسەرەوەڕا سەیری ناوماڵی سیاوەشم کرد، بینیم سیاوەش بەکراس وبێجامە لە حەسار وەستاوە. بە سەرسامیەوە وتم:

((سیاوەش تۆی؟)).

منی ناسیەوەو وتی:

((وەرە کەس لەماڵەوەمان نیە)).

((دەنگی گوللەت بیست؟)).

((ئەنگوستی لەسەر لێوی داناو بەسەر ئاماژەی پێکردم کە وەرە، من بەخێرایی ڕۆیشتمە خوارێ و لەدەرگای ماڵیانم دا. بەخۆی هات ودەرگای لێکردمەوە. هەربەو جۆرەی کە سەری بەرەو خوارێ بوو وسەیری خوارەوەی دەکرد پرسی:

((بۆچی بۆ دیتنم نەهاتی؟)).

((من چەندجارێك هاتم ولێتم پرسی بەڵام ووتیان پزیشك لێناگەڕێت)).

((وادەزانن کە من ناتەندروستم، بەڵام هەڵەن)).

دووبارە پرسیم:

((دەنگی ئەم گوللەیەت بیست؟)).

بەبێ ئەوەی کە وەڵام بداتەوە، دەستی منی گرت وبردمیە ژێرداری سنۆبەرو شتێکی پێپیشاندام.

من لەنزیکەوە سەیرم کرد، سێدڵۆپ خوێنی تازە پژبوە سەر زەوی.

دوایی منی بردە ژوورەکەی خۆی، هەموو دەرگاکانی داخست.

لەسەر کورسی دانیشتم. چراکەی هەڵکرد، هات و لەسەر کورسی لەبەرامبەر من لەنزیك مێز دانیشت. ژوورەکەی سادە، ڕەنگی شین و تاکو ناوەڕاست ڕەشبوو. چەند بەرگ کتێب و دەرسگۆتاری خوێندنگەش لەسەر مێز دانرابوو. دوایی سیاوەش دەستیکردە ناو چەکمەزەی مێز

وده‌مانچه‌یه‌كی ده‌رهێنا و پیشانی منی دا. له‌و ده‌مانچه كۆنه ده‌سك سپیه‌كان بوو. له‌ناو گیرفانی شه‌ڵواره‌كه‌ی داناو وتی:

((پشیله‌یه‌كی مێیه‌م هه‌بوو ناوی (نازێ) بوو. له‌وانه‌یه دیتبێت، له‌و پشیله ئاساییه گوڵدارانه بوو. دوو چاوی گه‌وره‌ی هه‌بوو وه‌ك چاوی كلرێژكراو. نه‌قش ونیگاری رێك وپێكی له‌سه‌ر پشتی بوو وه‌ك ئه‌وه وابوو كه له‌سه‌ر لاپه‌ڕه‌یه‌ك حوبریان ڕشتبێ و دوایی له‌ناوه‌ڕاسته‌وه ده‌قیان كردبێت. رۆژانه كه له خوێندنگه ده‌هاتمه‌وه نازێ ده‌هاته پێشم، ده‌ستی بـه میـاو میـاو ده‌كـرد، خـۆی لێده‌كشـاندم، كه‌داده‌نیشتم خۆی هه‌ڵده‌دا سـه‌ر سـه‌رو گـه‌رده‌نم، لـمووزی لـه ده‌م وچـاوم ده‌دا، بـه‌زمانی زووری نێوچاوانی ده‌لێسته‌وه‌و ده‌یویست ماچی‌بكه‌م.

پێده‌چێ پشیله‌ی مێیه ساخته‌كارتر و به‌به‌زه‌یی‌تر وهه‌ستیارتر بێت له پشیله‌ی نێره. نـازێ جگـه له‌من له‌گه‌ڵ چێشتلێنه‌ر نێوانی له‌هه‌موان باشتربوو، چونكه سه‌رچاوه‌ی خۆراكی بوو. به‌ڵام له بسك سپی ماڵێ كه به‌بۆڵه بۆڵبوو و نوێژی‌ده‌كرد و له موی پشـیله خـۆی‌دوور ڕاده‌گـرت، دووره‌پـه‌رێزی ده‌كرد. له‌وانه‌یه نازێ لای خۆی بیری‌كربێته‌وه كه مرۆڤه‌كان ژیرتر له پشیله‌كانن و هه‌موو خۆراكـه خۆشه‌كان و شوێنه گه‌رم و نه‌رمه‌كان بۆخۆیان داده‌نێن و پشیله‌كان ده‌بـێ ئه‌وه‌نـده خۆیـان شـیرین بكه‌ن تاكوو بتوانن له‌گه‌ڵیان هاوبه‌ش بن.

ته‌نیا كاتێك سۆزی سروشتی نازێ ده‌بزوا و له‌خۆی ده‌رده‌چوو كـه سـه‌ری خوێنـاوی كه‌ڵه‌شـێرێكی چه‌نگ ده‌كه‌وت، نازێ له‌م كاتـه‌دا وه‌ك ئـاژه‌ڵێكی درنـده‌ی لێـده‌هات. چـاوه‌كانی زه‌ق ده‌بـوون و ده‌بریسكاوه، چه‌نگاڵه‌كانی ده‌رده‌كه‌وتن وهه‌ركه‌س كه لێی نزیك كه‌وتباوه بـه خـڕه خـڕو وڕه وڕی به‌رده‌وام هه‌ڕه‌شه‌ی لێده‌كرد.

دوایی وه‌ك شتێك كه خۆی فریو بدات، یاری ده‌كرد. چونكه به‌تـه‌واوی توانـای هۆشـیه‌وه سـه‌ری كه‌ڵه‌شێری به گیانله‌به‌رێكی زیندوو داده‌نا. به‌چه‌نگاڵ لێیده‌دا، موی‌قیت ده‌بوو، خۆی ده‌شـارده‌وه، بۆسه‌ی‌ده‌كرد، سه‌رله‌نوێ هێرشی ده‌برد وگشت كارامه‌یی نه‌ژادی خۆی به‌م شێوه‌یه به‌ده‌رده‌خسـت. دوای ئه‌وه‌ی كه له‌م شانۆیه ماندوو ده‌بوو، سه‌ركه خوێناویه‌كه‌ی به‌وپـه‌ڕی تـام وچـێژه‌وه ده‌خـوارد وتاكو ماوه‌یه‌كی كوورت به‌دوای پاشماوه‌ی ئه‌ودا ده‌گه‌ڕا و بۆ ماوه‌ی چه‌ند كاتژمێرێك شارستانیه‌ته

دەسکردەکەی خۆی لەبیر دەچۆوە، نەبۆلای کەسێك دەڕۆیشت ونە نازی دەکرد ونەخۆی شیرین دەکرد.
لەهەمان کاتدا کە نازی هاوڕێتی دەنواند، کێوی ودوورەپەرێزیش بوو ونهێنیەکانی ژیانی خۆی بەدەرنەدەخست، ماڵی ئێمەی بە ماڵی خۆی دادەنا، ئەگەر پشیلەیەکی بێگانە بەوێدا تێپەڕیبا، بەتایبەت ئەگەر مێ بوایە ماوەیەك دەنگی فرەفرو ناڵەی بەردەوام دەبیسترا.
ئەو دەنگەی کە نازێ بۆ ویستنی خواردن دەریدەکرد لەگەڵ دەنگی کاتی نازکردنی جیاوازبوو. ئەو هاوارەی کە لەبرسان دەیکرد لەگەڵ هاتووهاواری کاتی شەڕو مییاو میاوی کاتی مەستبوونی جیاوازبوو. ئاوازەکانی دەگۆڕان: یەکەمیان هاوارێکی دڵئازار، دووەمیان هاوارێك لەسەر ڕك وقین، سێیەمیان هاوارێکی دەردەدارانەبوو کە بەهۆی پێویستی سروشتی دەریدەکرد، تاکوو بۆلای جووتەکەی بڕوات. بەڵام نیگاکانی نازێ لە هەموو شت واتادارتربوو وهەندێجار سۆزێکی مرۆڤانەی پیشاندەدا، بەجۆرێك کە ئادەمیزاد لەخۆی دەپرسی: لەپشت ئەم سەرە تووکنە، لەپشت ئەم چاوە سەوزە پڕلە نهێنیانە چ بیرو خەیاڵ و سۆزێك شەپۆل دەکات.
پار بەهارێ بوو کە ئەم پێشهاتە دڵتەزێنە ڕویدا. دەزانی لەم وەرزەدا گشت گیانداران مەست دەبن وبە تەك وپۆ دەکەون. وەك ئەوە وایە کە بای بەهاری سۆزێکی شێتانە بە گشت گیانلەبەران دەبەخشێت. نازێی ئێمەش بۆ یەکەمینجار سۆزی خۆشەویستی کەوتە سەری، تەواوی لەشی کەوتە جۆشەوە و خەمبارانە دەیناڵاند. پشیلە نێرەکان دەنگیان بیست وپێشوازیان لێکرد. دوای جەنگ وململانێی زۆر نازێ یەکێك لەوانەی کە لەوانیتر بەهێزتر و دەنگی نێرانەتر بوو بۆ هاوسەری هەڵبژارد. لەخۆشەویستی گیانداراندا بۆنی تایبەتیان زۆر گرنگە. هەرلەبەر ئەوەیە کە پشیلە بەناز وپاك وخاوێنەکانی دەستەمۆ لەلای مێیەکانیان هیچ سەرەنج ڕاکێش نینە. بەپێچەوانەوە پشیلەکانی سەر لێواری دیوارەکان،
پشیلە دزە لاوازە بەڕەڵڵا وبرسی کە پێستیان بۆنی ڕەسەنی نەژادیان لێوەدێت جێگای سەرەنجی مێیەکانیانن. ڕۆژانەو بەتایبەتی شەوانە نازێ وجووتەکەی دڵداری خۆیان بەدەنگی بەرز دەردەبڕی. لەشی نەرم وناسکی نازێ وێکدەهات و شل وخاو دەبۆوە، بەشێوەیەك کە لەشی ئەویتر وەك کەوان

دەچەماوەو لەخۆشیان دەیانناڵاند. تاکوو بەرەبەیان ئەم کارە بەردەوام دەبوو. ئەوکات نازێ بە مووی پەریشان، ماندوو وشەکەت بەڵام بەختەوەرو دەهاتەوە ژووری.

شەوانە لەبەر بەزمی ئەویندارى نازێ خەوم لێنەدەکەوت. سەرەنجام هەڵچووم، ڕۆژێك لەپێش ئەم پەنجەرەیە کارم دەکرد. دڵبەر ودڵدارم بینی کە لەناو باخچەدا دەخولانەوە. من بەو دەمانچەیەی کە بینیت، لەسێ هەنگاوی پێکاندم. دەمانچەکە گوللەی دەرکردو جووتی نازێ بەرکەوت.

پێم وابێ پشتی شکا، خۆی هەڵاویشت وبێ ئەوەی کە دەنگێك دەربکات یان بناڵێنێ لە داڵانەکەوە ڕایکردو لەژێر پەرژینی باخچە کەوت ومرد.

بەهەموو ئەو هێڵەی کە ئەو پێیدا ڕۆیشتبوو دڵۆپی خوێن ڕژابوو. نازێ ماوەیەك بەدوایدا گەڕا تاکوو شوێن پێی دۆزییەوە. خوێنەکەی بۆن کرد ویەکسەر ڕۆیشتە سەر لاشەی ئەو. دووشەوو دوو ڕۆژ لەسەر سەری ماوە. هەندێجار دەستی لێدەدا، وەك بڵێی پێیدەووت: ((هەستەوە، سەرەتای بەهارە. بۆ لەکاتی دڵداری نوستووی، بۆ نابزوێی؟ هەستە، دەهەستە!)) چونکە نازێ لەمردن نەدەگەیشت ونەیدەزانی کە خۆشەویستی مردوە.

بەیانی ڕۆژی دوایی نازێ لەگەڵ جووتەکەی ونبوو. هەموو شوێنێك گەڕام، لەهەرکەسێك شوێنی ئەوم پرسی بێسوود بوو. ئایا نازێ لێم تۆرا، ئایا مرد، ئایا بەدوای بەزمی خۆشەویستی خۆیدا ڕۆیشت، ئەدی لاشەی ئەویتر چی بەسەرهات؟.

شەوێك دەنگی مییاو میاوی هەمان پشیلە نێرەکەم بیست، تاکوو بەرەبەیان نەیبڕیەوە، شەوەکەیتریش هەر بەم چەشنە، بەڵام بەیانیان دەنگی دەبڕاوە. شەوی سێیەم دیسان دەمانچەکەم هەڵگرت ولەخۆمەوە ڕوو بەو دارە سنۆبەرەی پێش پەنجەرەکەم گوللەیەکم دەرکرد. چونکە بریسکەی چاوانی لەناو تاریکایی دەبینرا، هاواری کردو دەنگی بڕاوە. بەیانی لەژێردار سێ دڵۆپ خوێن ڕژابوو. لەوشەوە تاکو ئێستا هەموو شەوێ دێت و بەهەمان دەنگ دەناڵێنێ. ئەوانیتر خەویان گرانە وگوێیان لێنابێت. هەرچی پێیان دەڵێم پێم پێدەکەنن، دڵنیام کە ئەمە دەنگی هەمان ئەو پشیلەیە کە کوشتوومە.لەوشەوە تاکوو ئێستا خەو نەکەوتۆتە چاوانم، بۆهەر شوێنێك دەڕۆم، لەهەر ژوورێك دەنووم، بەدرێژایی شەو ئەم پشیلە بێویژدانە بەو گەروە تۆقێنەرەی دەناڵێنێت و جوتەکەی خۆی بانگ دەکات.

ئەمڕۆ کە کەس لەماڵەوە نەبوو گوللەیەکم دا لەوشوێنەی کە پشیلە هەموو شەوێ لەوێ لـەهاواری دەدا. چونکە لەبریسکەی چاوانیەوە لەناو تاریکیدا دەمزانـی کـە لـەکوێ دادەنیشـێت. گوللەکـە دەرچوو دەنگی هاواری پشیلەم بیست وسێ دڵۆپ خوێن لەوسـەرەوە پـڕژا. تـۆ کـە بەچـاوی خـۆت بینیت، تۆ کە گەواهی دەدەی؟.

لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکە کراوە ڕوخسارەو دایکـی هاتنـە ژووری. ڕوخسـارە چـەپکە گـوڵێکی پێبوو. من هەستام وسەلامم کرد بەڵام سیاوەش بەپێکەنینەوە ووتی:

((بێگومان ئێوە لەمن باشتر بەڕێز(میرزا ئەحمەد) دەناسن، پێویست بەناسـاندن ناکـات، بـەڕێزیان گەواهی دەدات کە سێدڵۆپ خوێنی بەچاوی خۆی لەژێر داری سنۆبەر بینیوە.

((بەڵێ من بینیومە)).

بەڵام سیاوەش هاتە پێشێ و قاقا پێکەنی، دەستی کردە ناو گیرفانم و دەمانچـەکەمی هێنـا دەرێ لەسەر مێزی داناو وتی:

((دەزانن بەڕێز میرزا ئەحمەد نە تەنیا زۆر بەباشی تار دەژەنێت و بەباشی هۆنراوە دادەنێت، بـەڵکو ڕاوچییەکی لێهاتووشە، دەستی زۆر ڕاستە)).

دوایی ئاماژەی پێکردم، من هەستام و وتم:

((بەڵێ ئەمرۆ پاش نیوەڕۆ هاتم کە دەرسگۆتاری قوتابخانە لە سـیاوەش وەرگـرم، بـۆ سـەرگەرمی چەند ساتێك بەدەمانچە لەو دارە سنۆبەرەمان دا. بەڵام ئەو سێ دڵۆپ خوێنە هی پشیلە نیە هـی کوندەبەبۆیە. دەزانن کە کوندەبەبۆ سێ دەنکە گەنمی لـە مـاڵی هـەتیو خـواردوە هـەموو شـەوێ ئەوەندە دەناڵێنێت تاکوو سێدڵۆپ خوێن لە قووڕگی بڕژێت. یان پشیلەیەك کەناری دراوسێی بردوە و بە گوللە لێیانداوەو بێرەدا تێپەڕیوە. ئێستاش بوەستن ئەو هەڵبەستە نوێیەی کـە تـازە دامنـاوە ((بخوێنمەوە))، تارەکـەم هـەڵگرت و ئاوازەکـەم لەگـەڵ تارەکـە ڕێکخسـت و ئـەم هەڵبەسـتانەم خوێندەوە:

((بەداخەوە کە جارێکیتر شەو داهات،

سەرانسەری جیهان ڕەش وتاریك داهات،

هەموو کەسێك ئاسوودەیی دایگرت،جگە لەمن کە دەرد وخەمم زۆرتر بوون،جیهان هەرگیز هیچ خۆشیەکی پیٚنیە،
جگە لەمەرگ بۆ خەمم هیچ چارەیەك نیە،
بەڵام لەو سووچە لەژێر داری سنۆبەرە
کە پژاوەتە سەرخاك سیٚدڵۆپ خوێن)).
کە گەیشتە ئەم برگەیە دایکی ڕوخسارە تێکچوو لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەریٚ، ڕوخسارە برۆکانی هەڵاویشت و وتی: ((ئەمە شێتە)). دوایی دەستی سیاوەشی گرت و هەردوویان پێکەنین و ڕۆیشتنە دەرەوە و دەرگایان بەسەر داخستم.
کە گەیشتنە حەسار لەژێر فانۆس من لەپشت شووشەی پەنجەرەوە ئەوانم بینی کە یەکتریان لەباوەش کرد و یەکتریان ماچ کرد.
﴿لە کۆمەڵە چیرۆکیسیٚدڵۆپ خوێن﴾
٢٧٠٥/٧/٢٤

* * *

# گێـــــــــــــــــــڗاو

**لە فارسیەوە: فەرهاد عەزیز حەسەن**

هۆمایون لەگەڵ خۆیدا دەیووت:

((ئایا ڕاستە؟..ئایا دەشێ؟ وەها گەنج، لەوێ لە (شاعەبدولعەزیم) لەنێوان هەزاران مردوویتر، لەژێرخاکی سارد وشێدار نوستوو... کفن بەلەشیەوە وشکبوو! نەسەرەتای بەهار دەبێنێت ونە کۆتایی پاییز ونەڕۆژانی خەفەتباری وەکوو ئەمڕۆ...ئایا سۆمای چاوانی و ئاوازی دەنگی بە یەکجاری گوڗاوە!.. ئەو کە ئەوەندە دەم بە خەندەبوو وقسەی خۆشی دەکرد...)).

هەور ئاسمانی داگرتبوو، تەنکە هەڵمێك سەر شووشەی پەنجەرەکانی داپۆشیبوو ولەپشتەوەی سەربانی ماڵی دراوسێ دەبینرا کە بستیچك بەفری لەسەر دانیشتبوو. ورکە بەفرەکان بەئەسپایی وبەنەرمی لە هەوادا دەخوولانەوەو لەسەر لێواری سەربان دادەنیشتن.

لەدووکەڵدانی سەربان دووکەڵێکی ڕەش دەردەهات کە لەناو هەوادا پێچی دەخواردەوە وردە وردە لەناو دەچوو.

هۆمایوون لەگەڵ هاوسەری گەنج و(هۆما) کچەبچکۆڵانەکەی لەدیوەخان لەپێش شۆمینە دانیشتبوون. بەڵام بەپێچەوانەی ڕۆژانی هەینی کە لەم ژوورەدا خۆشی وشادومانی بەرپابوو، ئەمڕۆ هەموویان پەشێوو خەمبار بوون.

تەنانەت کچە بچکۆڵانەکەیان کە ئەوەندە قسە خۆشبوو، ئەمڕۆ بووکە شووشە گێچینە دەم وچاو شکاوەکەی لەتەك خۆی داناوە، مات وبێدەنگ سەیری دەرەوەدەکات. پێدەچێ ئەویش زانیبێتی کەم وکوڕیەك لە ئارادایە وئەویش نەبوونی مامی خۆشەویست مامە (بارام)ە کە وەك ڕۆژانی پێشوو ئەمجارەیان نەهاتبوو.

هەروەها بەمەی زانیبوو کە خەمباری وپەشێوی دایە وبابە لەبەر ئەوەوەیە:جلی ڕەش، چاوی سووری خەونەدیتە ودووکەڵی جگارە کە لەهەوادا پەنگی دەداوە گشتی ئەمەی دەسەلماند.

هۆمایوون چاوی له ئاگری شۆمینه بڕیبوو، بەڵام بیری لەلایەکیتر بوو. ڕۆژانی ساردی زستانی هاتەوەبیر کە لە قوتابخانە بوون، ئەو کاتەی کە وەك ئێستا بستێك بەفر دەکەوتە سەر زەوی، کاتێك کە زەنگی پشوودان لێدەدرا ئەو وبارام دەرفەتیان بەکەس نەدەدا. یاریەکەیان لەم کاتەدا بەردەوام یەکجۆربوو: تۆپڵە بەفرێکیان لەسەر زەوی دەخەڵتاند تاکوو گەورە دەبوو، دوایی لەگەڵ منداڵەکان دەبوون بە دوو دەستە، دەیانکرد بەسەنگەر وشەڕە تۆپڵەمە دەستی پێدەکرد. بەبێ ئەوەی کە هەست بەسەرما بکەن بەدەستی سوور هەڵگەڕاو کە بەهۆی سەرمای زۆرەوە وای لێهاتبوو تۆپڵەمە بەفریان لێکتری دەدا.

ڕۆژێك کە سەرگەرمی ئەم یاریە بوون، هۆمایوون چەنگە بەفرێکی تەڕی کوشی وبۆلای بارامی هاویشت کە نێوچاوانی بریندار کرد.

چاودێری قوتابخانە هات و چەند شولکی لەبەری دەستی هۆمایوون داو لەوانەیە ئەمە سەرەتای هاوڕێتی ئەوان بووبێت کەتاکوو ئەم دواییانە هەرکاتێك کە برینی ناوچاوانی ئەوی دەبینی ئەو شوولکانەی وەبیر دەهاتەوە کەلە بەری دەستیان دابوو. لەم ماوە هەژدەساڵیەدا ئەوەندە گیان وبیریان لێك نزیکببۆوە کەنەتەنیا بیرو هەست وسۆزی زۆر نهێنی خۆیان لەلای یەکتری باسدەکرد، بەڵکوو لەزۆربەی ئەو بیرو خەیاڵانەی یەکتری کە هێشتا نەدرکابوون دەگەیشتن.

تاڕادەیەکی زۆر هەردوویان، یەکجۆر بیرکردنەوەو داخوازی ویەکجۆر ڕەوشتیان هەبوو. هەرگیز کەمترین ناکۆکی یان بچووکترین ململانێیەك لەنێوانیاندا رووی نەدابوو.

تاوەکوو پێرێ بەیانی لە دایرە تەلەفۆنیان بۆ هۆمایوون کرد کە بارام میرزا خۆی کوشتوە. هۆمایوون یەکسەر سواری کەژاوەیەك بوو بەخێرایی خۆی گەیاندە ژوورسەری بارام، ئەو دەسماڵە سپیەی کە بەسەر دەم وچاویان دادابوو وخوێن لە پشتیەوە پژابوو بەئارامی لایدا.

برژانگی خوێناوی، مێشکی سەری کە پژابوە سەر باڵنج، ئەو پشکە خوێنانەی کە ڕژابوونە سەر مافوور، گریان وبێئارامی خزمانی وەك بروسکێك کاری تێکرد.

تاکوو ئێوارە کە ناشتیان هاوڕێتی تابووتەکەی کرد. ناردی چەبکە گوڵێکیان هێنا ولەسەر گۆڕەکەی دانا ودوای دوایین ماڵئاوایی بەدڵێکی پڕخەم بۆ ماڵ گەڕاوە. بەڵام لەو ڕۆژەوە تاکوو

ئێستا بۆ ساتێك ئارامی نەبوە، خەو بۆ چاوانی نامۆ ببوو ومووی سپی لەسەریدا بەدیارکەوتبوون، پاکەتێك جگەرەی لەبەردەم بوو بەدوای یەکدا دەیکێشا.

یەکەمینجاربوو هۆمایوون لەبابەتی مەرگ وردبببۆوە وبیری لێدەکردەوە، بەڵام بیری بۆ هیچ نەدەڕۆیشت. هیچ ڕاو بۆچوونێك نەیدەتوانی متمانەی پێبدات.

بەتەواوی سەرسام ببوو ونەیدەزانی دەبێ چیبکات، هەندێجار وەك شێتانی لێدەهات، هەرچی حەولی دەدا نەیدەتوانی فەرامۆش بکات، هاوڕێتیان لە قوتابخانەوە دەستی پێکردبوو وژیانیان تاڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی یەکتری ببوو. لە خەم و خۆشی یەکتریدا هاوبەشبوون وهەرکات سەیر ی وێنەی بارامی دەکرد بیرەوەریەکانی ڕابردوو لە پێش چاوی زیندوو دەبوونەوەو بارامی لەپێش چاو بوو، بە سمێڵی بۆر، چاوی ڕەش، دەمی بچووك،

چەنەگەی باریك وپێکەنینی بەرز، نەیدەتوانی بڕوابکات کە مردووە، ئەویش وەها کت ومت..! چ خۆبەخت کردنێك مابوو کە بارام سەبارەت بەئەو نەیکات، لەماوەی سێ‌ساڵدا کە هۆمایوون کارمەندی ڕاسپێردراوبوو بارام سەرپەرشتی ماڵی ئەوی دەکرد، وەك بەدری هاوسەری وتبووی:((نەیهێشت کە ئەندامانی ماڵ هەست بە هیچ جۆرە دڵگرانیەك بکەن)).

ئێستا هۆمایوون هەستی بە قورسایی باری ژیانی دەکرد،و داخی ڕۆژانی ڕابردووی دەخوارد کە وەها یەکدڵ لەم ژوورەدا بەدەوری یەکتری کۆدەبوونەوە،و تاولەیان دەکردو کات بەسەردەچوو بەبێ ئەوەی کە هەست بە تێپەڕبوونی بکەن.

بەڵام ئەو شتەی کە زۆرتر ئازاری دەدا ئەوە بوو:((لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان ئەوەندە یەکدڵ وهاودەم بوون وهیچ شتێکیان لێکتری نەدەشاردەوە، چۆنبوو کە بارام سەبارەت بەبڕیاری خۆکوشتنی ڕاگۆڕی لەگەڵ نەکردبوو؟ هۆیەکەی چیبوو؟ شێتببوو یان نهێنی خێزانی لەئارادابوو؟))،

بەردەوام ئەمەی لەخۆی دەپرسی. لەئەنجامدا وەك ئەوەی بیرێکی بۆ هاتبێ پەنای بۆ بەدری خێزانی برد ولێی پرسی:

((تۆ دەڵێی چی، دەزانی بارام ئەم کارەی بۆ کرد؟)).

بەدری کە پێدەچوو سەرقاڵی بەرگدووری بوو سەری بەرزکردەوەو وەك ئـەوەی کـە چـاوەڕوانی ئـەم پرسیارە نەبێت بەساردی ووتی:

((من بۆ بزانم مەگەر بەتۆی نەووتبوو؟)).

((نا...بۆیە پرسیم...چونکە منیش لەبەر ئەوە سەرم سووڕماوە...کەلەسـەفەر گەڕامـەوە هەسـتم کرد گۆڕاوە. بەڵام هیچی پێنەووتم، پێم وابوو ئەم پەشێویەی لەبـەر کـاری دایـیرە بـوو...چـونکە کارەکەی دەروونی دەژاکاند، چەندجارێك پێیووتبووم...بەڵام ئەو هیچ شتێکی لێنەدەشاردمەوە)).

((خوالێی خۆشبێت! چەند لەسەرەخۆ ودڵتەڕبوو، ئەم کارەی لێنەدەشاوە)).

((نا، خۆی واپیشاندەدا:هەندێجار زۆر دەگۆڕا. زۆر...کاتێك کە تەنیابوو...، رۆژێـك چـوومە نـاو ژوورەکەی نەمناسیەوە، سەری لەناو دەستی گرتبوو وبیری دەکردەوە. هەرکە بینی من سەرسـامی ئەم شێوەیەی ئەو بوومە بۆ ئـەوەی دەسـت خەڵـەتم دات پێکـەنی ودەسـتی بەگاڵتـەکردن کـرد. ئەکتەرێکی باشبوو)).

((لەوانەیە دەردێکی هەبووبێ ترساوە ئەگەر پێت بڵێ خەمگین بی. ئەخە هەرچی نەبێ تـۆ خـاوەن ژن ومناڵی، ودەبێ بیر لەژیان بکەیەوە!)).

بەشێوەیەکی پڕواتا سەری جوولاندەوە، وەك بڵێی خۆکوشـتنی بـارام هـیچ گرنگیـەکی نـەبووبێت. سەرلەنوێ بێدەنگی ئەوانی خستەوە ناو جیهانی بیرکردنەوەوە. بەڵام هۆمایوون زانی کە قسـەکانی ساختەکارانەو بەرژەوەندیخوازانەیە.

هەر ئەو ژنەی کە هەوت ساڵ لەمەوبەر هۆمایوونی دەپەرستی، هەر ئەو ژنەی کە ئەوەندە هەست وسـۆز وخـەیاڵی ناسـکی سـەبارت بـە خۆشەویسـتی هـەبوو، ئـەم دڵداریـەی ژنـی لەبەرامبـەر بیرەوەریەکانی بارام ڕقی هۆمایوونی هەڵچوواند.

لەژنەکەی بێزاربوو کە ئێستا بەشـێوەیەکی مـاددی ومالپەرسـتانە بیردەکاتـەوەو لەخـەمی مـاڵ وژیانی خۆی بوو نەیدەویست خەم وپەژارە بخاتە ناو دڵیەوە.

ئەو بەڵگەیەی کە دەیهێناوە ئەوەبوو کە بارام ژن ومناڵی نەبووە! چ بیرکردنەوەیـەکی ناپەسـەندە!، چونکە ئەو خۆی لەم تام وچێژە گشتیە بێبەش کردوە مردنەکەی ئەفسۆسێکی نی‌یە.

ئایا بەهای کچەکەی لەم دوونیایەدا زۆرتر لە هاوڕێکەیەتی؟ هەرگیز! ئایا بارام شایستەی ئەوەنەبوو کە ئەفسۆسی بۆ بخۆن؟ ئایا لەم جیهانەدا کەسێکی وەك ئەو دەدۆزێتەوە؟...

ئەو دەبێ بمرێت وئەم پیرەژنە ڕزیوە نەوەدساڵەیە دەبێ زیندووبێت، کە ئەمڕۆکە لەناو ئەم بەفرو سەرمایەدا لەوسەری شارەوە بەگۆچان هاتبوو،

لەماڵی بارام دەگەڕا تاکوو بڕوات ولە حەلوای مردوو بخوات. ئەمە کاری خوایەو بەڕای ژنەکەی زۆر ئاساییە. بێگومان ژنەکەشی ڕۆژێك وەك ئەم سەیدە خاتوونەی لێدێت. ئێستاش بەبێگاڵتە سیمای زۆر گۆڕاوە، شێوەی چاوان ودەنگی گۆڕاوە. بەیانان زوو کە بۆ سەرکار دەڕوات ئەو هێشتا لەخەودایە. ژێرچاوانی چرووکی کردوەو باسکی خۆی لەدەست داوە.

لەوانەیە ژنەکەشی هەر ئەم هەستەی بەرامبەر بە ئەو هەبێت، کێدەزانێ؟ ئایا خودی ئەویش نەگۆڕاوە، ئایا هەمان هۆمایوونی بەبەزەیی وگوێڕایەڵ وشۆخ وشەنگی ڕابردووە؟ ئایا ژنەکەی فریوونەداوە؟ بەڵام بۆچی ئەم خەیاڵانەی لادرووست ببوو؟ ئایا بەهۆی نەنووستن بوو یان بەهۆی بیرەوەری پڕئازاری هاوڕێکەیبوو؟

لەم کاتەدا دەرگاکراوەو خزمەتکارێك کە گۆشەی چارشێوەکەی بەددانی گرتبوو پاکەتێکی گەورەی ڕەنگ لێدراوی هێنا ودایە دەستی هۆمایوون ودەرکەوت.

هۆمایوون دەستخەتی پچڕاو پچڕاوی بارامی لەسەر پاکەتەکە ناسیەوە بەخێرایی کردیەوە، کاخەزێکی لەناو دەرهێناو خوێندیەوە:

((ئێستا کە کاتژمێر و نیوەك لە نیوە شەو تێپەڕیوە بەبەرواری ۱۳ی میهری ۱۳۱۱ بەندە بارام میرزای ئەرژەن پوور بەئارەزووی خۆم گشت سامانی خۆم بە هۆما خاتوونی ماەئافەرید دەبەخشم. بارام ئەرژەن پوور)).

هۆمایوون بەسەرسامی جارێکیتر خوێندیەوەو بەشێوەیەکی مات و بێدەنگ کاخەزەکەی لەدەست کەوت.

بەدری کە بەلاچاوێك سەرنجی دەدا، پرسی:

((نامەی کێبوو؟)).

((بارام)).

((چینووسیوه؟)).

((دەزانی هەموو سامانی خۆی بەهۆما بەخشیوه...)).

((چ پیاوێکی نازەنیین بوو!)).

ئەم سەرسوورِمانەی ژنەکەی کە تێکەڵبوو لەگەڵ جۆرێك بەزەیی پێداهاتنەوه، هۆمـایوونی زۆرتـر تووڕەکرد. سەیری وێنەی بارامی کرد. دوایی گەڕاوەو سەیری هۆمای کرد. لەپڕا شتێکی بەخەیاڵدا هات کە لەشی کەوتە لەرزینەوه. هۆمای کچی بێکەم وزۆر لە بارام دەچوو، نەلەئـەو دەچـوو نەلـە دایکی.

چاوی هیچکامیان ڕەش نەبوو، دەمی بچووك، چەنەگەی باریك، ڕێك هەموو بەشەکانی سیمای لە بارام دەچوو.

ئێستا هۆمایوون بەمەی زانیبوو کە بۆچی بـارام ئەوەنـدە هۆمـای خۆشدەویسـت وئێسـتاش دوای مردنی سامانی خۆی بەئەو بەخشیوه!

ئایا هۆمایوون کە کچەکەی ئەوەندە خۆشدەویست ئەنجامی ئەو پەیوەندیە نهێنیانـەبوو کـە بـارام لەگەڵ ژنەکەیدا هەیبوو؟ ئەویش هاوڕێیەك کـە پێکـەوە ئـەوەها گیـانی گیـانی بـوون و ئەوەنـدە متمانەیان بە یەکتری بوو؟.

ژنەکەی چەندساڵە کە لەگەڵیدا پەیوەندی هەبووە بێ‌ئەوەی کە هۆمایوون پێیان بزانـێ و لەگشـت ئەم ماوەیەدا ئەویان لەخشتە بردوه،

گاڵتەیان پێکردوەو ئێستاش ئەم وەسیەتنامە، ئەم جنێـوەی پـاش مردنـی بـۆ نـاردوه.نـا، ئـەو نەیدەتوانی گشت ئەمانە بۆخۆی هەمواربکات. ئـەم خەیاڵاتانـە وەك بریسـکەیەك لـەپێش چـاوی تێپەڕین، سەری بەژان کەوت، ڕوخساری سوور هەڵگەڕا، بەتووڕەیی سەیری بەدری کردو ووتی:

((تۆ چیدەڵێی، ها، بۆ بارام ئەم کارەی کردوه، مەگەر خوشك وبرای نەبوو؟)).

((دوور لەئێستا ئەو منداڵەی زۆر خۆشدەویست. کاتێك کە لەبەنـدەر گـەز کارمەنـد بـووی هۆمـا سوورێژەی گرت، دە شەوو ڕۆژ ئەم پیاوە لەژوور سەری ئـەم منداڵـە دانیشـت و پەرسـتیاری کـرد. خوالێیخۆشبێ!)).

هۆمایوون بەتووڕەییەوە ووتی:

((نا وەها بەسادەییش نیە...)).
((چۆن وا بەسادەیی نیە؟ هەموو کە وەك تۆ دڵڕەق نینە، کە سێساڵ ژن ومناڵت فڕێدەی وبڕۆی" کاتێکیش کە دەگەڕێیەوە بێئەوەی کە خۆت تێکبدەی، گۆریەکیشت بۆ نەهێنام. ویستن دڵ سپێردنە. ویستنی مناڵی تۆ واتا ویستنی تۆ ئەگینا خۆ عاشقی هۆما کە نەببوو.
جگەلەمەش مەگەر نەتدەدی کە ئەم کچەی لە هەر دوو چاوانی خۆشتر دەویست...
((نا، ڕاستەکەم پێنالێی)).
((دەتەوێ چیبلێم؟ تێناگەم...)).
((خۆت لە گێلی دەدەی)).
((ئەمە چییە؟...یەکێکیتر خۆی کوشتوە، یەکیتر ماڵی خۆی بەخشیوە، ئەو کات من دەبێ وەڵام بدەمەوە؟)).
((هەر ئەیوەندە دەزانم کە تۆش دەبێ بزانی!)).
((دەزانی چیە، من لە پەلار ومەلار تێناگەم. بڕۆ خۆت چارەسەر بکە، تێکچووی، چیت لە گیانی من دەوێ؟)).
((وادەزانی من نازانم؟)).
((ئەدی بۆ لە من دەپرسی؟)).
هۆمایوون بە شڵەژاوی هاواریکرد:
((بیبڕەوە. بیبڕەوە گاڵتەت پێکردم!)).
دوایی وەسیەتنامەی بارامی هەڵگرت وپووچاندیەوەو هاویشتیە ناو ئاگر کەگڕی گرت وسووتا.
بەدری ئەو پارچە قوماشەی کە لەدەستیدابوو فڕێیدا، هەستاوەو ووتی:
((گریمان لەمن تووڕە بووی؟ بەزەییت بە مناڵەکەشتدا نایێتەوە؟)).
هۆمایوونیش هەستاوە، پشتی بەمێزەکەوەنا و بەدەنگێکی گاڵتەجارانە ووتی:
((مناڵی من...مناڵی من! ئەدی بۆ لە بارام دەچێت؟)).
مستێکی لە وێنەی بارام دا وکەوتە خوارێ.

منالّەکە کە تاکوو ئێستا هەنووسك لە گەروویدا مابوو، دەستی بەگریان کرد. بەدری بە سیمای ڕەنگ ڕۆیشتوو ودەنگێکی هەڕەشەئامێز ووتی:

((مەبەستت چیە؟ دەتەوێ چیبلّێی؟)).

دەمەوێت بلّێم کەوا هەشت سالّە منت لە خشتەبردوە، گالّتەت پێکردم. هەشت سالّە کە تفی بەرەو سەرەوەبووی نەژن...)).

((بەمن... ؟بەکچەکەم؟)).

هۆمایوون بەپێکەنینی یڕلە قین وێنەکەی پیشادا وهەناسە سووارانە ووتی:

((ئا، کچیتۆ... کچیتۆ...هەلّگرە سەیرکە. دەمەوێ بلّێم کە ئێستا چاوم کراوە، زانیم بۆچی ئەم بەخششەی کردوە، باوکێکی بەبەزەیی بوە. بەلّام تۆ وەك خۆت دەلّێی هەشت سالّە کە...)).((کە لەناو مالّی تۆدابووم. کە هەموو جۆرە پەستیەکم چێژت، کە لەگەلّ قووڕبەسەری تۆ بەسەرم برد، کە سێ سالّلێرە نەبووی مالّەکەتم ڕاگرت،

دواییش هەوالّیان بۆ هێنام کە لەبەندەر گەز عاشقی ژنێکی بێسەرو بەری ڕووسی ببووی. ئێستاش ئەمە پاداشتی منە، ناتوانی بیانوویەك بدۆزیەوە، دەلّێی منالّەکەم لە بارام دەچێت. بەلّام من ئیتر ئامادەنیم... ئیتر بۆ ساتێکیش لەم مالّەدا نامێنمەوە. وەرە گیانە...وەرە بابڕۆین)).

هۆما بەسیمای تۆقاوو ڕەنگ ڕۆیشتوو دەلەرزی.و سەیری پەم ململانێیەی نێوان دایك وباوکی دەکرد.

بەدەم گریانەوە داوێنی چارشێوی دایکی گرتوو بۆلای دەرگا ڕۆیشتن. بەدری لەپێش دەرگا دەستەیەك کلیلی بەتووندی فڕێدا کە کەوتە پێش هۆمایوون.

دەنگی گریانی هۆما ودەنگی پێ لە دالّانەکەوە دوورکەوتەوە.

دە خولەك دوواتر دەنگی کەژاوە بیسترا کە ئەوانی لەناو بەفرو سەرمادا برد.

هۆمایوون مات وبێدەنگ لەشوێنی خۆی وەستابوو. دەترساکە سەری بەرزکاتەوە، نەیدەویست کە بڕوا بکات کە ئەم پێشهاتانە ڕاستن. لەخۆی دەپرسی بەلّکوو شێتبوە یان خەونێکی ترسناك دەبینێت.

بەڵام ئەوشتەی کە ئاشکرابوو ئـەوەبوو کـەئیتر بەرگـەی ئـەم ژیانـەو ئـەم ماڵـەی نـاگرێ وئـیتر نەیدەتوانی چاوی بە هۆمای کچی کە زۆری خۆشدەویسـت بکـەوێ. نەیـدەتوانی ماچـی بکـات و نەوازشی بکات. یادگاری ڕابردووی تاکە هاوڕێی پیسببوو. لەهـەمووی ئەوانـە ناخۆشـتر ژنەکـەی هەشت ساڵ لەگەڵ باشترین هاوڕێی بـەنهێنی پەیوەنـدی هـەبوەو مەڵبەنـدی خێزانـی ئـەوی گڵـاو کردوە. ئەمانە گشتی بێئەو بزانی ڕوویداوە.

هەموویان ئەکتەری کارامە بوونە. تەنیا ئەو فریوی خـواردوەو پێـی پێکـەنیون. لەگشـت ژیـانی بێزاربوو، لەهەمووشت وهەموو کەس دوورکەوتبۆوە.

هەستیدەکرد زۆر تەنیا و نامۆیە. ڕێگەیەکیتری نەبوو جگەلەوەی کە کارەکـەی بگوازێتـەوە بـۆ شارێکی دوور یان یەکێك لە کەنارەکانی باشـوور وپاشمـاوەی ژیـانی لەوێـدا بەسـەر بـەرێت ویـان بەجۆرێك خۆی لەناو بەرێت. بڕواتە شوێنێك کە کەس نـەیبینێت. دەنگـی کەسـی گـوێ لێنـەبێت، لەچاڵەیەکدا بنوێت وئیتر هەرگیز هەڵنەستێتەوە.

چونکە بۆ یەکەمینجار هەستی بەوە کرد کە لەنێوان ئەو وگشت ئەو کەسانەی لەدەوری ئـەودابوون گێژاوێکی ترسناك هەبوو کە تاکوو ئێستا بەمەی نەزانیبوو.

جگەرەیەکی کێشاو چەند هەنگاو بەدرێژایی ئاراسـتەی ژوورەکـەدا ڕۆیشـت، دووبـارە پشـتی بـە مێزەکەوە ناوە.لەپشت شووشەی پەنجەرەوە وورکە بەفرەکان بەرێکی وبـەئارامی بـەئاوازێکی پڕلـە نهێنی لە هەوادا سەمایان دەکردو لەسەر لێواری سەربانەکە هەڵدەنیشتن.

ئەو ڕۆژگارە خۆشەی وەبیرهاتەوە کە لەگەڵ دایك وباوکی دەڕۆیشتنە گوندەکـەیان کـە لـە ئێـراق بوو. ڕۆژانە بەتەنیایی لەناو سەوزەزار لەژێر سێبەری دار دەنووست.

هەر لەوشـوێنەی کـە (شـێرعەلی) قەننەکـەی دادەگیرسـاندو لەسـەر گەردوونـەی خەرمـەنکێش دادەنیشت وکچەکەی کە چارشێوەکی سووری لەسەر بوو ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی دەماوە.

گەردوونەی خەرمـەنکێش بەودەنگـە ئازارەندەیـەی هێشـووی زێڕینـی گەنمـەکانی وورد دەکـرد. گایەکان کە بەهۆی ئاسنی سەرشانیان پشتیان برینداربوو بەو قۆچـە درێژانـەو نێوچـاوانی کـراوە تاکوو ئێوارە بەدەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە.

بارودۆخی ئەویش ئێستا وەکوو ئەم گایانەی لێهاتبوو. ئێستا تێدەگەیشت کە ئەم گیانلەبەرانە چیدەکێشن. ئەویش بەدرێژاییتەمەنی بەچاو بەسترایی بەدەوری خۆیدا سووڕابۆوە، وەك ئەسپێکی پیری بارهەڵگر، وەك ئەو گایانەی کەخەرمانەیان دەکووتاوە. ئەوماوە دوورودرێژانەی وەبیرهاتەوە کە لەژووری بچووکی گومرگ لەپشت مێز دانیشتبوو بەردەوام لاپەڕەکانی ڕەش دەکرد،

هەندێجار هاوکارەکەی سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد وباوێشکێکی دەکرد، سەرلەنوێ پێنووسەکەی هەڵدەگرت و ژمارەکانی لەناو ستوونی خۆیدا دەنووسیەوە،

بەراوردی دەکرد، کۆی دەکردەوە، دەفتەرەکانی ژێرو ڕوو دەکرد. بەڵام هەرنەبێ ئەوکات دڵخۆشیەکی هەبوو، هەرچەند کە دەیزانی چاوەکانی، هۆشی، گەنجێتی وتواناکەی وردە وردە لەناودەچێت، بەڵام شەو کە چاوی بەسیمای پڕخەندەی بارام،و ژن ومناڵەکەی دەکەوێت، ماندوویەتی لە لەشی دەردەچێت.

بەڵام ئێستا لەهەر سێیان بێزاربوو. ئەم سێیانە بوون کە خستبوویانە ناو ئەم ڕۆژگارەوە.

پێدەچوو بڕیارێکی لەپڕایی دەرکرد، ڕۆیشت لەپشت مێزی نووسینی دانیشت. چەکمەزەی کردەوە دەمانچە بچووکەکەی کە بەردەوام لە سەفەر لەگەڵیەتی هێنادەرێ. تاقیکردەوە، فیشەکەکان لەشوێنی خۆیانبوون سەیری ناو لوولەی ساردو ڕەشی دەمانچەکەی کرد و بەئارامی بردیە نزیك سەری، بەڵام سیمای خوێناوی بارامی وەبیرهاتەوە. لەکۆتایی خستیە ناو گیرفانی شلوارەکەی.

سەرلەنوێ هەستاوە. پاڵتۆو پێڵاوەزستانیەکەی لەبەرکرد. سەیوانەکەشی هەڵگرت و لەماڵ دەرکەوت.

کۆڵانە چۆڵبوو. ورکە بەفر لە ئاسماندا دەسووڕانەوە. بەخێرایی بەڕێکەوت،و ئەگەرچی نەشیدەزانی بۆکوێ دەڕوات. تەنیا دەیوویست کە لەماڵەکەی،و لەوهەمووە پێشهاتە ترسناکە ڕابکات ودووربکەوێتەوە.

لەشەقامێك سەری دەرکرد کە سارد وسپی وخەم ئەنگیزبوو. شوێن تایەی کەژاوە لەسەرشەقامەکە کۆمەڵە جۆگەڵە هێڵێکی دروستکردبوو.

بەئارامی هەنگاوی بەرزی هەڵداویشت. ئۆتمۆبێلێك لەقەراغی تێپەڕیو بەفرو قوڕاوی سەر شەقامی بەسەرو ڕوویداکرد. ڕاوەستا سەیری خۆی کرد لەناو قوڕ وچڵپاودا نقووم ببوو. لەڕێگەدا چاوی بە

کورێکی شەقارتەفرۆش کەوت. بانگی کرد. شەقارتەیەکی لێکڕی بەڵام کە سەیری ڕوخساری ئەوی کرد بینی کە چاوی ڕەش ولێوی بچووك ومووی بۆری هەبوو.

بارامی وەبیرهاتەوە، لەشی کەوتە لەرزین وڕێگەی خۆی گرتەوەبەر. لەپڕا لەبەردەم جامخانەی دوکانێك ڕاوەستا.

ڕۆیشتە پێشێ ونێوچاوانی بەشووشەکە وەنووساند، کەمێك مابوو کڵاوەکەی بکەوێت. لەپشت شووشە گەمۆکەی منداڵانیان دانابوو.

بە سەردەستەکانی هەڵمی سەر شووشەکەی پاکدەکردەوە بڵام بێسوودبوو. بووکەشووشەیەکی گەورەی چاوشین کە سیمایەکی سووری هەبوو لەبەرامبەری دانرابوو،

پێدەکەنی،ماوەیەك سەیریکرد.بیریکردەوە کە ئەگەر ئەم بووکەشووشەیە هی هۆما بایە زۆر دڵشاد دەبوو. خاوەن دوکانەکە دەرگای کردەوە. سەرلەنوێ بەڕێکەوت، لەدوو کۆڵانەیتر تێپەڕی.

لەسەر ڕێگە مریشك فرۆشێك لەنزیك سەبەتەی مریشکەکانی دانیشتبوو. لەسەر سەبەتە دوو مریشك وکەڵەشێرێك کە پێیان لێك بەسترابۆوە دانرابوون.

قاچە سوورەکانیان لەسەرمانا دەلەرزین. لەنزیك ئەو خوێن ڕژابوە سەر بەفرەکان. کەمێك لەولاتر کوڕێکی کەچەڵ لەبەردەم دەرگای خاوییەك دانیشتبوو کە باسکی لە کراسە دڕاوەکەیەوە دەرکەوتبوو.

ئاگای لەهەموو ئەم شتانەبوو، بێئەوەی کە گەڕەك وڕێگاکان بناسێت.هەستی بەو بەفرنەدەکرد کە دەباری وئەو سەیوانەی کە لەگەڵ خۆیدا بردبووی هەروا بەداخراوی لەدەستی دابوو. ڕۆیشتە ناو کۆڵانەیەکیتر، لەسەر پەیژەی پێش ماڵێك دانیشت. بەفر خێراتر دەباری، سەیوانەکەی کردەوە. سەری ئازاری دەکرد، چاوەکانی بەئارامی داخران.

# جیهانی ئەودیو تەلبەندەکان

جیهانی ئەودیو تەلبەندەکان

ن: د. نەجیب گەیلانی
و: ئیدریس عەبدوڵلا

جیهانی بەندیخانەکان جیهانێکی سەیرو سەمەرەیە..هەرچەندە وشەی بەندیخانە لەخۆیدا واتای ترس و دڵە لەرزە دەگەیەنێ، لە هزری مرۆڤدا بۆچوون و مانای لێکجیا دروست دەکات،

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بێتە ئێرە و بیەوێت پێیدا قووڵبێتەوە، دوور نییە بگاتە ئەنجامی تەواو لەوە جیای، کە لەلای خۆیدا لەبارەی ئەو خەڵکە خێر لەخۆ نەدیوانەی خەیاڵ دەکرد، وایدەزانی، تاوانبارن..دڵرەقن، کەسانێکی لە کۆمەڵ دەرچوو، سەرچاوەی نەگبەتی و لادان و هەڵسان بە کەرێتی‌یە جۆراوجۆرەکانن.

کاتێ کە(عەبدولحەمید) ی بەندیم، بە بالاّی بەرزو، سمێڵی گەورەو، چوارشانەییەکەیەوەی بینی، بەو جۆرەی کە لەنێو سەدکەسیشبێتدەناسرێتەوەو، لە چاو
وننابێت، نەمتوانی ڕووی لێوەرگێرم، نیگاکانی لە
نیگای هەڵچوو بوو، هەنگاوەکانی وەك هی
میرێکی لاو دەچوو، هەموو هەڵسوکەوتێکی گەورەیی‌و بڕوای تەواو بەخۆبوونی لێدەخوێندرایەوە، واتدەزانی زۆر گوێناداتە ئەوەی لە دەورووبەریدا ڕوودەدات..بەم شێوەیە دوای کەمێ لێوردبوونەوە، کاتێکم زانی ڕووم ڕووی دەمم کردۆتە پزیشکی بەندیخانەو لێی دەپرسم:

- ئەمە کێیە؟

دکتۆر بە پێکەنینێکی گاڵتە جارییەوە شانەکانی بزواندو، بەبێ بایەخییەوە وەلاّمی دامەوە:

- بۆ؟ چۆنی گومان دەبەی؟! دڕندەیە.

- بەڵام تاوانەکەی چییە؟

- پیاوکوژی.

نازانم بۆ(عەبدولحەمید) باڵی بەسەر خەیاڵم داگرت و، بەم شێوە بیرم لێدەکردەوە..بەندیخانە پڕی پیاوکوژو دزو دەستبڕو تلیاك فرۆشە، ئەدی بۆ تەنیا(عەبدولحەمید)؟ کەوتمە پرسیار لەگەڵ خۆم: کەوابێ پیاوکوژە، بەڵام بۆچی لە دەم و چاویدا نیشانەکانی ئازارو پەشیمانی لێناخوێندرێتەوە؟ خۆ ئەگەر غەمگین و پەشیمانی ئەو تاوانەشی نەبێت،

کە ئەنجامی داوە بەڵام چۆن غەمبارو بێ تاقەتی ئەم هەموو ساڵەی دوای تەلبەندو، دیوارە ڕەزا قورس و شوڕا دڕکاوییەکان نییە، ئەو جیهانەی کلنیاوی سۆزی تیا وشك دەکات و، چرای ئازادی و خۆشەویستی تیا خامۆش دەبێت! پێ دەچوو دکتۆری بەندیخانەکە هەستی کردبێ، لەبیری چیدام، بۆیە گوێم لێی بوو، پێی گوتم: ئەم بەندیخانە تەواو وەك ئاژەڵان وان، نازانن حەڵاڵ و حەرام چییە..تاوان لایان ئاساییە..هەریەکەیان دەگری، تاوان دەکات و گوێە پێنادات..بەڵکو دەشێ بەئەنجامدانی تاوانەکەی دڵخۆشیش بێت و، لەنێو خەڵکاندا شانازی پێوە بکات..ئەگەر شتێکم بەدەست بوایە قەڵاچۆم دەکردن و،کۆمەڵم لێرزگار دەکردن..بەڵێ..بڕوا بکە، ئەوانە هەموویان درۆزنن..وام لێهاتوە نە بڕوا بە کەسیان دەکەم و، نە ڕێزی هیچ یەکێکیشیان دەگرم...

ئەو قسانەی دکتۆرم بەلاوە زۆر بەلاوە قەبوڵ نەبوو، چونکە هیچ یەکێکمان باری ئەو کەسانەمان نەدەزانی و،

بەو پاڵنەرانە ئاگادار نەبووین، کە بەرەو زۆنگاوی تاوانی هێنابوون، تەنانەت بەو کەژە دەروونییەشیان شارەزانین، کە لە سایەیدا بەو جۆرە هەڵسو کەوتیان کردوە..من هەمیشە لەو بڕوایە دابوومە، کە تاوانکردن نەخۆشییە،

هەروەها دووڕوویی‌و درۆش..هەموو ئەو دەردە کۆمەڵایەتیانە ئەوەیان لێ ڕەچاو دەکرێت، کە لە هەر یەکێ لە هۆکارەکانی تر ڕەچاو دەکرێت..

بۆیە بێگومان دەبێت کۆمەڵە هۆیەك لەدوای سەرهەڵدانیاندا هەبێت، ئەوەش وامان لێدەکات لەبیری چاری گونجاویاندا بین، کاتێکیش ئەم بۆچوونانەی خۆم بۆ پزیشکە هاوڕێکەم خستە ڕوو،

دایە قاقای پێکەنین و، بەگاڵتەوە گوتی: ئەمانە گوتەی کتێبن..قسەی بەتاڵ و بێنرخن..من ئـەوەتا دو ساڵ زیاترە لەنێوان بەندییاندا بەسەر دەبەم..جا ئێستا دەزانی ئاواتم چییە؟

بە هێمنییەوە گوتم:

-بێگومان..لە بەندیخانانەدا دەربازت بێ و، بچیتە یەکێ لە نەخۆشخانە گەورەکان..

بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

- نەخێر، نا..بەڵکو ئاواتە خوازم، ئاگرێ بەسەر ئەو بەندیخانەیەدا بباریٌ و، خـەڵکان لـە شـەڕیان ڕزگار بن..

پێم گوت: تۆشیان لەگەڵ بی؟

لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەیەکەوە: منیشیان لەگەڵ بێ..

دەمزانی ئەم هاوڕێ پزیشـکەم لـەماوەی کارەکەیـدا لـە بەنـدیخانان ئـازارێکی زۆری چەشـتووە، بەندییەکان پیلانیـان لێگێـڕاوە، تاوانیـان بـۆ هەڵبەسـتاوە..بـۆ؟! چـونکە داوایـان لێـدەکرد بـۆ نەخۆشخانەیبەندیخانە، یان هەر نەخۆشخانەیەکی دەرەوەیان بگوازێتەوە،

ئەویش ئەمەی ڕەتکردەوە، لەبەرئەوەی دەیزانی زۆربەیان نەخۆش نین، بەدرۆ خۆیان نەخۆش نیشـان دەدەن..کەسانی تر داوای ژەمە خواردنی باشتر، یان زیاتریان لێدەکرد، بەلاَم ڕەزامەندی لەسەر ئەم داوایانەش دەرنەبڕی، چونکە بە پێویستی نەدەزانین، لە دەرەنجـامی ئـەم ڕەفتارانـەش بەندییـەکان کۆمەڵێ پروپاگەندەی درۆیینیان بۆ دروست دەکرد، تا ناشرینی بکەن..بـە بـەرتیل خۆریـان تاوانبـار کرد، پروپاگەندەی ئەوەیان کرد، بازرگانی بە تلیاك دەکات و، بۆ مودمینـەکانی نێـو بەندیخانـەی دێنێت، تەنانەت جارێکیان پارچە تلیاکێ دەخەنە نێو گیرفانی چـاکەتە سـپییەکەیەوە، شـتانێکی زۆریان دەرهەقی بە ناڕەوا کردبوو..من ئەوەم دەزانی..گوێم لێبوو، پزیشکە هاوڕێکەم گوتی:

- گەر دەتەوێ لەنێو ئەم جانـەوەرە بـێ نرخانـە دا بـژی، هـەموو بـەزەیی و سـۆزێکی نێـو دڵـت وەدەرنێ..لێیاندە وەك بەندییەوانەکان لێیان دەدەن..تفیان بە ڕوودا بکە، ئەمانە بەنی ئادەم نین..

ویستم باسەکەمان بگۆڕم، بەلاَم هاوڕێ پزیشکەکەم بە تووڕەییەوە هەڵسایەوەو گوتی:

تۆ پزیشکی نوێیت، بۆ بەدبەختیشت کەوتیە ئەو شوێنە نەفرەت لێکـراوە..بـە یارمـەتیت..ئەچـم مۆڵەت ساڵانەییەکەم دەسەنم و، بە خوات دەسپێرم.

مامەوە، بیرم لە(عەبدولحەمید) دەکردەوە، ئاخۆ چ تاوانێکی ئەنجام دابێ؟ بۆچ؟

کاتێ چوومە لای بەرپرسی بەندیخانە، بەلامەوە سەیر بوو..بینیم(عەبدولحەمید) لەوێیە، بەلاّم تەنیا نییە، ئەوە خێزانەکەیتی، بێگومان هەر ئەوە..خوایە گیان چەند جوانە!! جلێکی ڕەشی پاکی پۆشیوەو، لەژێر تیشکی ئەو خۆرەی لە پەنجەرەوە دێتە ژوور،

دەبریقێ..چاوە بە کل ڕێژراوەکانی ئارەزوو و ئازارو بێبەشییەکی گەورەی لێوە دەخوێنرێ..دەمە بچوکە سادەو بێ هیچ بۆیەکی بەیەکدادراوەو، هیچ نالێت.. (عەبدولحەمید) قسە دەکات و، سەری لێ نزیك دەکاتەوە..بە دەستی ڕاستی ئاماژە دەکات و شانی دەگرێت،

بەلاّم دەستی دەلەرزێ و، نێوچەوانە گەنم ڕەنگەکەی ئارەق دەتکێنێ..دەم نا دەم بە نارەحەتی و تەنگیو سەرسامییەوە بۆ ئێرەو ئەوێ دەڕوانێ..فەرمان وایە، سەردانی بەندییەکان دەبێ بە چاودێری و سەرپەرشتی ئەفسەری بەرپرس بێت..بە بەرچاوی عەبدولحەمیدی برسی و بێبەشکراوەوە، خێزانەکەی وەك بەرێکی خۆش پێگەییو دەهاتە بەرچاو..بەلاّم دەسەلاّتی نییە..لەگەڵ خۆمدا کەوتمە پرسیار: (عەبدولحەمید) بۆ پیاو دەکوژێت؟ گەر وەکو ئەو بوام، بەرامبەرەکەم دەبەخشی، تا بە خۆشی و شادییەوە لەپاڵ ئەو خێزانە باشە شۆخەم بمابوومایە..مـن لەو بیرە بووم، (عەبدولحەمید) یش لە دونیا بێدەنگییەکەی خۆیدا ڕۆچوو بوو..لەپڕ بە هێمنییەوە بەرپرسەکە گوتی:

-هەندێ مرۆڤ کەرن، بێئەقڵن، دەزانی(عەبدولحەمید) ئەو پیاوەی بۆ کوشتووە.

بە ئارەزووەوە گوتم:

- نەخێر!! دەمەوێت بزانم.

بە تیلە چاوێ ئاماژەی بۆ خێزانەکەی (عەبدولحەمید) بۆ کردم و،گوتی:

- بە هۆی ئەمەوە.

- چۆن!؟

- بە تەنها دەربڕینی سەرسامییەك، وشەیەکی وەك ئەوەی پێش ئێستا تۆ گوتت..پیاوێکی گوندەکەیان دەبینێت خێزانەکەی (عەبدولحەمید) وەك ئاسك ڕێ دەکات، جوانییەکەی سەرنجی ڕادەکێشێت و، دەزانێ چ دەڵێت؟؟ تەنیا سێ وشە(منت..بێفیدا..جوانێ) ئەم سێ وشانە کە

بە(عەبدولحەمید) گەیشتنەوە. چوو(چەك) ەكەی دەرێناو، خوێنی پیاوەکـەی ڕشـت..ئینجـا هاتـە ئێرە.

سەیرێکی (وەهیبە) ی خێزانی(عەبدولحەمید) م کردو، ڕووم بۆ بەرپرسەکە وەرگێڕا:

-دەشێ کوژراوەکە هۆشی بەسەر خۆیەوە نەبووبێ، دەشێ عوزری خۆی بووبێ..

- لەم ولاّتانەدا، هەرچییەکی لەکە بێ بۆ ئابڕووی مرۆڤ، بەتایبەت شتێك تایبـەت بـە ئافرەتـەوە بێ، مشتو مڕ هەڵناگرێ، حـوکمی خۆیـان دەدەن و جێبـەجێی دەکـەن، ئینجـا دوای ئـەوە لێـی دەکۆڵنەوەو بە دوای گەواهیدەراندا دەگـەڕێن، یـانی دوای لەدەستچـوون، جـاری واش هەیـە ئـەو گوتەیەی پیاوی لەسەر کوژراو هەر لە بنجدا هەڵبەستراوبووە، بەلاّم پاشی چی ئیدی هـەر لەیـەکتر دەکوژن.

دوای ئەمە بەرپرسەکە سەریهەڵبڕی و، بە دەنگێکی بە جۆشەوە هاواری کرد:

- سەردان تەواو.

دیمەنەکە دلّتەزێنە، ژنە بەتەمـەن بچـووکەکە لچـکی کراسـەکەی دەگـرێ و، فرمیسـك بەسـەر کولّمەکانیدا دێتە خوار، کەتە سیحرلێکراوەکەش دەسـتی گرتـووە و بـە دوو چـاوی زەقـەوە لێـی ڕادەمێنێ..وەستەکە ئەگەرچـی بێدەنگیشـە، سـەرنج ڕاکێشـە، سـاتانێکی کوشـندەیە، هـاواری بێبەشبوون، ئارەزووی سەربڕاو هیوای سووتاوو، یادگاری زامداریان لەناواخنـدا دەبینـرێ، هـەموو ئەمەش هێمای پەشیمانین، بەلّێ پەشیمانی.. لەگەلّ کەتەیی و بالاّی بەرز، لەگەلّ سمێلّی گـەورەو، نێوژەوانی پان،

بەلاّم لە ڕاستیدا مرۆڤ ناتوانێت ئازارەکانی بشارێتەوە، چەندەش هەولّی پەردەپۆشییان بدات..من ئازار دەبینم..ئەو سەرگەردانییە گەورەیە دەبینم، کە(عەبدولحەمید) ی پیاوکوژی تیـا چـووی تیـا دەژی..(وەهیبە) تەوقەی لەگـەلّ کـرد، دەسـتی مـاچ کـردو، بـەرەو دەرەوەی بەندیخانـە، سـەری بەردایەوەو بە غەمبارییەوە دەرچوو، (عـەبدولحەمید) یـش وشـك ڕاوەسـتابوو، تەماشـای دەکـرد، بەتوندی دەستی دەخوراند..

دونگی بەرپرسەکە(عەبدولحەمید) ی هێنایەوە خۆ:

- چییە، بۆ وا وەك بت وەستاوی، بگەڕێوە ژوورەکەت.

به گرنگی پێدانەوە چاودێری هەموو ئەوەم دەکرد، کە ڕوویدەدا..بەرپرسەکەش کە ڕووی تێکـردم، زنجیرەی بیرۆکەکانمی پچراند:

- ئەوەی خۆشەویستی لە دڵدا بێت، پیاو ناکوژێت، بەڵام ئەو پیاوە نازانێ خۆشەویستی چییە.

بۆئەوەی بە گاڵتەیەکەوە مەسەلەکەی لە بیرەوە بەرم، پێم گوت:

- ئەدی نەتبیستووە زۆر جار لەبەر خۆشەویستی پیاو کوژراوە؟؟

- نەخێر، نەمبیستووە، هەموو ئەو جەنگانەی خۆشەویستی و، ئەو خوێنەی بە هۆیانەوە لە گوندو شارو شاخدا ڕێژراوە، هەر هـەمووی لـە پێنـاو(خۆشەویسـتی) دا نـەبووە، دەتـوانی نـاوی بنێـی جەنگەکانی(خۆ خۆشەویستی) ، یان بەرژەوەندی کەسی و، چـاوبڕینە پلـەو پایـەو، لـووت بـەرزی و...هتد. بەڵام دکتۆر خۆشەویستی ڕاستەقینە، نابێتە هۆی خوێن ڕێژی..

- باشە، جەنابی بەرپرس، تەماشای دەم و چاوی(عەبدولحەمید) ت نەکردووە.

- با..تەماشام کردووە.

- چیت بینیوە؟

- خۆشەویستی...

- کەوابێ، قسەکەم ڕاستە

- نەخێر..کاتێ پیاوەکەی کوشت، وایدەزانی سێ وشەکانی تیرێکن و لە ئابڕووی دەدەن، خۆ ئەگەر هەر پیاوێکی تریش لەو قسانەی بە ژنێکی دیکـەی (عەبدولحەمیـد) یـش بگوتبوایـە، ئەگـەر چ ی زۆر نابووتیش بووایە، هەر دەیکوشت..چونکە ئەمانە، ئەوەیە یاسای ژیانیان.

بە نارەحەتییەوە هاوارم کرد:

- ئەمە یاسایەکی نابەجێیە،

دوای کەمێ بێدەنگی، بەرپرسەکە ڕووی تێکردمەوە:

- ئەی دەزانی دوایی چیتر ڕوویدا؟

- چی ڕوویدا؟!

- ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لە بنەماڵەی(عەبدولحەمید) سەندەوە، تا ئێستا حـەوتیان لێکوشـتووەو، هی تریش بەڕێوەیە.

ئەم شەوەم خەو نەچووە چاوم، ئەو چەند ڕۆژە کەمەی لە نێوان بەندییەکانم بەسەر بردو، دەیان لەو سەربردانەی ڕۆژانە دەیانبیستم خەویان تۆراندم،

کۆمەڵێك باسیان لە مێشکدا وروژاندم: ئەم خراپەکاری بیرە پڕووپووچانە چەندین سەدەیەو، لەنێو خەڵکیدا دەژین، بەلاّم وای نابینم لێکۆڵەرێك، یان سەرکردەو هونەرمەندێك چووبێتە ئەو ناوچە خێر لەخۆ نەدیوانەو، لەنزیکەوە لەوەی کۆڵیبێتەوە کە ڕوودەدات، شارەکان مافی گوندو دەشت و کێوەکانیانخواردووە، ب

ەمەش نەزانی و گەندەڵی و خراپییە جۆراوجۆرەکان لەو شوێنانەدا بە سەر یەکدا کەڵەکە بوونەو، داب و ڕەوشتی گەندەڵیان بەدوای خۆیانەوە دروستکردووە..

کە زەنگەکە لێیدا لە خەوی دادگاییەکەمدا هاتمەوە خۆ، کە تێیدا وەك ئەسپێکی بێ لغاو دەگوزەرام..

زانیم یەکێك لە بەندییەکان لە بارێکی ترسناك دایەو، پێویستە بیپشکنم..

کردنەوەی دەرگای ژووری زیندانیانیش لە شەودا ترسناکە، دەبێ بەرپێوەبەر خۆی ئامادە بێ، بە مۆمی سوور سەرجەم تۆپ کلیلەکان دابخرێن، پاسەوانێکی زۆر بەو پەری وشیارییەوە ئامادە باش بن، ئەمەش هەر هەمووی نەبادا هەڵێك بۆ زیندانییەکان دروست بێ و،

هەوڵی ڕاکردن یان هەر گێرە شێوێنییەك بکەن، بۆیە بە زیاتر لە کاتژمێری ئینجا هەڵی یچوونە نیو ژووری زیندانییەکانمان بۆ ڕەخسا، کاتێ گەشتینە بەردەمی ئەو ژوورەی نەخۆشەکەی تیا بوو، بینیمان تاریکە، ئەمەش شتێکی ئاساییە لەو کاتانەدا..ئەفسەرە ئێشکگرەکە ڕووی لایتەکەی دەستی لە زیندانییەکان کردو، دۆزییەوە..ئەوەتا ئەوەیە(عەبدولحەمید) ە، لەسەر ئەو حەسیرە ڕاکشاوە، بەتانییەکی کۆنەی لەخۆ ئالاندووە، هەموو گیانی لە ژێریدا دەلەرزێ.. لێی نزیکبوومەوە و، (نەخۆشپشکێنەر) ەکەشم لە ملدا هەڵواسیبوو..

- ها(عەبدولحەمید) چیتە؟

لەگەڵ هەموو ئەو ئازارەی بە دەستیەوەی دەناڵاند، خستبویە گیانە لەرزە، بە زۆر لەخۆکردنێکەوە پێکەنی:

- بۆ دکتۆر دەمناسی؟! ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆم.

ئەفسەرەکە بە دابێکی وشکی سەربازییەوە، بە سەریدا قیژاندی:

- زۆر مەڵێ..پێمان بڵێ پیتەو، ڕزگارمان بکە.

بە داخ و ئازارێکەوە گوتی:

- خۆتان دەزانن چیمە.

بە ڕووی ئەفسەرەکەدا پێکەنیم و، بە نەرمییەوە پێم گوت:

- تۆ بڕۆ، مەسەلەکە پێویستی بە هەندێ کات هەیە، لەوانەشە دەرزیشی لێبدەم...

ئەفسەرەکە چووە دەرەوە ژوورەکەی بۆ جێهێلاێین.

بەدەم ژماردنی ژمارەی ترپەکانی دڵییەوە، زووم لە(عەبدولحەمید) کرد:

- عەبدولحەمید بۆ وات کرد؟

- نازانم،...

- ئاخۆ بە ڕاست پیاوەکە شایان بە کوشتن بوو؟!

- نەخێر دکتۆر، بەڵام شەیتان پێی کردم، قەت وامنەدەزانی مەسەلەکە ئەم هەموو ئازارەی لێبکەوێتەوە.

- چۆن لێیناکەوێتەوە(عەبدولحەمید)، مەسەلە گیانی مرۆڤێکە...

- بەڵام چی بکەم؟ تازە ئەوەی بوو، بوو!

- هەست بە پەشیمانی دەکەیت؟

- گەر سزای سێدارەم بەسەردا بدەن، شایانم.. زۆر شت هەیە مرۆڤ تا لە دەستی نەچێ پێی نازانێ، بەڵام پارێزەرەکەم هەواڵی دەرچوونی پێداوم،

من تا ئێستاش لە چێر لێکۆڵینەوە دام، چونکە مەسەلەکە خاڵێکی لاوازی تیایە، گوتەی شایەدەکان وەك یەك نین...من ئامادەم هەرچییەکی هەمبێ لەو پێناوەی بدەم، بۆ ئەوەی ژیانم لە نوێ دەست پێبکەمەوە..

دوای تەواو بوونی پشکنینەکەم، پێم گوت:

- باشتر نەبوو شادو کامەران لەگەڵ خێزانەکەدا بژیابای؟

ئـەدی ئەگـەر بەنـدكردنی هەمیشـەییان بەسـەرتدا سـەپاندو، خێزانەكـەت داوای جیابوونـەوەی لێكردی، شووی بە یەكێكی تر كرد دەڵێی چی؟!

بە شلەژاوییەوە لە نوێنەكەیدا ڕاپەڕی و، هاواری كرد:

- شوو بە بێجگەی من بكات؟! مردن باشترە!

(عەبدولحەمید) دووچاری (مەلاریا) ببو، چارەسەرییەكەی ئاسان بـوو، بۆیـە زوو چـاك بوویـەوە.. ماوە ماوە دەهاتە لای من.. بینیم مرۆڤێكی زۆر اك و سادەیە.. رۆژێكیان پێی گوتم:

- ئەگەر ئەوەی كردم، نەمكردبا، نەمدەتوانی لە لای خەڵكی گوندەكەمدا بژیم، لە كۆنەوەو دابمـان وایە ..

خۆ گەر منیش كابرام نەكوشتبا، یەكێكی تر هەر دەیكوشت، لەوەشـدا شـەرمەزارییەكی گـەورەم تووش دەهات...بەڵام هـەر چـۆنێك بێـت، هەڵـەم كـرد..دەبـوو چاوپۆشـیم كردبـا، ئەگـەر چـی گوندەكەشم جێهێشتبا.

سەیر لەوەدایە (دادوەر)یش (عەبدولحەمید)ی لە پیاو كوژییەكە بەری كـرد، چـونكە بەڵگەیـەكی ئەوتۆی لەسەر نەسەپاو، گێڕانەوەی گەواهیدەرەكانیش یەكیان بە درۆ خستەوە.

ڕۆژی ئازادكردنی(عەبدولحەمید) هاتە پێش و، بینیم زۆر ئاسوودەو دڵخۆشە. پێم گوت:

- پیرۆزە(عەبدولحەمید)

- خوا خێرت بنووسێت دكتۆر..

دڵنیابە خوێنی پیاو كوژییەكەم دەدەم و، وەك پێت گوتم وادەكەم...

بە بیركردنەوەوە گوتم:

- سلاّوم بە(وەهیبە) بگەینە.

- خوا سەلامەتت كات دكتۆر، بە سەرچاو

بە پێكەنینەوە گوتم:

- بەڵام پێویست ناكات..

- بۆ چ؟

- ئاخر دەترسم بە دەردی كابرام بەری..

- کوڕە، نا، نا، دکتۆر..سوێندت بۆ دەخۆم سڵاوی تۆی پێڕادەگەیەنم، ئەوا ئێستا لە پێش دەرگا چاوەڕێمە.

- ماڵئاواییمان لە(عەبدولحەمید) کردو، ڕۆیشت، بەڵام چەند وردکەیەکی پێنەچوو، ئەفسەرەکە بە ڕاکردنەوە هاتە لام:

- فریاکەوە دکتۆر

- چی بووە؟

- بۆسەسەکیان لە پێش دەرگای بەندیخانە بۆ دانابوو، کە دەرچوو گوللە بارانیان کرد...

بە پەلە ڕامکردە دەرەوەی بەندیخانە، بینیم(عەبدولحەمید) لە ناوەڕاستی ڕێگا کەوتووەو، لە خوێنی خۆیدا دەکەوێ..

بەڵام کە منی بینی بە نیمچە خەندەیەکەوە (عەبدولحەمید) ڕووی تێکردم:

- دکتۆر سڵاوەکەی تۆم پێڕاگەیاند، (وەهیبە) دکتۆر سڵاوت لێدەکات.

چەند چرکەیەکی خایاندو گیانی دەرچوو.

## یەکەمین جار...عێراق

# ناکۆکی هابیل و قابیل ململانێ لەنێوان دەشتەکی و شارستانی

ن: د. عەلی وەردی

و: ئامانج ناظم بیجان

چۆن و کەی شارستانییەت لە سەر ڕووی زەوی دەرکەوت؟ بۆچی مرۆڤ ماوەیەکی درێژی سەدان هەزار ساڵ بێ شارستانیەت مایەوە، دواتر لە پڕێکا شارستانیەتدەرکەوت، کە پێش شەش هەزار ساڵ دەبێت؟ ئەم پرسیارە گرنگییەکی زانستی گەورەی هەیە، لێکۆڵەران گفتوگۆیان درێژ بۆتەوە دەربارەی، ئاشکرایە مرۆڤ پێش یەك ملیۆن ساڵ یان زیاتر لە سەر ڕووی ئەم زەوییە دەرکەوتوە، بەڵام ئەم ماوەیە نزیکەی هەمووی بێ شارتانیەت ژیاون، دواتر شارستانیەت پێش (٦) هەزار ساڵ دەرکەوتوە، ئەی بۆچی؟

بە ئاورلێدانەوەیەك دەبینین، شارستانیەت یەکەم جار لە عێراق-میسر دەرکەوتوە، دواتر لە هەندێ وڵاتانی تر بەرە بەرە دەرکەوتوە، لێرەدا پرسیارێك کەڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە:

بۆچی(میسر- عێراق) لانکەی یەکەمی شارستانیەتن لەسەر ڕووی زەوی، ئەو بارووددۆخەی وایلێکردوە چییە؟ لە سەدەی ڕابردوو هەندێ لە لێکۆڵەرەوان هەوڵیان داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بە وتەی ئەوان ئەم دوو وڵاتە بە زۆری ئاوو بە پیتی زەوییەکەی و مام ناوەندی کەشو هەواکەی وەسف کراوە، لەمیانەی ئەمانەوە کشتووکاڵ

تێیدا سەریهەڵداوە کە بنەڕەتی شارستانیەتە.

ڕاستی ئەم وەڵامە سەرەڕای دەرکەوتنی ڕوویەکی، کێشەکەمان بەتەواوی بۆ چارەسەر ناکات. ئێمە دەزانین لەم جیهانە وڵاتی زۆر هەیە وەك عیراق و میسر کە بەزۆری ئاوو بەپیتی زەوییەکەی ومام ناوەندی کەش وهەواکەی وەسف بکرێت، ئەی بۆچی کشتوکاڵ و شارستانیەتی تێدا سەری هەڵنەدا هەروەکو لە عێراق سەریهەڵداو دەرکەوت؟ مێژوونوسی بەناوبانگ(أرنولد توینبی) بیردۆزەیەکی هەیە لەسەر ئەم بابەتە، دەتوانرێ بەباشترین وەڵام دابنرێ بۆ ئەم پرسیارەی پێشوو، ئەم بیردۆزەیە فراوانی دەشتایی گەورەی وەرگرتوە کە ئێستا لەنێوان ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و کەنداوی عەرەبی هەیە،کە پێش دە هەزار ساڵ نەبووە، بەڵکو ناوچەکە بارانێکی زۆری هەبوە و پڕبوە لە دارو ئاژەڵ، دانیشتوان لە سەر ڕاوکردنی ئاژەڵان و کۆکردنەوەی بەرووبوومەکان دەژیان، پیشەی کشتووکاڵیان شوانی مەڕو ماڵات نەبووە، کە لەنێوانیان دەرکەوت. کەش و هەوای ئەم ناوچەیە پێش دە هەزار ساڵ لە کەش و هەوای ئەورووپای ئێستامان دەچوو، هۆی ئەمەش ئەو کاتە وڵاتەکە بە(سەردەمی بەستۆی چوارەم) ناودەبرێت دەژیا، لەو سەردەمە بەستووی جەمسەری ئەورووپای داپۆشیبو،

ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە باشوور بارانێکی زۆری هەبوو، کاتێك تارای بەستوو دەستی کرد بە کشانەوە بۆ باکوور پێش دە هەزار ساڵ، باران گۆڕا بۆ ئەورووپا، ئەو ناوچەیەش کە دەکەوێتە باشوور بەرە بەرە ڕووی لە وشکی کرد، ئەم گۆڕانکارییەی کە لە کەش و هەوای ئەم ناوچەیە ڕوویدا،کاریگەرییەکی گەورەی لە مێژووی ناوچەکەو سروشتی کۆمەڵگاکەی هەبوو، بەم جۆرە لەدوای ئەو بارانە زۆرە وشکانی جێی گرتەوە، بەمەش هۆکارەکانی خۆژیاندن لە سەریان تەسك بوویەوە کە ماوەیەکی درێژ بوو لەسەری ڕاهاتبوون. بۆ پەیدا کردنی ڕزق ڕۆزەیان لە ڕێگای ڕاوکردنی ئاژەڵان و کۆکردنەوەی بەرووبووم بوو، کە لەو ماوەیەی پێشوو هەبوو پلە بە پلە لەسەریان کەم بوویەوە

**( هابیل) پیشەی شوانی گرت و(قابیل)یش پیشەی کشتووکاڵی، دواتر هەردوو برا ناکۆك بوون و سەرەنجام قابیل هابیلی کوشت. شارستانی لەم ناوچەیە ڕوویدا.**

ناچــاربوون بیرکردنەوەیــەکی جیــددی بکــەن و بگەڕێن بۆ هۆکارێکی تری خۆژیاندن. تــوینبی دەڵێت: دانیشتوان بۆ دوو گرووپ دابەشــکران، یەکیان پەنای بۆ شوانی مەڕو ماڵات و وشتر و مەڕو ئەوانیتر بردو بۆگەڕان بە دوای لەوەڕگا بۆ دەشــتایی گواســترایەوە، بــەلاّم گروپەکــەی تــر پەنای بردە بەر حەوزی ڕووبارە نزیکــەکان، وەك ( ڕافیــدەین) لـــە عێـــراق و (النیـــل) لـــە میسروپیشــەی کشــتوکاڵییان دەکــرد بەمــەش شارستانیەت لەژێر دەستیان دامەزرا.

(توینبی) پێیوایە داستانی ئادەم و نەمانی لــە بەهەشــت، ئــەو داســتانەیە کــە لــە کتێبــە ئایینیــەکان باســی لێــوەکراوە، ئامــاژە بــە گۆڕانکارییەکی گەورە دەکات کەلــەم ناوچــەیە ڕووی داوە، ئـــادەم و حـــەوای خێزانـــی لـــە بەهەشتێکی هەڵکەندراوو پڕ نیعمەت دەژیــان، دواتــر بەهانــدانی شــەیتان لــە خــوای خۆیــان یاخیبوون، خوا لەبەهەشت کردنیــە دەرەوە، لــە دوای دەرکردنیــان ســوودیان لــە هێــزی خۆیــان وەرگرت لە ڕێگــای خۆمانــدووکردن و ئــارەقی نێوچەوان. بە ئاوڕدانەوەیەك لە داستانی ئــادەم هــەروەکو کتێبــە ئاینییــەکان دەیگێڕنــەوە، ڕزقەکەی لە دوای دەرکردنی لــە بەهەشــت بــە دوو کوڕ بووە، (هابیــل و قابیــل)، داســتانەکە باسی ئەوە دەکــات ( هابیــل) پیشــەی شــوانی گرت و(قابیل)یش پیشەی کشــتووکاڵی، دواتــر هــەردوو بــرا نــاکۆك بــوون و ســەرەنجام قابیــل هابیلی کوشــت. (تــوینبی) پێیوایــە نــاکۆکی هابیل و قابیل ســیمبولێکە بــۆ ململانێیــەکی درێژ، کە لەنێوان دەشــتەکی و شارســتانی لــەم ناوچەیە ڕوویدا.

ئەگــەر وامــان دانــا ئــەم بیردۆزەیــە دەربــارەی شارســـتانیەت ڕاســـتە..لێرەداپرســـیارێك کـــە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە: بۆچی شارستانی لە کشتووکاڵەوە دامەزراوە نەك لــە دەشــتایی؟ دەبێت پێش هەمووشتێك ئەوە بزانین کشــتوکاڵ پیشـــەکەی بەرهـــەمی بـــاش دەدات، بـــەلاّم دەشتایی ئەم باشــییە نــادات(کــە مەبەســتمان باشــترین بەرهەمــە)، زیــاد لــە پێداویســتیە پێویستیەکان بــۆ مــرۆڤ، پێدەچــێ ئــەو وتەیــە بێت، دەشتەکی بەردەوام لەسەر ڕۆخی برسێتی دەژین، دەشتەکیەکان بــە دوای لــەوەڕگا دەڕۆن لە دەشــتاییەکی فــراوان، لــە ڕزقــو ڕۆزەشــیان پشت بە باران دەبەستن، ئەگــەر بــاران زۆر بــوو ساڵێك لە ساڵان نیعمەت دەکەن و تێر دەبوون، ئەگەریش بــاران کــەم بــوو یــان نــەباری ئــەوە برســـیان دەبـــوو، بـــەو واتایـــەی نـــاتوانن بەرهەمەکانیان بە ئیدارەو خۆبــەختکردن زیــاد

بکەن، بەڵکو سەیری ئاسمان دەکەن بۆئەوەی نیعمەت بە ڕزق بەسەریان بباریێت.

قورئانیش بە(رزقکم فی السماء وما توعدون) وەسفی دەکات، کشتوکاڵیش هەر پشت بە باران دەبەستێ، بەڵام ئیدارەو خۆبەختکردن شانسێکی هەیە لە زیادبوونی بەرهەم لە ڕویەك لە ڕویەکان، هەرکە جوتیار خۆی بەختکردو تۆزێك تێکۆشا لە ڕێکخستنی ئاودێری و داهێنانی کەرەستەکان بۆ بەکارهێنانی زەوی ئەو کاتە بەرهەمیان زۆر دەبێ، توانایان لەسەرووی ئەوەیە کە بەرهەمیان زۆرتر بکەن لەوەی کە پێویستییان پێی هەیە لە تێرکردنی پیداویستییە پێویستەکان، بەمەش خۆشگوزەرانی لە نێوانیان بڵاو دەبێتەوە لە خواردن و جل و بەرگ و خانوو هونەرە جیا جیاکان لە سەر دەستیان و ئەوانی دیکە گەشە دەکات، ئەمەیە واتای گەشەکردنی شارستانیەت.

لەم بارەیەوە لایەنێکی تر هەیە کە شایانی باسە، دەوڵەت لە گرنگترین پێداویستیەکانی شارستانیەتە، دەرکەوتنی دەوڵەت تەنیا دەبێت لە ناوچە کشتووکاڵیەکان بێت، ناوچە دەشتەکیەکان بە دەگمەن دەوڵەتی تێدا دەردەکەوێت. باج بنەڕەتی هەڵساندنی دەوڵەتە وەرگرتنی باج تەنیا لەو ناوچانە هەیە کە (بەرهەمی باشە) واتە ناوچە کشتوکاڵیەکان، دەشتەکی ناتوانن باج بدەن شێوەکەی هەرچۆنێك بێت، ئەوان باج بەشێوەیەك لە (الاتاوە) دادەنێن، واتە(سەرانە) بەپێی ئەو دەربڕینەی لە عێراق بڵاوە، ئەوان شانازی بەوەوە دەکەن کە باج لە غەیرە خۆیان وەربگرن، ئەو کەسەی کە باج بداتە یەکێکی تر بە چاوێکی تر تەماشایان دەکرد، ئەمە یەکێك لەو هۆکارانەیە کە دوژمن ناوبژیوان بێت لە نێوان دەوڵەت وهۆزە دەشتەکیەکان، ئەگەر بۆ هۆزێکی دەشتەکی گونجا کە بۆ سنووری دەوڵەتی دراوسێیان بڕۆن، ئەوا سەختە لەسەریان باج بدەن، زۆربەی شەڕە کوشندەکان کە لە نێوانیان ڕوودەدات لە میانەی ئەمەوە دروست دەبێت.

> **دەرکەوتنی دەوڵەت تەنیا دەبێت لە ناوچە کشتووکاڵیەکان بێت، ناوچە دەشتەکیەکان بە دەگمەن دەوڵەتی تێدا دەردەکەوێت.**

* دەوڵــەتت بــەوە وەسـف کـرد کـە گـرنگترین پێداویسـتی شارسـتانیەتە، ئێمەش دەزانین دەوڵەت لـە سـەردەمە کۆنەکان بە(ستەمکارو زۆردار) وەسف دەکرێت، کتێبە ئاینیـەکان بـۆ وەسفێکی ڕوون بۆ حاکمە کۆنەکان، لە ڕووی سـتەمکاریان بەرامبـەر خـەڵك وەك(فیرعەون- نەمرود) و ئەوانی تـر، چۆن ئەم دوو سیفەتە ڕێـك دەخـەیت؟

**(توینبی) پێیوایە ناکۆکی هابیل و قابیل سیمبولێکە بۆ ململانێیەکی درێژ، کە لەنێوان دەشتەکی وشارستانی رویدا**

مرۆڤ پـێش دەرکـەوتنی دەوڵـەت لـە شـێوەی هـۆزی جیـا جیـا دەژیـان، دەشتەکی بەردەوام بوو و لە سـەر ئـەم شـێوازە دەژیـان، هـەتا سـەردەمە دواکـەوتوەکان، لەوانەیـە ئـەو وتەیـە بێت، بە شێوەیەکی گشتی سیسـتەمی هۆزایەتی کەم بێتەوە لە ستەم کردن بـەڵام لـە هـــەمان کاتـــدا یارمـــەتی گەشــەکردنی شارستانییەت و زیادبوونی بەرهەم نادات.

هۆز، سەرۆك سەرکردایەتی دەکات کە سەر بـە هۆزەکەیە، ئەم سەرۆکە لە فەرمانڕەوایی هۆزدا بەپێی ئەو نەریتە بـاوەی کـە هەیـە دەڕوات و ناتوانێـــت ســـتەمکارو زۆردار بێـــت و بـــە پێچەوانەی نـەریتی بـاو بێـت، ئەگـەر زوڵـم و زۆرداری لەسەر سەرۆکی هۆز دەرکەوت، ئـەوە تاکـەکانی هۆزەکـە نـەفرەتیان لێکـردوەو خۆشـیان نەویسـتوە، ئینجـا تەماشـایان دەکــرد دەربارەی یەکێك لە ڕکابەرەکانی بۆ ئەوەی بیکـەن بـە سـەرۆکی خۆیان لەبری ئەو سەرۆکەی کـە خۆشیان نەدەویست.

بەڵام دەوڵەت لە فەرمانڕەواییدا لەســـەر شـــێوازێکی تـــر هەڵدەســـتێ، حـــاکم لـــە فەرمانڕەواییدا پشت بـە هێـزی شـــکێنەر دەبەســـتێ، کـــەس نـــاتوانێ لـــە چـــاودێریکردنی گازاندەی لەسەر بکات لە شتێك و لــە فــەرمانی یــاخی بیــت، هەرچۆنێك بێـت پـاڵ بـە حـەزو ئارەزووەکـانی دەنێت بێ سـنوور، سرووشـتی مرۆڤایـەتی بـە شێوەیەکی گشتی حەزو ئارەزوەکانی پاڵی پێوە دەنێـت ئەگـــەر دامرکاندنەوەیـــەك نـــەبێت و دایمرکێنێتەوە، ئەمەیە کە زۆربـەی حاکمـەکان پـــێش سیســـتەمی دیمـــوکراتی نـــوێ دەیانکرد.فەرمانڕەواکان کەنیزەکانیان دەکڕی و کۆشکە لووتبەرزەکانیان دروست دەکرد و ماڵی میللەتیان هەرچۆنێك بیان ویستایە دەبەخشی،

لەگــەڵ ئەمــەش نابێــت لــەبیرمان بچــێت فەرمانڕەواییکردنیان لەسەر خراپی باشـتر بـوو لە سیستەمی هۆزایەتی کۆن.
خەریکە هۆز کـەم دەبێتـەوە لـە زوڵـم و تۆڵـە سەندنەوەو تاوان لەناو خودی خـۆی، تاکـەکانی هۆز لەناوخۆیان بە جۆرێك هەڵسوکەوت دەکەن کە بە پێی ئەوەی بەلای نەریتە باوەکان بڕوات. ئەگەر یەکێك لەوان پێچـەوانەی ئـەو نەریتانـە بوو، دەیان سوتاند یان لە نێـو خۆیـان دەریـان دەکرد، بەلاّم ئەم سیستەمە سەرکەوتوو نابێـت لە کۆمەڵگایەکی گەورە کە زۆرێك لە هـۆز بـە خۆی دەگرێتەوە، هەر چۆن بێت یاسـای گشـتی هەیە بە هێز بەسەر خەڵك دەسـەپێت، ئەمەیـە دەوڵـەت لـە کـاتی سـەرهەڵدانیدا دەیکـات، سەرەڕای خراپـەی زۆری، ئاسـایش دەسـەپێنێ بەسەر کۆمـەڵێکی زۆر لـە خـەڵك و ناچـاریان دەکات لەسەر یارمەتی دان لە بەرهەم هێنان و لەسـەر ژیـانی هاوبەشـی. بـۆ ئـەوەی نرخـی دەوڵەت بزانین، سەیر بکەین چی ڕوودەدات لـە نێـوان خەڵکەکـە کاتێـك دەسـەلاّتی دەوڵـەت نەبێت، خێرا ئاژاوەو تالاّن و کوشتن و بڕۆ بـلاّو دەبێتەوەو، بێدامرکاندنەوە، هەنـدێ لـە فـەقێ موسـڵمانەکان هـەر لەکۆنـەوە گوتوویانە:"حـاکمێکی سـتەمکار باشـترە لـە ئاژاوەچییەك". نەریتەکانی هۆز توانای هەیـە لەسـەر ڕێکخسـتنی خەڵکەکـە لـەناو خـودی هۆزەکـە بـەلاّم لـە دەرەوە تاکـەکانی هۆزەکـە ئازادن چـی بەیـەکتر دەکـەن، شـانازی دەکـەن بەوەی کە لە" کوشتن یـان تـالاّن و بـڕۆو تۆڵـە سـەندنەوە" لـەدەرەوەی هۆزەکـەیان، ئەمـەش ڕاسـتییەکە لەسـەر کۆمـەڵگا خۆماڵییـە بچوکەکانە، کۆمەڵگا خۆماڵییە بچوکەکان ئەو کۆمەڵگایەیە کە لـە سـەردەمی عوسمانیـەکان تێیدا دەژیان.
(الشـتقی) لـەو سـەردەمەی عوسمانیـەکان شانازییان دەکرد بە بڕینـی ماڵـەکان و گرتنـی ڕێگاکان و سەپاندنی باج لەسـەر بازرگانـەکان، بەلاّم لە دەرەوەی شوێنەکەی خۆی دەیکرد، لـە شـوێنەکەی خـۆی پاڵـەوانێکی فێڵبـاز بـوو، پاسەوانی شـوێنەکەی خـۆی دەکـرد بەرامبـەر دوژمنەکانی و بەپەرۆشەوە بوو بـۆ دواکـەوتنی نەریتەکانی خۆی.
**سەرچاوە: في الطبيعة البشرية، د. علی الوردی**

# ئاریاکان کین Aryans

**ن: رقیه بهزادی**

**لەفارسیەوە: دیار زرار**

لەماوەی نێوان ١٨٠٠ تاکوو ١٥٠٠ ی پێش زایین کۆمەڵە هۆزێکی مێگەلدار لە ڕووبەرێك کە لە هیندەوە تاکوو باڵکانی دەگرتەوە بەرەو ئاراستەی باشوور پێشڕەویان دەکرد. ئەو گەلانەی کە دەکەوتنە سەر ڕێگایان بەر هێرشی ئەم کۆمەڵە مێگەلدارانە دەکەوتن،

ئەو بەڵگانەی کە لەم نەتەوانەوە بەدەست هاتوون پیشاندەدەن کە گشت ئەم هێرشبەرانە بە کۆمەڵە زمانێکی سەربە ڕیشەی زمانی هیندوئەورووپی دواون. ئەو هۆزانەی کە خاکی هیندیان داگیرکرد خۆیان بە ئاریا ناودەبرد.

لەڕاستیدا وشەی ((ئاریایی)) دەبێ بۆ ناونانی ئەو هۆزانە بەکاربردرێت کە هەم خاوەن نەریتێکی مێگەلداری بن و هەمیش بە زمانی هیندووئەورووپی بدوێن.

سەرۆك هۆزانی هیندوئەورووپی سوارچاکی کارامە بوونە. لە دەورووبەری

دەستپێکی هەزارەی دووەمی پێش زایین لە دەشتەکانی باکوور و مێرگەکانی باکووری قەفقازیا و دەریای کاسپیەوە پێیان نایە ناو خاکی ئێران. کۆمەڵێکیان ڕێگەی باشووری ڕۆژهەڵاتیان گرتەبەر و ڕۆیشتنە هیند و دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچانەیان خستە ژێردەست، زمانی خۆیان بەسەر ئەم خەڵکەدا سەپاند و ئەم زمانە تازەیە گەشەی کرد و ناوی سانسکریتی پێدرا.

کۆمەڵەکی تر بەرەو ڕۆژئاوای ئێران بەرێکەوتن بەڵام تەنیا لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆز نەوەستان و وردەوردە دەستەڵاتی شارە قەڵاییەکانیان لە دەست فەرمانڕەوایانی ڕەسەنی ناوچەکە دەرێنا.

لە ئازەربایجان و ڕۆژئاوای ئێران مادەکان و ئێرانیە تازە هاتووەکان ڕووبەڕووی دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە بوونەوە کە بە زمانێکی جیا لە زمانی هیندوئەورووپی دەدووان وەکوو ئۆڕاڕتووکان Urartians و ماناکان Mannaeans و هووریانیەکان Hurrians .

له کۆتاییدا ئەم کۆمەڵە بە درێژایی رووباری فووڕات بەرەو باشوور بەرێکەوتن و لە شوێنێك دا لە فووڕات پەڕینەوە و گەیشتنە سەرزەمینی ئەنزان و ئەنشان و دوایی پێیان نایە پارس.

ناتوانین بڵێین ئاریاکان نەتەوەیەکی

**سەرۆك هۆزانی هیندوئەورووپی سوارچاکی کارامە بوونە**

بیابان گەرد بوونە بەڵکو دەتوانین بڵێین کە سەبارەت بە نیشتیمان و شوێنی دانیشتنیان کەم تەرخەم بوونە. لەگەڵ هەر پێش هاتێك ماڵ و حاڵی خۆیان کۆدەکردەوە و دەیانخستە ناو ئارەبانەی بارهەڵگر و خانوو و کەپرەکانیان دەسووتاند و بەرەو شوێنێکی نادیار و نامۆ بەڕێ دەکەوتن.

سەرکەوتنی ئەوان دەگەڕاوە بۆ وەدەست هێنان و دۆزینەوەی مێرگ و چیمەنزاری تازە بۆ نیشتەجێ بوون، وردە وردە وەکوو نەتەوەیەکی سەرکەوتوویان لێهات.

کۆمەڵگای ئاریایی لە سێ توێژی خانەدان، خەڵکی ئاسایی و کۆیلەکان پێکهاتبوو. بەزۆری کەسێکی لێهاتوو سەرۆکایەتی هۆزی پێدەسپێردرا. خانەوادە لەژێر فرمانی دایك دابوو و ناوی خێزانی و خوێن و نەسەب لەلایەن باوکەوە بوو. هۆزەکانی ئاریایی لە کۆمەڵە خانەوادەیەکی گەورە پێکدەهاتن. توێژی خانەدان لە سەرۆکی هەر یەك لەم خانەوادە گەورانە پێکدەهات و سەرۆکی زەنگین ترین و گرنگترین خانەوادەی گەورەی ئاریایی بۆ سەرۆکایەتی هۆز هەڵدەبژێردرا.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبابەت ئاریاکانەوە لەبەردەست دانە بەدیار دەکەوێت کە گرنگیەکی زۆریان بە لایەنی جنسی و بواری هاوسەرداریەتی نەداوە و هیچ جۆرە جەهیزە و ماڵێك لەم کارەدا ئاڵو گۆڕ نەدەکرا. پەیوەنددار بوونی ژن بە خانەوادە و خزمانی زۆر گرنگتر بوو تاکوو بە هاوسەرەکەی.

بەچەشنێك کە لەکاتی جەنگ و ناکۆکی ژن دەبووایە لایەنگری خزمانی بێت و بەرگریان لێ بکات. بنەمای هاوسەرگیری لەسەر بناغەی تاك هاوسەری بوونیات نرابوو! بەڵام پیاوانی

زەنگین و خانەدانان دەشیا دوو یان سێ ژنیان هەبێت.

ژنان لەلایەن باوک و دایکەوە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیان بۆ بەمیرات دەماوە، جابۆیە، لەوانەیە ژنێک لە هاوسەرەکەی پایەبەرزتر بێت.

سەبارەت بە بیرو باوەڕی ئایینی ئاریاکان پێکهاتە و ئایینێکی تایبەتیان نەبووە. لەسەرەتادا سەرۆکی خانەوادە ئەرکی پێشەوای ئایینیشی بەئەستۆوە بوو. وردە وردە کاهینان و شارەزایانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینیش بەدیارکەوتن، بەڵام پلە و پایەکیان نەبوو. لە ئایینی ئاریاکان پەرستنی ئەژداد و ئاباد نەبوو. مردووەکانیان دەسووتاند بەم کارە خۆیان دڵنیا دەکرد کە گشت پەیوەندیەکانی مردووەکە لەگەڵ جیهانی دەورووبەر دەپچڕێنن و پێش مەترسی هاتنەوەی ڕووحەکەش دەگرن.

**ئاریاکان پێکهاتە و ئایینێکی تایبەتیان نەبووە**

شارستانیەتی ئاریاکان شارستانیەتێکی سادە و سەرەتایی بوو و تەنیا هەندێک جۆری چەک و هەندێک تەکنیکی جەنگی تایبەتیان هەبووە. لەناو ئەوان سیستەمی دەرەبەگایەتی و بەهرەمەندبوون لە دەستکەوتی خەڵکی ئاسایی، شێوەیەکی باوی وەرگرت. ڕێوڕەسمی سوارکاری و خاوەندارییەتی ئەسپ و نێچیر تایبەت بە خانەدانەکان بوو و کەمتر خەریکی کاری جووتیاری و هونەرەکانی تر دەبوون. بەڵام هاندەری هونەرمەندان و پیشەسازان بوون. لەکاتی جەنگدا ڕێنمایی جەنگاوەرانیان دەکرد و هەندێجار گیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە و هەرکەسێک کە بەهۆی ترسنۆکی لە ئەرکی پیاوانەی خۆی پاشگەز بووباوە بە خەیانەتکاری هۆز و گەل لەقەڵەم دەدرا.

# ڕاپەڕینی خوێندکارانی ١٩٦٨ لە فەڕەنسا

**لە فەڕەنسیەوە: فەرهاد پیربال**

ڕاپەڕینی گەنجان وخوێندکاران لە ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٦٩ (کە هەندێ جار بە شۆڕشی قوتابیان ناو دەبرێت) لە سەرەتادا لە فەرەنسا دەستی پێ کرد، پاشان چیکۆسلۆڤاکیاو ئەڵمانیاو ئەمریکاو ولاٚتانی دیکەشی لە ئەوروپا دا گرتەوە. ڕاچڵەکین و واگاهاتنەوەو گۆڕانکاریەکی گەورەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاٚیەتی و ڕۆشنبیری بەرپا کرد .

ئەم ڕاپەرینە خوێندکاریە چەند شتێك لە مارکسیزم، کەمێك لە ماویزم و هەندێك لە وجودیەت و زۆرشتی لە ئەنارشیزمی تێدابوو وای کرد کە فەڕەنسا — پاشانیش هەموو ئەوروپا — لە سەر شۆستەی قوتابیەکاندا خەبەری بێتەوە خۆپیشاندانەکانی قوتابیان لە فەڕەنسا کە لە کۆتاییدا زۆربەی توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەل و تەنانەت هەموو
سەندیکاکانیش چونە ژێر ئالاکەیەوە لەئاستی سیاسیدا ڕۆڵیان بینی بۆ
وەرگەڕانی کورسیەکەی ژەنەڕال شارل دیگۆل لە نیسانی ١٩٦٩، لە بواری ئابووریشدا بوونە هۆی ئالوگۆڕێکی باش لە ژیانی ئابوری خۆشتربونی ژیانی دارایی خەلك، جگە لەمانەش لە بواری ژیانی ئەخلاقی و رۆشنبیریشدا گورزێکی بە زەبر بوون گورزی یەکەم و هەرە کوشندەی خۆپیشاندانەکان لە ٣ ی مایسی ١٩٦٨ لە پاریس دەستی پێکرد کاتێ قوتابیانی زانکۆی سۆربۆن سەرتاپای زانکۆیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە بەلاٚم پێش ئەمەش قوتابیانی فەڕەنسا لە ژێر نانتیرۆکان لە ٨ ١٩٦٨/١/٢٦ بە ملاوە ( دوای دەرکردنی قوتابیەکی جولەکەی فەڕەنسی بە هەنجەتی ئاژاوە گێڕی لە فەڕەنسا ) کەوتبونە مانگرتن و دەربڕینی نارەزاییەکانی خۆیان .. ئینجا لە ڕۆژی ٢٢ ی

مارسدا لە شاری نانتێرگەیشتبوە شەڕو پێکدادان لە نێوان قوتابیان و هێزەکانی ئاسایش و پـۆلیس
.

**٢ ی مایسی ١٩٦٨**

ژۆرژ پۆمپیدۆ سەفەر دەکات بەرەو ئێران، لە شاری نانتێر شەڕو پێکدادان لە نێوان قوتابیان و پـۆلیس دەست پێدەکات دەوامی زانکۆو خوێندن ڕادەوەستێ .

**٣ی مایس**

لە جیاتی دەوام خوێندکاران لە ناو زانکۆی سۆربۆندا کۆبونـەوە دەکـەن و خۆپیشـاندان سـاز دەکـەن، گەورەترین خۆپیشاندانیش لە گەڕەکی لاتینی ساز دەکرێت و ٦٠٠ قوتابی دەگیرێن ڕۆژنامەکان دەست پێدەکەن هەست بە مەترسی (( کارەساتی خۆپیشاندانەکان)) دەکەن .

**٤ی مایس**

دەوامی زانکۆکان و خوێندن وەستاوە مانگرتنەکانی سەرتاپای قوتابیان دەست پێدەکەن.

**٥ی مایس**

چوار خۆپیشاندەر حوکم دەدرێن بە زیندان.

٦ی مایس

شەڕو پێکدادان لە نێوان قوتابیان و پۆلیس، زیاتر لە ٤٠٠ قوتابی دەگیرێن.

**٨ی مایس**

لە ناو پەرلەماندا دەبێتە دەنگۆ.

**٩ی مایس**

زانکۆی سۆربۆن دادەخرێت، خوێنکارانیش دەیانەوێ سۆربۆن بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

**١٠ مایس**

تا کاتژمێر ٣ ی بەیانی شەڕو پێکدادان لە نێوان قوتابیان و پۆلیس لە گەڕەکی لاتینی بەردەوامە.

**١١ مایس**

ئەنجومەنی قوتابیان بانگەواز بلاّودەکەنـەوە بـۆ مـانگرتنێکی سەرتاسـەری لەهـەموو فەرەنسـا ژۆرژ پۆمپیدۆ دەگەڕێتەوەو داوا دەکات لە ١٣ی مایسدا زانکۆی سۆربۆن بکرێتەوە.

**١٣ ی مارس**

سۆربۆن دەکرێتەوەو دەکەوێتە دەست قوتابیە خۆپیشاندەرەکان، پاریس شڵەژاوە سەندیکاکانیش دەکەونە خۆپیشاندان، حکومەت چەند ڕێکخراوێکی لاوان و خوێندکارانەی قەدەغە کردووە.

**١٥ ی مایس**

سەرۆکی فەڕەنسا ژەنەراڵ دیگۆڵ دەگاتە ڕۆمانیا، بە شێکی پاریس دەکەوێتە ژێر دەستی قوتابیان پۆلیس و ئاسایش هەرەس دێنن.

**١٦ ی مایس**

مانگرتن لە زۆربەی کارگەو کۆمپانیاکاندا دەست پێدەکات.

**١٧ و ١٨ ی مایس**

حکومەت تەواو شڵەژاو دەستە پاچە بوو خۆپیشاندان و مانگرتنێکی سەرتاسەری هەموو پاریس و زۆربەی شارەکانی دیکەی گرتۆتەوە، ١٠ ملیۆن کەس مانی گرتوە ژەنەڕاڵ دیگۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ پاریس.

**٢٢ی مایس**

کۆمیتەی نیشتیمانی بۆ پارێزگاری کۆماری فەڕەنسا دادەمەزرێت. سەندیکاکان ئامادەی خۆیان دەردەبڕن کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بکەن: بۆ جێبەجێ کردنی داخوازیەکان.

**٢٤ی مایس**

خۆ پیشاندان و پێکدادان هەر بەردەوامە، لە پاریس و زۆربەی شارەکانی دیکەی فەڕەنسا. ژەنەڕال دیگۆل لە تەلەفزیۆنەوە بۆ خەڵك دەدوێت و داندەنێ بە نوشستی حکومەت و داوا دەکات ڕاپرسیەك ساز بدرێت بۆ ئەوەی بزانن قوتابیان و میللەت چیان دەوێ؟

**٢٥ ی مایس**

دەست پێکردنی گفتوگۆ لە نێوان خۆپیشاندەران و حکومەت.

**٢٦ و ٢٧ ی مایس**

گفتوگۆی گەرم و بەردەوام لە نێوان حکومەت و یاخیبوەکان(سەندیکاکان ، خوێندکاران .. )

**٢٨ ی مایس**

کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی فراوان دەبەسترێت و لەوێدا فرانسوا میتران ڕادەگەیەنێت کەخۆی هەڵدەبژێرێت بۆ سەرەك کۆماری فە ڕەنسا لە داهاتوودا.

**٣٠ی مایس**

خۆپیشاندانێکی یەك ملوێنی لە پاریس سازدەکرێت لە خۆشی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ژەنەڕال دیگۆل سازی دا. ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە دروشمەکانیان بوون کە دەربڕی داخوازی و ئایدۆلۆژیاو ئاواتەکانیان بوون:

**دروشمەکانیان**

**-با قەدەغە کردن قەدەغە بکرێت.**

**-با واقیعی بین، هەرچی شتێک نامومکینە داوای بکەین.**

**-حەز کردن لە واقیع باشە بەڵام وەدیهێنانیان باشتر.**

**-دیوارگوێی هەیە گوێی ئێوەش دیواری هەیە.**

**-خەون واقیعە.**

**-ڕێزگرتنی لە خۆ گەورەتر ئەما چیتر بە دواییدا مەگەڕێ.**

**-خەیاڵ هێز پەیدا دەکا.**

**-گەشبین بوونیش هەرگوەو بە کەڵک نایە بجولێ، ژیان بگۆڕە.**

**-چیتر خۆتان نارەحەت مەکەن خەڵک نارەحەت بکەن.**

**-دەرگای پەناگەکان بکەنەوە دەرگای زیندان و قوتابخانەکانی دیکەش.**

**-گوو لە کۆمەڵگە دەکەم ئینجا دڵم خۆش دەبێ.**

**-چیتر جەنتاو تەباشیر مەگرە دەست دەسەڵات بگرە دەست.**

**-ئێمە سەر قاڵی دنیایەکی تازەو ڕەسەنین خەیاڵ خەریکە دەسەڵات دەگرێتە دەست.**

**-شین هەرخۆڵەمێشی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتە دادەهێنرێتەوە**

**-بیرو باوەڕی خۆتان هەبێ.**

**-ئارەزووەکان وەدی دەهێنم لە بەر ئەوەی ئارەزووەکانم واقیعین و واقیعیەتیان هەیە.**

-شۆڕش دەبێ لە ناو ئینساندا هەڵ بگیرسێ پێش ئەوەی لە ناو شتەکاندا هەڵبگیرسێ.

-((پیرۆز)) دوژمنی ئێمەیە

-بەربەستەکان دەتوانن تەنیا ڕێگاکانمان لێ دابخەن بەڵام دەنگەکانمان دەکەنەوە.

-ئەی ستالینیەکان ئەوەتا ڕۆڵەکانتان لە گەڵ ئێمەن.

-ئارەزووەکانتان ئازاد بکەن.

-کەمێک بە گوێ نەکردن دەبێتە زۆرێک لە دەسکەوت.

-چۆن بتوانین ئازادانە بیر بکەینەوە لە ژێر رۆشنایی مۆمدا.

-مێشکتان و زنجیری پانتۆڵەکانتان بکەنەوە.

-لە سەر شۆستەکاندا قەراغ دەریاییەک ڕابخەن.

-لە وڵاتی(دیکارت) دا حەماقەتی قوماربازەکان فەرمانڕەوایە.

-مرۆڤایەتی ناحەسێتەوە تا ئەو کاتەی دوایین سەرمایەداری دونیا لە سێدارە دەدرێ.

-هێز لە ناو شەقامەکاندایە.

-دڵی خۆت خۆش بکە بێ ئەوەی گوێ بدەیتە بەربەستەکان

-بژی بێ ئەوەی گوێ بدەیتە وەختە مردووەکان.

# ئایا شکسپیر عەرەب بوو ؟



شکسپیر

**ن: رجاءنقاش**

**و.بەدەستکارییەوە: هاژە نورەدین**

لەوانەیە قسەکردن دەربارەی نوسەرو ئەدیبێکی گەورەی وەك شکسپیر تا ڕادەیەك دژوار بێت، بەلاّم ئەوەی ئێمە دەمانەوێ قسەی لەبارەوە بکەین ئەو بیرۆکەو بۆچونەیە کەهەندێ لەنوسەرو لێکۆڵەرەوانی عەرەب سەبارەت بەڕەگەزی شکسپیر هەیانە. ئەویش بەوەی کە شکسپیری گەورە نوسەری ئینگلیز بەڕەگەز دەچێتەوە سەر عەرەب....!

لەوانەیە یەکەم کەسێك لەنوسەرانی عەرەب کاری لەسەر بەعەرەب کردنی شکسپیر کردبێت(ئەحمەدزەکی پاشا١٨٦٦ -١٩٣٤ز)بێت. ناوبراو گەلێك هەوڵی داوە نەتەوەی عەرەب وەك پێشەنگ و داهێنەر ل

ەسەرئاستی جیهاندا نیشان بدات و لەباسی ڕەگەزو ڕەسەنایەتی (شکسپیر) یش بەو دەرەنجامە سەمەرەیە گەیشتووە، کە شکسپیر بەڕەسەن عەرەبە و ناوی ڕاستی خۆی (شیخ زبیر) بووە، بەلاّم ناوەکەی لەلایەن ئینگلیزەوە شێوێنراوەو کراوەبە(شکسپیر).

بێجگە لە ئەحمەد زەکی چەند لێکۆڵەرەوەیەکی دیکەی عەرەب هەوڵی سەپاندنی ئەو بیرۆکەیە دەدەن و لە پێش هەموشیانەوە ڕەخنەگری عیراقی (د.صفاءخلوصی) یە،

کەساڵی ١٩٧٨لە گۆڤاری(مجمع اللغە العربیە) لێکۆڵینەوەیەکی بە ناو نیشانی( شکسپیر ئینگلیز نەبووە بەڵکو عەرەبی ئورمەیە) بلاّو کردەوە،

نوسەر هەر بەگۆڕانی ناوی شیخ زبیر بۆ شکسپیر نەوەستاوە بەڵکو بۆچەسپاندنی بیرۆکەی عەرەبایەتی شکسپیر،

کۆمەڵێك بەڵگەی نادروستی هێناوەتەوە کەدەکرێ بۆ چوونەکانی د.خلوصی لەکتێبی (عەرەبایەتی شکسپیر ) بخەینەڕوو کە لە نووسینی ئەدیب و رەخنەگری بەناوبانگ (د.ئیبراهیم حمادەیە)یە،

نوسەر لەم کتێبەدا وێڕای ڕەتکردنەوەی تەواوی بۆچوونی عەرەبایەتی شکسپیر هەموو ئەو بەڵگانەش پوچەڵ دەکاتەوە کە د. خلوسی بۆ بەعەرەبکردنی شکسپیر هێناویەتییەوە،

د.ئیبراهیم دەڵێ( ئەوبەڵگانەی د.خلوصی هێناویەتییەوە هەندێکی خەیاڵین و هەندێکی هەڵەو ناڕاست و هەندێکی سەیروسەمەرەن لەوانە گوتویەتی سمێڵ و ڕیشی شکسپیر وەك لەوێنەکانیدا دەردەکەوێ.

**دەربارەی ڕیش و سمێڵی شکسپیر کە لە ڕیش و سمێڵی موسڵمانەکان دەچێت ئەمە باوەڕی پێ ناکرێت لەبەر ئەوەی وێنەی شکسپیر (٧) ساڵ دوای مردنی بەخەیاڵی وێنە کێشێك کێشراوە**

ڕێك لەگەڵ دەستوری ئیسلامیدا دەگونجێ چونکە لە دەستوری ئیسلامیدا سمێڵ کورت دەکرێتەوەو ڕیش درێژ دەکرێت، پاشان د.ئیبراهیم دەڵێ دەکرێ کورتەی بۆچوونی د.خلوسی سەبارەت بە عەرەبایەتی شکسپیر بەو شێوەیە بخەینەڕ وو،

شکسپیر بەڕەچەڵەك عەرەبی ئیسپانیایەو پاشان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدانێکی زۆردا هاتۆتە سەر ڕێبازی کاسۆلیکی لەئاینی مەسیحیداو دواتر بووە بە (ئەنجلیکایتا) واتە سەر بەکەنیسەی ئینگلیزی و ئینجا بۆتە (لەش پاکەکانی بیوریتان) و لەدواجاریشدا بووە بە مرۆڤێکی ئازاد واتە بەدەر لەهەر ئاینێك،

هەروەها گۆڕینی مەزهەبەکان لەلایەن شکسپیرەوە بەڵگەی ئەوەن کە شکسپیر بە ڕەسەن مەسیحی نەبووەو بەڵکو ئەو تێڕوانین و خەیاڵەی شکسپیر دەگەڕێتەوە سەر ڕەگەزی ڕەسەنی

خۆی(واتە عەرەب). هەروەها لەو بەڵگانەش کە عەرەب بوونی شکسپیر دەسەلمێنن هەڵەکردنی شکسپیرە لەناوی خۆی بەئینگلیزیو یان ڕوخساری لە ڕەگەزی ئاری ناچێ بەڵکو لەسامی دەچێ و شکسپیر لە شیعرە دڵدارییەکانیدا هەمیشە بە ڕەش ئەسمەردا هەڵدەدا وەك کچە ئینگلیزە قژ زەردەکان و پاشانیش نوسراوەکانی پڕن لە هەڵەی زمانەوانی و وشەی بێگانەی زۆر بەکارهێناوەو زۆرجار باس لەشتی خەیاڵیو(مێردەزمەت) دەکات کە لەناو عەرەبدا زۆر باوە.

ئەو بەڵگانەی د.خلوصی بۆ عەرەبایەتی شکسپیر هێناویەتییەوە دەکرێت بیانکەین بە دوو جۆر یەکەمیان دەربارەی ڕیش و سمێڵی شکسپیر کە لە ڕیش و سمێڵی موسڵمانەکان دەچێت ئەمە باوەڕی پێ ناکرێت لەبەر ئەوەی وێنەی شکسپیر (٧) ساڵ دوای مردنی بەخەیاڵی وێنە کێشێك کێشراوە.

سەبارەت بەوەش کە لچە زلەکانی شکسپیر لە عەرەب دەچێت بەتایبەتی لێوی سەرەوەی کەپان و ئەستورەو گەردنی لەئینگلیز ناچێ، ئەمانەش قسەی سەیرو سەمەرەن.

سەبارەت بەو هەلانەی شکسپیر کردوویەتی دەتوانین بڵێین ئەو لەکاتێکدا ژیاوە کەزمانی ئینگلیزی ئەوەندە بەر بلاو نەبووەو ئەو هەلانەشی تێدا بووە، هەرچیش پەیوەندی بەگۆڕینی مەزهەبەکانەوە بووە ناکرێت وەك بەڵگەی مەسیحی نەبوونی شکسپیر نیشان بدرێت،

لەبەرئەوەی ئەو لە سەردەمێکدا ژیاوە کەئینگلیزەکان بەگشتی هەر وەختەو لە سەر مەزهەبێك بوون.



# کولتورو پێشخستنی

زیاد عەبدوڵلا



کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە ڕەوتی پێشڤەچوونی خۆیدا، لە هەر قۆناغێك کۆمەڵێك سیماو بەهاو چەمك و بیروباوەڕی هەمەلایەنەی هێناوەتە کایەوەو بەدوای خۆیدا جێیهێشتووە، هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە کەڵەکەبوونەو بە ئەڵقەی مێژووەوە بەیەکەوە گرێدراون.

خوێندنەوەی چەمکی کولتورو تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی، دەخوازێت لەوە تێبگەین کولتورو دەرکەوتەی ژینگەو بارودۆخی سروشتییە، بە جۆرێك هەر ژینگەیەکی سروشتی بەپێی هەڵکەوتەی کەش و هەواکەی چەشنێك لە کولتور بەرهەمدێنێت کە لەگەڵیا تەبا بێتەوە،

ئەو کولتورەش مرۆڤەکان لە وێنەی کەسێکی ئاسایی بەرهەمدێنێت. مرۆڤ لەگەڵ ژینگە سروشتیەکەی لەلایەك و لەگەڵ کولتورەکەی لەلایەکی ترەوە بەردەوام لەکارلێکدایە، بۆیە دەبینین هەر کولتورێك ڕاستەوخۆ بە شوێنگەو بارودۆخی ژیاریو شوێنی جوگرافییەوە پەیوەستە، لەبەرئەوە تاوەکو بتوانین بە شێوەیەکی شیاو لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو پێکهاتە کەلەکەبووە بکەین،

دەبێت ڕەچاوی ئەو واقیعە بکەین.

کارلێکردنی کولتورەکان لەگەڵ خۆیدا کارلێکی کۆمەڵایەتی و شارستانیشی بەدواوەیە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ناوچەی جوگرافی،چوون ژینگەو ئاووهەوای گونجاو ڕێگا خۆشکەرن بۆ بڵاوبوونەوەو ئاوێتەبوون لەنێوان دوو کولتورو شارستانییەتدا، بەپێچەوانەشەوە سەختی و

نالەباری کەش و ژینگەو ئاووهەوا ڕادەی کارلێکردنەکان کز دەکەن و لەزۆر کات و شوێندا بەیەکجاری ئەم کارلێکردنە دەبڕن،بۆیەش کولتوری هەر ناوچەیەك ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ژینگەی جوگرافی ئەو ناوچەیەیەو لێی دانابڕێت.

ژینگەی سروشتی بە شێوەیەکی دیاریکراو کار لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات، ژینگەی جوگرافی بەتەنیا ڕێگا خۆشکەر نییە لەبەردەم سەرهەڵدانی کولتوورێکی دیاریکراو، بگرە لەوەش زیاتر ئەم ژینگە جوگرافییە بۆخۆی توخم و تایبەتمەندییە کولتورییەکان دیاریدەکات و دەسەپێنێت، بۆیە ئیکۆلۆژیای کولتوری لە سایەی چەمکی جیاوازی بارودۆخی جوگرافی و سروشتییەوە دەڕوانێتە بنەچەی پێکهاتەو سیستەمە کولتوریە جیاوازەکان.

دیارە ڕەفتارە کۆمەلأیەتییەکانی هەر مرۆڤێك لەناو کۆمەڵگادا، ڕەنگدانەوەی کولتورەکەیەتی. بەمانایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لە شێوەی بەڕێوەچوونی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەو پەروەردەکردنی نەوەکان و شێوازی مامەڵەکردنی نێوان مرۆڤەکان و چۆنیەتی عیبادەت کردنیان و سەرجەم ئەو بیروباوەڕە داڕێژراوانەی مرۆڤە جیاوازەکان لەڕەنگ و شێوەو ناودا لەیەك خاڵ کۆدەکاتەوەو کۆی جیاوازییەکان لەساتێکدا دادەپۆشێت.

ئەگەر لە چەمکی کولتور وردبینەوە وەکو چینی کەڵەکەبووی زەوی وایە لەئەنجامی پێشفەچوون کۆکراوەیەك لە مەعریفەی هەمەلایەن و گشتگیری مرۆڤایەتی بە تێپەڕبوونی چەندین قۆناغ لە زەینماندا خولقاوە. توێژینەوە کولتوریەکان بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکەنە سەر کولتوری سەرەتایی،

ئامانج لەوەدا شارەزابوونە لەڕابردووی مرۆڤایەتی، هەروەها بەراوردکردنیانە لەگەڵ یەکتریدا جگە لەوە هەندێك کۆمەڵگای بەرایی هەن تاوەکو ئێستاش پارێزگارییان لەجۆری ژیانی ڕەسەنیخۆیان کردووە، چونکە دووربوونەلە کاریگەرییە تەکنەلۆژیو ئابووری و سیاسییە مۆدێرنەکان، بۆیە بەگشتی ئەو کولتورە دەربڕی بەرەبەیانی ژیانی مرۆڤایەتیمان دەکەن.

## بنەچەی کولتور

چەندین تیۆری جیا جیا هەیە لەبارەی بنەچەی کولتور،لەوانە تیۆری ژینگەگەرایی کە بۆ هیبۆقراتی فەیلەسوفی یۆنانی دەگەڕێتەوە، ئەو تیۆرە پێی وایە فاکتەری ژینگەیی ڕاستەوخۆ شێوەی دەرەوەی مرۆڤ دیاریدەکات لەگەڵ جۆری ژیانیدا،
بەتایبەتی بارودۆخی کەش و هەوا، بەلاّم هەندێك توێژینەوەی تر ئەوەیان ئاشکرا کرد کە زۆر شارستانییەت هەیە لەیەك دۆخی ژینگەیی دان، لەهەمانکاتدا کولتورەکەیان جیاوازە. پاشان بایەخدرا بە چۆنیەتی گەشەسەندنی کولتور کە تیۆری پێشقەچوون و بلاّوبوونەوە بانگەشەیان بۆ دەکرد.
دواجار لەسەدەی بیستەم تیۆری فەرمانگەرایی دەرکەوت کە گرنگی دەدات بە فرمان و ڕۆڵی هەریەك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کولتورێك لەکولتورەکان.
کاری هەرە لەپێشی توێژینەوەی کولتوری شیکردنەوەو دەرخستنی ئەڵقەکانی مێژووی کولتوری مرۆڤایەتییە، ئەمەش بەهێنانە ناوەوەی کولتوری دابڕاو و لەبیرکراوی بەر لەمێژوو لە چوارچێوە گشتیەکەیدا،
هەرچی لایەنە تایبەتییەکەیەتی بریتییە لە خوێندنەوەی مرۆڤ و هەڵسەنگاندنی لەژێر ئەو تارماییەی بە(کولتور) ناوزەدکراوە، لەئاستی یەکەمدا مەبەست دەستنیشانکردنی شێوەو جۆری ڕەفتاری مرۆڤ و بیروباوەڕە باوەکانیەتی کە موڵکی تاکێتی خۆی نییە، بەڵکو لە سەلەفەوە وەکو میرات بۆی ماوەتەوە،
ئەمەش دەمانباتەوە سەر پرسیارێك ئەویش ئەوەیە: ئایا تارمایی کولتور کە نەخشەی چارەنوسی مرۆڤی کۆنترۆڵ کردووە. مرۆڤێك بەر لەوەی بێتە ژیان ئاراستەی کولتوری باو دەستنیشانی سەرتاپای ژیانی دەکات، لەهەمان کاتیشدا هەر مرۆڤ خۆی بەلایەنە مێژوویەکەیدا داهێنەری ئەو کولتورە بووە، ئینجا لەئێستادا دەکرێت ئەو مرۆڤە وەك تاك لەم تارماییە دەربازبێت، ئەگەر دەکرێت چۆن و بە چ شێوازێك؟

## کارلێکردنی کولتورەکان لەگەڵ خۆیدا کارلێکی کۆمەلاّیەتی و شارستانیشی بەدواوەیە



# شانۆ تێکستێکی ئەدەبی و هونەری یە

**احمد محمد شێخ وەسانی**

شتێکی ئاشکرا و ڕوونە کە شانۆی کوردیمان پانتایی یەکی گرنگی لە ئـەدەب و هونـەری کـوردی پـاوان کـردوە، کـە بـە داینـەمۆ و جولێنەری هەموو لایەنە ئەدەبیەکانی تریش دادەنرێت. شانۆی کوردی مێژوویەکی گـەش و بەرچـاوی هەیـە، مێـژووی سـەرهەڵدانی شانۆ لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارانی دێرین. بەڵام مێـژووی شـانۆی هونـەری لـە کوردســـتان ڕۆژگـــارێکی زۆری بەســـەردا تێنەپەڕیوە و دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زایینی. شـانۆی هونـەری لە کوردستان بە نووسین و وەرگێڕانـی چـەند شاعیر و ئەدیبێکی کورد وەکوو پیرەمێرد و شێخ سەلام دەستی پێکرد.

شـــاری ســـلێمانی ناوەنـــدێکی مێژووییە بۆ شانۆی هونەری لە کوردســتان، لە ساڵی (١٩٢٥) بەولاوە کۆمەڵێك شانۆی کـوردی لـەم شـارە پێشـکەش کـرا. بـەڵام نووسینی چیرۆکی شانۆیی ڕاستەقینە کەوتە ساڵانی دوایی، واتە ساڵانی نێوان سـی‌یەکان وچلەکان. تـاکوو ئەمڕۆشـی لەگـەڵ دابێـت بـرەوی تـەواو و تۆکمـە دراوە بـە چـیرۆکی سەرشانۆ. هەرچەندە ناشکرێت ڕۆڵی (ڕەفیق چاڵاك)ی هونەرمەند و (مەسەلەی ویژدان)ی

ئەحمەد موختار بەگی جاف لەو بوارە پڕ بەهایە لە یاد بکرێت.

لەم سۆنگەیەوە دەمەوێت تیشک بخەمە سەر بوونی هونەرێکی وا کە ڕاستە وڕاست پەردە لە ڕووی هەموو ئەو ڕووالّەتە ناشرینانە لادەدات، و وردبینانە هەستی واقیعناسی بەسەر دیاگۆجیەت و ئایدیالی فەرقی پێ دەکرێت. بە زمانێکی پڕ لە وێنەو ڕەنگ مەسەلەکان دەوروژێنێ. لێرەشدا شانۆ بەو پانتاییەی کە بە بەریدا بڕاوە بە تەنیا وەك تێکستێکی شانۆیی و کارێکی هونەری سەیر ناکرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا تێکستێکی ئەدەبی و هونەریشە. هەرچەندە نووسینی ژانرێکی وەك شانۆنامە دەگەڕێتەوە سەر خولقێنەری ڕووداوە زیندو کارەساتە پڕ مەینەتییەکان، کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا پەیوەست دەبێت بە شێوازی ئامادە کردن و دەرهێنان و گەیاندنی بیری سەرەکی چیرۆکەکە لە شێوەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ دا. دەتوانین بڵێین هونەری نمایش کردنی شانۆ بەر لە چەند ساڵێك بە شێوازێکی کلاسیکانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا" بەڵام دوای بە خۆداچوونەوە و نواندن، گەیشتە قۆناغی کە گەشە بەئاراستەی درامی و بیری چیرۆکەکە دەدات و ئەدەبی هونەری نواندنیش تەواوکەری ئەدەبی شانۆکەیەتی. تەنیا بۆ ئەوە نیە بخوێنرێتەوە دەبێ پیشان بدرێت و ببینرێت، واتا نمایش بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت یەك ئەکتەر یان زیاتر بەشداری نومایشکردنەکە بکەن. بەمەش پێشکەوتنێکی تر لە بواری ئەدەبی شانۆیی هاتە ئاراوە.

مادامەکی شانۆ کارێکی ئەدەبی هونەرییە دەبێ لێکدانەوەمان بۆی وەك گۆمێکی مەنگ و دەقێکی بێگیان نەبێت، چونکە ئەدەبی شانۆیی وەك ڕەهەندێکی تایبەتی، خۆی تۆماری بیرەوەری و یادە زیندووەکانی مێشکی مرۆڤ دەکاتەوە. کەسەکان لەبەردەمتا دێن و دەڕۆن، بێ دەستی خۆت تێکەڵاوی موعانات و یادە شیرین و تاڵە کانیان دەبیت بەمەش دەبیتە بەشێك لە ڕووداوەکە و خۆت پێ جیاناکرێتەوە. لێرەوە ئەم هەستە گەڵاڵە بووە بە ئاکام دەگات کە هونەری ئەدەبی شانۆیی هونەرێکی ستاتیك و بێ گیان نیە، بەڵکوو جولێنەرە.

# کوردستان
## لە تابلۆیەکی هونەری شیعر ئامێزدا



زۆر جار ئەدەب و هونەرەکانی تر کار لە یەکتر دەکەن و تێکەڵ بە یەك دەبن و بەناو ناخی یەکدی قووڵ دەبنەوە بەیەکەوە سیمایەکی جوانی دەبەخشن و لە هەموو دیوەکان خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی دەبێت و سەرەنجام هونەرێکی بەرز دەخولقێنن کە تام و بۆن و ڕەنگی جیاواز تر ببەخشێ. ئەم وێنەیەی کە لێرەدا نیشانی خوێنەری بەڕێز دراوە بریتییە لە تابلۆیەك کە بەدەستی پێشمەرگەیەکی تازە خوێندەوار بەناوی( کەریم کاوانی )کەلە وێنەکەدا دووەم کەس لە ڕاستەوە وەستاوەو لە ساڵی ١٩٦٨ کێشراوە، وێنەکە سەرجەمی وشەکانی (کوردستان ) ی تێدا ئاخنراوەو لەژێرەوەش بە شیعر تەعبیر و شرۆڤەی وێنەکە کراوە. ئەوەی لە وێنەکە دەردەکەوێ بریتین لە "مارو خەنجەرو دەمانچەو شاخێك و دوو کەو و پێشمەرگەیەك و ئەستێرەو مانگ" کە بەم شێوەیە ماناکان دەبەخشن:

(مار) شێوەی پیتەکانی (کو) دەدات

(خەنجەر) شێوەیپیتی(ر)

(شاخی سەفین) شێوەی پیتی(س)

(دوو کەو) شێوەی پیتی(ت)

(پێشمەرگە) شێوەی پیتی(ا)

(ئەستێرەو مانگ) شێوەی پیتی(ن)

بــە کۆکردنــەوەی هــەموو پیتــەکان نــاوی (کوردستان) دروست دەبێت.

لە ژێرەوەی بە شیعر تابلۆکە لێکدراوەتەوە، بەم شێوەیە:

**لە بریتی پیتی (کاف و واو) مارە**

**زۆر چــالاك و ژەهــردارە**

**لە ڕووی دوژمن وا لە کارە**

**ناحــەز ئــەکا پارە پارە**

* *

**لە بریتی پیتی(ڕێ) خەنجەرە**

**دروشمی کوردی کۆڵنەدەرە**

**لە کالان نییــەو لــە دەرە**

**ئامادەکراوی داگیر کەرە**

* *

**لە بریتی پیتی(دال) دەمانچەیە**

**زامن نەکراو و ئامــادەیە**

**نیشانی گرتووە لە دوژمن**

**تاجی ئەکا ســـەرنگوون**

**لە بریتی پیتی(سین)ە کێوی سەفین**

**کەوا بە خوێنی لاوان دەبێ ڕەنگین**

**لە هێمنی سەیرانـــگایە**

**لە تەنگانە پشت و پەنایە**

* *

**لە بریتی پیتی(تێ) یە ئەم گردۆلکە**

**کەوا دوو کەو لەسەری قاسپە ئەکا**

**کەویش بوولبولی کوردانن**

**گەلێ جوان و خنجیلانن**

* *

**پێشمەرگەی دلێر لە بریتی پیتی(ئا)**

**زۆر چالاکەو هەوڵ ئەدا**

**پاسەوانی کوردستانە**

**تانەی چاوی دوژمنانە**

* *

لــە سووچــێکی وێنەکــەدا لــە کۆپلەیەکـدا پێناسێکی دروشمە تابلۆییەکە نووسراوە:

**ئەم دروشمەی کە ئەیبینی**

**زۆر سەرنجی تیا ئەبینی**

**ئەمە وێنەی کوردستانە**

**کەوا خاکی ئەژدادمانە**

**خۆشەویستی دڵ و گیانە.**

**وێنە: ڕەزاق کاوانی**

# نامەیەکی شاکر فەتاح بۆ جەمشید حەیدەری

سولەیمانی:

١٩٧٧/٣/١٦



شاکر فەتاح

برای خۆشەویست

کاك جەمشید

ڕۆژباش. جەژنی نەورۆزت پیرۆز بێ.

دوێنێ نامەکەتم پێگەیشت کاکیشت

لە پێش نامەی تۆدا هاتە لام و لەو

بارەیەوە قسەی لە گەڵدا کردم .

ئەمە وەرامی پرسەکانتە:



**د. جەمشید حەیدەری**

١-شاکر فەتاح لە ساڵی ١٩١٤ دا لە سولەیمانی دا، لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی لە سولەیمانی خوێندنی باڵای لە بەغدا تەواو کردووە. لە ساڵی١٩٣٦ دا لە زانستگای ماف دەرچووە.

٢-یەکەم چیرۆکی خۆم لە گۆڤاری ( دیاری لاوان) دا، لە ساڵی ١٩٣٤ دا بلاۆکردەوە. ناوی چیرۆکەکە ( ژینێکی بەرز) بوو. هەتا ئێستاکەیش (٢٢) چیرۆکی خۆم بلاۆکردۆتەوە، هەروەها (٨) چیرۆکی کەسانی تریشم لە عەرەبییەوە گۆریوتەوەتە سەر کوردی و بلاۆم کردونەتەوە. گەلێك چیرۆکیشم نووسیوەتەوە بەلاّم هێشتا بلاۆنەکراونەتەوە.

ئەم چیرۆکانە لەم گۆڤارو نووسراوانە بلاۆکراونەتەوە: گۆڤاری دیاری لاوان/١٩٣٤، نووسراوانی شەبەنگە بەڕۆژ /١٩٤٧، ژینی نوێ /١٩٥٩، هاوڕێی منالّ/١٩٤٩، گۆڤاری ڕۆژی نوێ/ ١٩٦٠،

گۆڤاری وەرزی یەکەمی ڕۆشـنبیری لـە زانکـۆی سـلێمانی/ ١٩٧٣، گۆڤـاری گەلاوێـژ(١٩٣٩-١٩٤٩). ئەو چیرۆکانەی پەرچڤیشم کردوون و بلاّو م کردوونەتەوە ئەمانەن:

نووسراوی خانووی تازە(چیرۆك بۆ مندالاّن) / ١٩٣٣. نووسراوی چـیرۆك بۆمنـالاّن (٨چـیرۆك)/ ١٩٣٥.

٣-خۆشیم لە چیرۆکەکانی (شکسپیر) و (شارلۆك هولمز) و (چۆنسـۆن) دی و کـەڵکم لێ وەرگـرتن، لە(خەوما) ی ( جمیل صائب ) و (مەم و زینی ئەحمـەدی خـانی) یـش کاریـان زۆر تێکــردم و کەڵکیشــم زۆر لێ وەرگــرتن. ئەمانەم هەمـوو خوێندبووە، ئنجـا دەسـتم بە چیرۆك نووسین کرد. یەی هەرەبەرز، لـە چیرۆك نووسینی کوردیدا، بـەلای منـەوە، (ئەحمەدی خانی) هەیەتی.


Cemşîdî Heyderî

داخەکـەم لــەو بەرهەمانــەی خــۆم، لــە دانەیـەکم زۆرتــر نــەماون. لەبــەر ئــەوە پێویستە لە نووسراوخانەکەمدا بپـارێزرێن و نەچــــنە دەرەوە. بــــەلام لــــە نووسراوخانەکانی گشـتی ی سـولەیمانی و هەولێر و زانکۆی سـلێمانی و مۆزەخانـەی سـولەیمانی و کـۆڕی زانیـاریی کـورد و خوێنـــدنی کوردیـــدا دەســـت دەکـــەون. دەتوانیت بە سایەی هاوڕێ یەکتـەوە بـۆت بنووسنەوە، یاخود(مایکرۆفیلمی) بگرن.

٤- (محمد علی کوردی) ناو دوانن. یەکێکیان ئەفسەر بوو لە لەشکردا، یەکێکیشیان مامۆستا بوو نازانم کامیانت مەبەستە. مامۆستاکەیان لە ساڵی ١٩٣٤ دا چیرۆکێکم دی لە ( دیاری لاوان) دا بڵاوکرابووەوە، بەڵام بۆ مێژووی ژیانی هەردووکیان، داخەکەم، هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت.

ئیتر ئەمەندەو داوای سەرکەوتنت دەکەم لە (نامەی دکتۆرا) کەتدا. هەربژیت بە خۆشی یەوە برام، هەموو دەم ئامادەم بۆ یارمەتیت، ڕێزو سلاوپێشکەشی مامۆستا(قەناتو کوردۆ) دەکەم.

دڵسۆزت

**شاکر فتاح احمد**

"خاوەنیپرۆژەی خوێندەواری کورد"

**لەساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧، لەو کاتەی نامەی دکتۆرام ئامادە دەکرد، چەند نامەیەکم ئاراستەی ژمارەیەك لە نووسەرانی کورد کرد دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانیان، هەندێ لە وەڵامی ئەو نامانە، لەنێو چوون، بەڵام هەندێکی تر پارێزراون لەوانە نامەی شەهیدی نووسەر شاکر فەتاح، لەسەر داخوازی گۆڤاری "سابات" وێنەی نامەکەم بۆ ناردوون، هیوادارم وەڵامی نامەکانی تریش لە دەرفەتی ڕەخساودا بڵاو بکرێنەوە.**

**جەمشید حەیدەری**

سوپاس و پێزانینێکی بێ پایان بۆ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە
کە لە دەرچوونی ئەم ژمارەیەی سابات، هاوکارییان کردین

- بەڕێز د. محەممەد سدیق خۆشناو، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین.
- بەڕێوەبەر و کارمەندانی چاپخانەی زانکۆ.
- ئاسۆ مامزادە.
- ڕێبین فەتاح ـ شێرزاد محەممەد ـ هیوا حاجی.

هەروەها منەتباری ئەو بەڕێزانەی خوارەوەین:
- ئاراس خدر ـ عومەر عەبدوڵڵا ـ دلێر عەلی.